شێرزاد هەینی

# کاکە، ئەبوئیسماعیل

سوید/ ئابی 2001

©Kurdistan Nêt

*پێشکەشە...*

## بە باوکم،

زۆر شەیداوماندوو بوو، تا ئێمە خوێندەوار بین .

©Kurdistan Nêt

## پێشەکی:

کۆششی یەکەم، لەلای من بۆ نوسین، ناونانی بابەتەکەیە. ناونان زۆرم ماندوو دەکات، کەناوم لێنا، سەرەتایەکی باشە. هەست دەکەم نیوەی کارەکەم تەواو بوە. من لەناوەکەوە دەچمە ناو ناوەرۆکەکەی. من لەناوەکە، پاڵەوانەکان دەخەمە کارو بەئیشیان دەخەم. ناوی نوسین، واتە سەرچاوەی کارەکە. ناونان دەروازەی چونە ژوورەوەیە. ناوەکە دەبێتە قالبو لەچوار دەورەی دەسورێیتەوە. ناوەکەلەسەرووی هەموو لاپەرەکان دەنوسرێت. ناوەکەو بڕیاری ناونان، هەتا کۆتایی کارەکە تەریبی قەڵەمو هزرو کارەکەیە. ئەم کارە، دوێنی زۆر کۆن و ئیمرۆی زۆر نزیکە، دوو حاڵەتی ئاوارەبوون، دوو دابڕانە. یەکێکیان، ڕۆیشتو لەبیرچوو. دووەمیان، بەردەوامە. یەکەم، کەم و دەگمەن لەسەری نوسراوە. دووەمیان، زۆری لەسەر نوسراوە، زۆرتری دەوێت، چەندی لەمەڕ بنوسرێت، کەمە. بەیەك پاڵەوانو بەچەند دیمەنو هەزارەها هەوارو حاڵەت، تەواو نابێت. پاڵەوانەکە، کەسەکە، بابەتەکە، تەریبی ئەوەی ئیمڕۆیە. هەردوو حاڵەت، تاڵو شیرینە. تاڵەکە شیرینی تێدایە. شیرینەکە، تاڵی بەتامو شیرینی تێدایە. بۆ تاڵی قبوڵ دەکەن، ئەوەی لەبەرچاوەکەیە شیرینەکەیە. شیرینیش، هەرچەند شیرین بێت، ڕەگی تاڵی هەر هەیە. بەڵام مرۆ خۆی لێ گێل دەکات.

یەکەم ئاوارەبوون. یەکەم جار کەکورد ماڵو حاڵو دەستگیرانو کۆڵانو گوفەكو مامۆستاو تەختەی ڕەشی جێهێشت. یەکەمو دووەمو هەر ئاوارەبون، بەدەستی خۆت نییە. کەشەڕ هەڵگیرسا، یەکەم تەقە زرمەی هات...!! کەیەکەم جار حکومەت، گوندی لەئاسمانەوە بۆردومانکرد. تەڕو وشکی بەیەکەوە سوتاند. کەحکومەت، لەکورد ترسا. کەزیندانەکانی مشتکرد. کەجاشی قەیدکرد. کەشاخ بووە سەنگەرو هەواری یاخی. لەو ڕۆژەوە، ئاوارەبونو گواستنەوە دەستی پێکرد.

دووەم جاریش کەشەڕ بەردەوام بوو. کەشەڕ ناوی گۆڕا. کەشەڕی ناوخۆو شێوەی تازەی شەڕو شەڕی بەکۆمەڵو شەڕی ئابووریو شەڕی پارە لغوکردن، شەڕی تەقاندنەوەو شەڕی چاندنی ملیۆنەها مین ئاشکرابوو. کاروانی کۆچی دووەم سەری هەڵدا. منیش ناچارم دێری بیرەوەری تاڵی نامۆو دەردەسەری، چاوەڕوانی ئاوارەبونەکان، ئاوارەیی بنوسمەوە.

ئاخاوتنی ناو نوسینەکەمو دووانی کەسەکانم بەزمانی ڕۆژ نوسیوە. هەوڵم داوە، لەزاراوەی ناوچەیی دوور بکەومەوە. ئەوەش خوێندنەوەی بۆ خوێنەران ئاسانتر دەکات. وەنەبێ زاراوەی دیالیکتەکانم پشتگۆی خستبێ. یان بۆ من زەحمەتبوو، بتوانی بەزمانی شێستەکان، بەزمانی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان بدوێم. دوێنم نوسیوەتەوە، بەڵام بەزمانو ئاخاوتنی ئیمڕۆو بەزمانێكو ڕێنوسێکی نیمچە یەکگرتوو.

ئەوەش وەك نوسینەکانی ترم، نازانم ڕۆمانە، یان ڕیپۆرتاژە. گێڕانەوەو تۆمارە، یان بیرەوەرییە. هەرچی ناوی بێت. ڕۆژانەیەکی ڕاستو تاڵی، دوێنێی چەند خێزانێکە. سێساڵی گوزەرانی تازەو نامۆیانە، لەخوارووی عیراقی شێستەکان.

# کاکە، ئەبو ئیسماعیل ..!

شێرزاد هەینی ــ سوید
heinisherzad@hotmail.com

شەڕی دوو برا. شەڕی نێوان دوو جیران. شەڕی نێوان دوو کێلگە لەسەر ئاوو سنوورو پەرژین، بەئاسانی کۆتایی نایەت...!! ئەدی شەڕی حکومەتو پێشمەرگە. چەتەو عەسکەر، ئاغاو دەرەبەگ.. چۆن تەواو دەبێت. شەڕ ئاسانو زوو بەرپا دەبێت، بەڵام زۆر بەزەحمەتی ئاگرەکەی، دەکوژێتەوە. دووکەڵەکەی، باو زریان دووری دەخاتەوە. هەموومان وامان دەزانی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق ـ ئێران، هەر هەشت ڕۆژ، یان هەر هەشت هەفتە دەخایەنێت. زۆر بڵێیت، با هەشت مانگ..! نەك هەشت ساڵی بێ پسانەوەو نوچەو راوەستان دەبێت. هەزارو هەشت سەدو هەشتاو هەشت بەیانی سەربازی، هەر لەلایەن عیراقەوە دەردەچێت.

شەڕ، ئاگرە هەر کەلەسینگی وشکی پەرێزی وشك بەربوو، بەئاسانی بەبێ زیان ناکوژێتەوە. شەڕی کوردان، شەڕی چەمی رێزانو بادینان، زۆری خایاند. بیستو دوو رۆژێك نەبوو..!! بەسوتانی گوندێك، بەتاڵانی قەراجو نانوسینی جاشی عەماشو بڕینەوەی سێزدە دینارەکەی مانگانەکانیان، ئابلۆقەی توندی سەر گوندەکانو.. تەواو نەبوو. زۆری لەدووهات. عەشیرەت بەگوندو مەڕو ماڵاتو ژنو مەڵاکانیانەوە بوونە پیاوانی حکومەت. دوو بەرەباب، بوونە دژی یەك. نایب عەریفو ڕەئیس عورەفاو نایب زابتو ئەفسەری پلەدار لەئۆردوگاکانی حەبانیەو وەشاش هاتنە ناو ڕێزەکانی شۆڕش. مامۆستاو مەلای مزگەوتەکانو پۆلیسو کرێکارانی مەحەتەو شارەوانیەکانو جابیو... گواسترانەوە خوارووی عیراق. ئەوەی لەژیانی خۆیدا پردێو کەلەکی یاسیناغای نەدیبوو. گەیشتە دیوانیەو ناسرییەو سەماوەو دەغارە.. ئەوەی دشداشەو عەگالی سەریانی، بەس لەسەری خوێ فرۆشەکان دیبوو. ئەوەی حوشتری نەدیبوو. ئەوەی بێجگە لەسورەتی فاتیحەو قول هو الله احد، وشەی تری زمانی عەرەبی نەدەزانی. کەوتە ناویان، گەیشتە عەرەبستان. بەیەکجاری خۆیو ماڵو مندالەکانی باریانکردو ڕۆیشتن. شەڕە، دوارۆژی نادیارو بزر دەڕەخسێنێت. لەبەغداو شارەکانی تر خوارووی عێراقەوە کوردان هاتن بوونە پێشمەرگە. هەر کوردیش لەبەر ئەم شەڕە، گواسترانەوە خوارووی عیراق.

هەموو کەلوپەلی ماڵەکەیان یەك دوو پرێسکەو یەك پاشۆڵ دەبوو. نەك ئەوان، ئەوان لەخەڵکی تریش زۆر باشتربوون. کۆڵانەکەیان، چۆن یەك شێرەی ئاوی بەلوعە لەسەری سەرەوەیان هەبوو. چۆن یەك کەسیان هەبوو نامەی بۆ هەموو کۆڵانەکەدەخوێندەوە. یەك کەسو بەس دەیزانی یاسینی سەرەمەرگ، لەسەر ڕووحدانیان بخوێنێ. چۆن لەم کۆڵانە دوورو درێژەدا یەك کەس قەڵەمتاشی هەبوو، بەنۆرە قەڵەمی بۆ منالانی گەڕەگێی دەتاشی. ماڵەکانی ئەو گەڕەگەش، بەیەك قەلاب، بەیەك عارەبانەی گیشە هەڵدەگیرا، دەگواسترایەوە. نەك ماڵی ئەوان، هەر هەموویان ماڵو حاڵیان، جلوبەرگو قاپو قاچاغو نونو دووگردو لبادیان یەك باوەش دەبوو. زەخیرەو گەنمو برێشکەو ساوەرو بروشیان قونکە فەردەیەك بوو. گواستنەوەو بارکردنو ڕۆیشتنیان ئاسان بوو. دەلالو کۆڵهەڵگری نەدەویست، ڕۆیشتنو بارکردن، بێجگە لەفرمێسكو سوتانو ماڵئاواییو ترسی ڕێگاو ترسی گومبوونو نامۆیی هیچی تری نەدەویست.

مەعاشەکەی کردبووە دوو بەش، بەشێکی دەناردەوە. بەهەزار دەست ماچکردنو دوودڵیو چاوەڕوانی، نیوەی دەگەیاندە منداڵەکانی. نیوەکەی تریشی بۆ مەسرەفی خۆی، بۆ نانو ئاوەکەی، بۆ موسو سابوونو جارجار خواردنی نانی دەرەوەو.. ئەوەیان باش بوو چایخانەکانی نزیك مەرکەزەکان پارەی چای لێ وەرنەدەگرت، ئەگەر بۆی نەدرابایە، ئەوە خاوەنەکەی دەیکردە عایدی خۆی. خۆشیان دەویست، بۆ وردە ئیشێکی ناو مەخفەرەکە بەکەڵکیان دەهات. چاپووك بوو. ئازایانە ڕاسپاردەکانی بۆیان ڕادەپەڕاند.

لەو دەڤەرە گەرمە، لەو وڵاتە نامۆیە. لەترسی ئەوەی شەوێك، لاشەی کوڕە سەرۆك عەشیرەتێك بێتەوە ناوچەکە، ئەوانیش لەتۆڵەی ئەوەوە سەری چەند کوردێك ببڕن. دڵی گچکە ببۆوە، ئەویشی کردبووە دووبەش. بەشێکی بۆ

هەناسەو خوێن هێنانو خوێن بردن، تا هەست بکات دەژیو لەسەر دونیا ماوەو دەژی. بەشەکەی تریشی بۆ گوندو شارو منداڵەکانی بوو.
سێ ساڵی بەتەنیاو بەبرسیەتیو پیسو پۆخڵی بەسەربرد. لەم ناحیەیە، بۆ ناحیەیەکی تر. لەم مەرکەزە بۆ مەرکەزێکی تر، لەقاوشێکی پیسەوە بۆ یەکێکی تر. لەکن مەئمور مەرکەزێکی تروهات، بۆ لای یەکێکی سەگباب تر. یاتاخەکەی هەر لەسەرشان بوو. توندی دەپێچاو. بەپەستو بەپیکەبی مەرکەزان دەگەڕا.

لەگەڵ تەواوبوونی ساڵی خوێندنی منداڵەکانی، سێ ڕۆژ مۆڵەتی وەرگرت. بۆ هەردوو سەری بێ ڕاوەستان، بێ نەفەس. بۆ چونو هاتنی. لەشامیەو لەوێش بۆ ئەبوئەلسخەیر، بۆ نەجف. ئەوەندە بەپەلەبوو، نەیتوانی سەردانو زیارەتیش بکات. وەك ئەوان، شیشەکانی مەرقەدەکە بۆ مراز بهەژێنێ. لەنەجەف بۆ کوفەو کفلو حلەو بەغداو لەوێش بۆ هەولێر. هەر گەیشتەوە ماڵێ، خێرا جلە پۆلیسیەکەی بۆ شوشتنو بۆ ئەوەی زوو شەڕواڵوکورتەکەکەی لەبەر بکات، کۆنە جەمەدانیە بەگورینەگەکەی لەسەری بئاڵێنێت، لەبەرکردەوە.
بەیانیەکەی زوو چوە ناو توتنفرۆشەکان. لەخۆشناوێکی کۆنە برادەری، یەك دوو هۆقە توتنی بۆنداری کڕی. حیسابی خۆی چاك کردبوو، بەقازانجی ئەو توتنانە، کرێ سیارەی هەردوو سەری دەردەچێت. توتنەکەی لەکیسەیەکی چیمەنتۆ کرد. کەبەهەویرو بەجۆرەها شێوەو قەبارە دروستدەکران، ژنان دەیانفرۆشتە دوکاندارەکان. گەڕایەوە ماڵەوە. توتنەکەی هەڵڕشتو بەکەمێك ئاو، چین چینی بە ڕشاندن تەڕکرد. جوان پەستایو لەدوو جۆڕکی کردن. ئەوە ئیشی دووەم جاری بوو. پاریش کەهاتبۆوە توتنی بردبوو. ئەگەرچی یاساغیش بوو، بەڵام خێری هەبوو.
نازانم نهێنی قاچاغی یەك دوو هۆقە توتن چی بوو..؟؟
دەبێ ئەوان ئەوکات بیریان لەوە کردبێتەوە بازاڕ بۆ جوتیاری کورد نەدۆزنەوە..؟؟
دەبێ لەو ڕۆژانەوە حەزیان بەبازاڕی گەشاوەو ئاوەدانی گوندو باخچەی کورد نەکردبێت....؟؟
توتن هەر بەزریانی شەوان بۆندار دەبێ، هەر ژنو پیاوی کورد دەزانێ توتن بچێنێنتو ئامادەی بکات. ئەوان دەزانن و فێرن، چۆن وشك دەکرێتەوە، ئەوان بەرەنگی گەڵاکانی دەیناسن، ئەوان شارەزان وشکی بکەنەوە. چاندنو بازرگانیەکەی تایبەتە بەکوردان. کەگەشەی کرد، کەجوتیار قازانجیکرد، بازاڕ یان خۆش دەبێت. بۆیە حکومەت، قەدەغەی دەکرد. ئاغاکانیش لەلایەك جوتیارەکانیان لەو کێڵگانە دەچەوساندەوەو مەئمورەکانیش بەشیان دەویست، بۆیە ئەو کارە بۆ جوتیاران خێری نەدەدایەوە.

سەرێکی لەدوکانەکەی حاجی واحید دا. قەرزەکەی لەگەڵ یەکلاکردەوە.
(خالید، بەتەما نین لەو نزیکانە بێنەوە...؟).
(حاجی لەشەکرمان پێ خۆشترە.. بەو هەوایە دەژیین لێرەوە دێت. بەڵام دەستەڵاتمان چییە.!! ئەوە حکومەتە، بەعارەبانە کەروێشك دەگرێت.. لەدەمی حەزیادا دەژیین، هەتا لێ ڕاهاتین، هەتا فێرە زمانو خواردنو مەزاجیان بووین، شێتو هار بووین.. ئەوان وەك ئێمە نوێژ ناکەن. لەنوێژا دەست ناگرن، وەك ئێمە دەستنوێژ ناگرن. وەك ئێمە شەهادە ناهێنن. بێ دەرپێن. پێخواسن. ئەلحەقە چاوتێرو ناندەرن.. زۆریان قەدری لاییدەی وەك ئێمەمان دەگرن. شیوعیەکانیان لێمان دێنە پێش، قسەی خۆشمان بۆ دەکەن. لەبەر ئەو وردیلانە رایدەکێشین..!! دارێکمان لەدەستە هەردوو سەری بەگوە..!! فیرار دەکەی دەبی بچیتە سەرێ، سەرێش..).
(ئەوێ هەر مەڵێ.!!).
(حاجی، کەزەلیلی منداڵەکانی عەریف سەلیمم بینی. گوتم، هەڵەتەی دوورتریشم کەن، لەوە زیاتر ئەشکەنجەم دەن، فیرار ناکەم. مانگانە مەعاشەکەمان هەیە، منداڵەکان هەر دوو سێ ساڵی تر دەگەنە شتێ، خوێندنی ئەوا بەهیچ نادەم..).

حاجی ماوەیەك بوو هەڵاتنو گواستنەوەو دوورخستنەوەی مەعاشخۆرەکان، سەرقاڵی کردبوو. ئەوەی مەعاشخۆربوو. مانگانە، پێش ئەوەی بچنەوە ماڵەوە. دوو کۆڵان، پێش گەیشتنەوەیان، لایان دەدایە دوکانەکەی ئەو. مەلا برایم، دەفتەرە گەورەکەی قەرزارانی دەهێنایە پێشیان. بەسەر ی زمانی قەڵەم قۆپیە کورتە باڵاکەی تەڕ دەکردو حیسابەکەی دەکرد. مەلا برایم، خوێندەواری ئێسکسوکی تاقانەی کۆڵانەکە بوو. نوێژکەرو خاوێنو لەسەرخۆبوو. حاجی، هەر زوو ئەوی گرتەخۆو حەواندیەوە، ئەویش لەبرسانو لەبەر دەستکورتیان، بەهەموو شتێ ڕازی بوو. لەو قەراجە وشکە، بەسەر کۆتی، بەپێخواسی دەرکرابوون. خوێندەواریەکی چاکی هەبوو. کتێبی کوردیو ئەمیر ئەرسەلانو مەلای مەشهورو ئەلف لیلەو لیلەو فری فری قەل فریو یاسینو قورئانیشی دەخوێند. حاجی دوو جار بەمەلای دەگووت،

چاکت ژمـاردووە. روونەکـەت نوسـیوە، قالبە سابوونەکە، دوو موس، پێنج جام ماستو دوو جام دۆشاوو تەحین....
هەمووی لەبەربوو. ئەو لەدەفتەرە بەرگ رەقەکەی نوسیبوو. ئەویش لەمێشکی، لەلاپەڕەی ئالۆزی هزری. مێشکی بن جەمەدانـیەکەی دەفـتەرو قەڵەمو تاقەکانی دوکانەکەو کۆڵانەکەی گەڕەگی تێدابوو. ماڵ ماڵی دەناسی، چیان بردووە، چـەند قـەرزارن. بەشـت، نـەك بـەژمارە، هەمووی لەبەربوو. حاجی، لەدەشتی هەولێر هاتبوو، بەختی وای نوسیبوو، ئێسـتاش نهـێنی ئـەوەم نـەزانی چـۆن کـە پارچـە زەویـیەکەیان بۆ هەر چوار براکەی لەمامەند ئاغاو ئامۆزاکانی بۆ دووچـاوە خانوو کڕی، توانی کیژەکەی بخوازێت. دەبێ لەبەر ئەوە بوبێت، کیژەکە ئەوەندە زەریف نەبوو، کوڕە ئاغاکان بـیخوازن. یـان لەبەر ئەوەی چوار برای چوارشانەی خاوەن چوار دینـاربوون. حاجی بوە زاوای خاوەن مولکی گەڕەگەکە. ئەوەی مەعمیلی ئەو بوایە، ئەوەی بووزو ماستو سابوونی لەو کڕیبایە، کرێ ژووری حەسارەکەی کەمەتر بوو. ئەوەی مانگانـە قەرزەکـەی دابایـەوە، سـەرکارەکە لەبەر خاتری ئاغاژن قەدرو رێزی زۆرتری دەگیرا. ئەوانەو لەبەر زۆرزانیو قسـە خۆشـیو ئـازایی لەمامەڵـەو کـڕینو قـەرزدانو دەسـتپاکی مەلا برایمو یەك دەستی دوکانەکەی حاجی واحید هەڵسـا، ورگـی نەدەکـرد، بـەژنی بەرزتـر دەبـوو، خاوێن نەدەبوو، بەڵام جلوبەرگی پوختەو قایمتری هاوینەو زستانەی لەبەردەکرد.

هەفـتەیەك بوو ماموستا مەلا حەمید، چەورترین، باشترین مەعمیلی بەردەوامو قەرزدەرەوەی مانگانەی حاجی واحید گواسـترایەوە ناسریە. ئەو بەتەنیا نەڕۆیشت، ماڵو منداڵەکانیشی لەگەڵ خۆیدا برد. عەریف سەلیمو مەجید، بەجوتە هەردووکـیان یـەكو تفـەنگی ئینگلـیزیان بـردو رۆیشـتن. ئـەو دوو پیاوەشـی لەدەستچـوو، لەسـەر مەعاشەکەشیان نەوەسـتابوون، قەرزەکەشـیان لـەلای مەلا برایم یەکلانەکردبۆوە. وا ئەو هەفتەیەش خالیدیش منداڵەکانی دەبات. کێ دەمینێـت، خەڵکی ئێرە، نانیان نییە بیخۆن، چییان هەیە، ئەوەی لەگوندەکان بۆیان نێت، ئەوەی ساوەری بۆ نەکرێت، ئەوەی جامە ماستێکی بۆ نێت، ئەوەی باراشێکی بۆ نێت، هیچان نییە بیخۆن.

کەدەڵـێن: نانـیان نیـیە بیخۆن راستە. سێریان ساردە، ئاگر لەماڵیان ناکرێتەوە، مشك لەماڵیان کلکی بەئارد نابێت، ئاگـر لەماڵـیان بەربێـت بـۆن سـوی لێنایەت. کەدەیانگووت، نانیان نییە بیخۆن، راستیان دەگوت، وەك ئێستا نییە، نانـیان هەیـە، بـەڵام زۆری تـری پێویسـتیان نییە. هەژارو نەداری ئیمڕۆو دوێنی جیاوازی زۆری هەبوو. لەکێیان بێ، تاکەسەرچـاوەی بـوون و ژیـانو پێخۆر، ئەوە بوو لەئەرزا بەباران دروست دەبوو. باران، داهاتو بەرهەمی دیاردەکرد. بارینی بارانو هاتنی نەبەئازایەتیو نەجیبزادەییو کارو کۆشش بوو.
مـەلا بـرایم، بۆ هەر خێزانێك لاپەرەیەکی کردبۆوە، بۆیە بەقەڵەم قۆپییەش دەینوسی، تا بەکەس رەش نەبێتەوە. کارو ئیشـی زۆر زەحمەتـبوو. حیسـابی جـاران زەحمەتـبوو. حیسـابی فلـسو دەفلسو پێنج فلسو دەفلسو درهەمو ئینجا دیـنارێك دەهـات. ئـەوەش حیسابی زۆری دەوێت. ئەو هەمەوو حیسابە وردەی مەلا برایم ئیمڕۆ بوایە دەبوایە رۆژانەی زۆر بوایـە. رەنگـە حـاجی واحـیدیش مانگانـە ئەگـەر یەك دوو درهەمی دابوایە. کاك واحید، نەچوبوە حەجو ماڵی خـودای نەدیـبوو، کەدەوڵەمەندبوو، کەزاوای ئەوان بوو، واتە حاجیو ئاغا. بەرۆژووبوون لەسەر هەژارو دەوڵەمەندانە. بـەڵام چـوونە مـاڵی خودا، تەنیا لەسەر دەوڵەمەندان بوە، جا ئەگەر دەوڵەمەند بوبیت، ئەوە هەر دەچیتە حەج، بۆیە لەبـەر پـارەو بـۆ نـازی ئاغـاژنو لـەرقی ماڵە خەزورانیو یەکسانیکردنی بەوانو لەبەر لوتفی ئاغاژن بەواحیدی نوێژ نەکـەریان دەگـووت حاجی. بڕوا بکەن نوێژی نەدەکرد، لەبەر بێدینیو ئیلحادیو شیوعیەتی نەبوو. ئەو دەمە هەمەوو کـەس نە نوێژیان دەزانیو نەسورەتی فاتیحەیان پێ لەبەر دەکرا. نوێژ نەکردنیش ئەوەندە عەیبو شورەیی نەبوو. هەتا بـۆ پـیاوانی تەمـەن گـەورەش. ئـەوەی عـەیب بـوو، درۆو دەسـت پیسیو دامێن پیسیو بوختان وحیزیو دزی بوو. دەیانگوت، فلانە کەس جاران دزی فلانە کەس بووە، ئەوەی تر چاوی حیزە، ئەوانە عەیبو شورەیی بوو، نەك..

حاجی واحید، لەچاو ماڵە خەزوورەکانی هیچی نەبوو. بەڵام، خەسووی لەپشت بوو، ئەویش مولکەکانی، خانووەکانی، ژوورەکـانی حەسـارە گەورەکـەی، کرێچـییەکانی، بەکاردەهێنا. ژنەکەی حەمیدۆکی ئازاو پیاوانە هەڵکەوتبوو. شەوو رۆژ راوەسـتانی نـەبوو، شـەرمی نەدەکـرد، لەپشـتی رادەوەسـتا، دوکانەکـەی هـەڵدەبژارد، تەماتـەی کاڵو گەییوی لەیـەکتری جیادەکردەوە، ماسـتی تـرشو شـیرینی دەناسـی، بـاری لەکۆڵهەڵگـرەکان وەردەگـرت، بووزەکـەی جوان دادەپۆشـی، ئـەوەی رۆژی گەیشـتبایێ سێبەری بۆ دەکرد، ئەوەی دڵۆپەی لێدابایە دایدەپۆشی. سابوونی حەلەبو هی یەزیدیـەکانی بەعشـیقەی دەناسـیەوە، نـرخی جیای دادەنا، سابوونی لۆکسو جەمال، شقاتەی ئەمینو سێ ئەستێرەی دەناسـی. کەواحید ژنە دەوڵەمەندێکی هێنابوو، پێیان دەگووت، حاجی، دیارە ژنەکەی کەسەرچاوەی نازناوەکەی بوو، بەویشـیان دەگـووت، حـاجی. کـڕیارەکانی حـاجی واحـید، لەسـەرێکی تـریش زۆرتـر لەبەر خاتری ژنەکەی دەهاتن،

هەموویان دەیانگووت، کیژی دایکیەتی، مامەڵەی خۆش بوو، هەر گنەی دەهات، هەر گنەی بهاتبایە، دەیانزانی رازیە بەقەرز شتیان بداتێ، تەرازووی هەر بەلای کڕیاربوو، بووزەکەی لەلای ئەستورەکەدەبڕی، ماستەکەی لەلای پەیتەکەی تێدەکرد، شقاتە پڕەکەی دەدا، سابوونی نەشکا. لەگەڵ ژنان ژن بوو، لەگەڵ پیاوانیش پیاوانەیە دەجولایەوە. کرێچیەکانی حەساری باوکی لەسەر چاوان دادەنا. ئەوەی جارێك هاتبایە، دەهاتەوە. لەدوورەوەو لەبەر قسەی خۆشو مامەڵەی خۆشیان بۆ کڕین دەهاتن. شتیان خەسار نەدەبوو، هیچیان نەدەڕزی، تەڕەیان بۆگەنی نەدەبوو، قەندی وان شیرینتر بوو، چایان رەشتر، بووزیان ساردتر، بەفریان کەللە تەزێنترو سپیتر، لەو سەفینە دەهات هەر رەقو پاكو شیرین بوو، مەجلیسسان گەرم بوو، پۆستی گەڕەگ بوو، نامەی عەسکەرە دوورەکانی رواندزو سپیلكو هەتا هی غزلانیو سەعدیەش لەوێ وەردەگیراوە، موختارو پۆلیسو شاهیدانو ناوهاتن لەوێ بوو. دوکانەکەی حاجی واحید، سەفارەتو بەریدو مەرکەزو تەجنید بوو، کیربڕەکان دەست بەجانتا رەشەکانیان لەوێ سەریان دەبوو.

(دەبێ نەخۆشەکەی ماڵ فلان چۆن بێ).

(رەنگە مامەند، لەئوردییەوە فیراری کردبێت، بۆیە ئەوە چەند مانگە، سەری نییەو نەهاتیتەوە).

(بارانی پشت رێ ئەوەندە زۆر بوە، ئەوجارە پەڵەی داوە).

(سەدیق میران.... کوژراوە).

(کوتاڵەکەی نازم خەیات عەمبارە سۆتاو دەداتەوە).

(مریشکەکانی پلەمامز دەردیان بەناو وەربووە، هەمووی پەلەواژ بوینەوە).

(ماستی گامێشی غانم ئاوی لەهەموو گامێشەوانەکانی تر زۆرترە).

* * *

سەیداوە، بەپێی ناوچەی میعماری سێ ئیفرازکرابوو. لەپەنجاکان، بیر لەوە کرابۆوە، ئەم گەڕەگە وەك گەڕەگە راقیەکانی بەغدای لێ بێت. رووبەری پارچە زەوییەکان لەسەرووی سێ سەد مەتری بوون. دوو روویان شەقام بوو. شەقامەکانی فراوانی دە مەتریو ناوە ناوەش بیست مەتریك بەناوەندیاندا دەهات. نەخشەکەی جوان کێشرابوو، چارێکی حکومەتی لێ دەرهێنرابوو، ئەویش بۆ خزمەتگوزارییەکان دانرابوو. پاشان گەڕەگانی رووناکی مامۆستایانو کانیو ئازادیش چاوی لێکرا، ئەوان وا جێبەجێکرا. بەڵام..!! سەیداوە، بووە گەڕەگێکی زۆر میللی. هەر سێ ماڵە جوتیاری دەشتی هەولێر، راکردووی قەراجو کەندێناوە، دەرکراوە سیانەکانی سەربەشاخو سەرگەڕانو دوبسو.. بەهاوبەشی پارچە زەویەکیان کڕی، لەنێو خۆیاندا بەگوریسو بەشەقاوو بەهەندەسە بەشیانکرد، یەك دوو ژووری بەخشتو قوڕیان هەر بەخۆیان قیتکردەوەو بەکاریتەکانی گوندیان کەلەگەڵ خۆیان هێنابوویان سەریان گرت. ماڵەکان ستارەو مێردەرەوەو دیوارو دەرگای حەوشەیان نەبوو. خانووەکان، دیواربەندو هەیوانو ناندینیان نەبوو. خانووەکان، سەنەدی دەستنوسی خاوەن ئەرزەکانیان هەبووو بەس. ئیشیان بەقۆچانی رەشو تاپۆ نەبوو، ئەوان سترو سێبەرو حەسانەوەیان دەویست. سەیداوە وەکی سێتاقان نەبوو، ئەوێ ناوچەی معماری دووی بۆ برابۆوە. زەوییەکانی لەسەرووی دووسەد مەتری بوو. لەوێ خۆشناوەکانی خۆرانو دەربەندو سوسێ روویان تێکرد. زوو بۆ خۆیان ئەرزیان کڕی، زستانە ماڵیان لەشار دروستکردبوو. ئەوان پەیوەندی گەرمیان لەگەڵ شارا زووتربوو، پەیوەندی ئەوان بەبازاڕو مامەڵەوەبوو. خانوو دروستکردن بۆ ئەوان ئاسانتربوو، پارەی کەمەتر دەویست، کاریتەو دارهەولێرو پووشو دارکۆترەیان نەدەکڕی.

سەیداوە، نەخشەی گەڕەگەکەو خانووەکان لەیەکتریان نەدەکرد. یەك کەس بەتەنیا پارچە زەویەکی نەدەکڕی. دەچونە لای یەکتری تا بەیەکەوە پارچە زەوییەك بکڕن. دوو خوشكو دوو براو دوو سێ زاواو سێ خزمی نزیك، لەیەك کۆبوونەوە، گەڕەگیان دامەزراند.

بــڕیاری کۆچو ڕۆیشتن، رازیبوونی " نەجیبە" بۆ ڕۆیشتن، کونکردنی ئاسن ئاسا زەحمەت بوو. یەك ساڵ بوو، بەتەواوی دەســتی لەخانووەکــەیان بــەربوو. دوو ژوورەکــەی تەواوکــردبوو. ژنێکی تەنیاو سێ مـنداڵی سەرو بنکە لەو چۆڵەوانە، ئاسـان نـەبوو. پیاوەکەیان هەڵەتەکرد، ئەوەندە دوور کەوتبۆوە، بەئاسانی ناگەڕێتەوە. ئەوو دایکیو براکەی دەیانزانی بەئاسـانی مەسـەلەکان ئاسایی نابێتەوەو خالید جارێکیتر بێتەوە ناو ماڵو منداڵەکانی، بۆیە بەهەمموویان پشتەوەیان داخسـتو کـردیانە ژوورێـك، خانووەکەیان بووە دوو ژوور. دیواری حەوشەیان ڕاگرت، دەرگاو قفڵیان تێخست. لەمێژ نەبوو، کەلەکەی کەوتبووە عەردی، تازە بەتازە بڕوات، زووتر بوایە، مەعقول بوو.

(من، نایێم..!!!).

(بەشەق دەتبەم) (دەستم تازە لەناو ئەو قوڕو خشتە بەربووە).

(دەستم لەگەردەنت دەنێم، دەتخنکێنم).

(ئەو خانووبەرە بۆ کێ بەجێبهێڵم، کێ پایزێ، دیوارەکان سواخ دەداتەوە، کێ سەربانەکان دەپەستێتەوە..!؟).

(ئەدی دایکتو برات، لەناو نابن..!!).

نەجیـبە" کـورۆ" و" تـورۆ"ی نـان دەداو هەتا لەگامێشەکانو کەندەکەی دووری دەخستنەوە دەستی رادەکێشان. بۆ مەکـتەبی "ئـولا"ی بـەڕێ دەکـردن. لەهاتـنەوەیان دڵی پێوە نەبوون، هەردوو کوڕە خوشکەکەی لەوان هەراشتربوون، لەوانـیش گەورەتـر "عـەلی سـوور" یان لەگەڵ بوو. لەوان گەورەترو زیتتر بوو. لەبەدبەختی دایکیان ئەوان دوو دەوام بـوون. پـاش نیوەڕۆ، دوو دەرسیان هەبوو. مەکتەبەکەیان، لەبەر قەسرەکانو خانووە حکومیەکانو ماڵە مەئمورەکانو بوونی چەند ماڵە ئاغایەك لەو ناوچەیە، مەکتەبی نمونەیی بوو. لەپۆلی سێیەمدا وانەی ئینگلیزیان دەخوێند. دەوامی باشترو توندتربوو.

ئـەو دوو سـێ ساڵەی دوایی، ڕۆژانە دەستی لەناو قوڕو خشتبڕین بوو. زۆر بەو دوو چاوە ژوورە ماندووو هیلاك ببوو. کـەواو کراسـەکە بەقوڕەکـەی، هـەر لەبـەربوو. دەیـزانی بـەیانیو دووبەیانی هەر بەقوڕ دەبێتەوە، بۆیە نەیدەشوشتن. ئـیمرۆش وا بەئاسـانیو لەچاوقوچـانێکە، بـار بکـات. هێشـتا ئارەقـەی وشـك نەبویـتەوەو بەکراسـی بـەری جێیان بهێڵێـت...!! دەبـێ جێـیان بهێڵێـت..!! ئـەدی خۆ دوو ژوورە قوورەکەی بۆ لەعارەبانەیەك ناخەن، شار بەشار، ناحیە بەناحـیەو مەرکـەز بەمەرکـەز، بیگۆزێتەوە. ئەگەر کرابایە، وەك ئیمرۆ، چۆن گەشتیارەکان خانویەکی سەفەری لەدوو ئوتومۆمبیلەکانـیان دەخـەن، کـەنار بەکەنار، لەکێ شەوانی ئەرخەوانیو ڕۆژانی مەستیو مۆسیقای سازگار هەبێت، ڕادەگـرن. بـۆ نەجیـبەش گونجابایە، وای دەکرد. مێردەکەی بۆ ناحیەو قەزاو مەخفەرێکی سەرسنووران گواسترابایەوە، خانووەکـەی سـەیداوەی لەمەسلەحەکەی مەخفەرەکەدەخستو خۆیو بارگە شڕەکەیو هەرسێ منداڵەکەی تێدەخست. دار ئەسـپینداری شـەقلاوە، دەگەیشـتە، ناحـیەی شـەنافیە. کفـری بەسـتی شـەڵغە دەگەیشـتە، نـزیك سـەعفی دارخورماکـانی شـامیەو ڕومەیسـە. خشـتو قوورو ئاوی سەیداوە دەگەیشتە ناحیەی قاسم. نە کرێ دەدا، نە لەگەڵ کەسـی تـریش خانوویـەکی دەگـرت. دوو مـاڵی بـێگانە، دوو خـێزانی نـەناس، هـەر یەکێ لەشارێ، لەعەشیرەتێك، لەمـەزاجو مەزهەبـێك، بەیەکـەوەو لـەناو یـەك خانووی تەسکدا، لەناو یەك حەوشەی تەسکتر، وەك ئەوە وایە، یەك مانگ، دوو مانگ، سێ ساڵ لەئوتێلێك بژییت.

خـۆ نەجیـبە، هـەزارەها خـێزانی وەك ئـەوان، نـەیدەزانی کرێچـی چـۆنە..!! دوو خـێزانی بێگانە چۆن لەیەك خانوو بەیەکـەوە هەڵدەکـەن. ئـەوە هێشتا نەببووە مۆدێلو باو، بەڵام ئەو دڵی خەبەری دەدا، دەیزانی لەو دوو ژوورە قورەی کەبەدەسـتو وەسـتاییو کرێکارییو ئەندازیاریی خۆی دروستیکردبوون، نەبی ناژیت. لەبن ساپیتەیەك، خۆی دارەڕێو خۆڵـەبانو سـواخی نەدابێت، خەوی لێ ناکەوێت. لەم پەنایە نەبێت ناکرێ لەگەڵ بابی منداڵەکانی جوت بێ. لەو دوو ژوورە نەبێت، هاویـنان فێـنکی نابێـتەوە، لەپـەنا ئـەو سـێبەرە نەبێ ئاوی جەرەو شەربەی ساردو خاوێن نابێ. ئەو نـەیدەزانی خوارەوەو ناو عارەبان گەرمە، هەر ئەوەندەی بیستبوو، کەدونیا بەگەرمی قانگ دەداو خودا هەوای فێنکی لەسـەر مـیللەتە بێدەسـتەلاتەکەی رادەگـرتو دەبـرژان، دەیـانگووت ئـەوە گـەرمای خورمایە..!! چونکە دوو ساڵو



©Kurdistan Net

زۆرتریش، دەستی لەناو ئەو خانووەدا بووە، بۆیە دەستی لێ بەرنەدەبوو. بەتەمابوو، ئەو مانگەی دادێت، بەمەعاشەکەیان، عامووديکی ئاسن بکڕێت، بەبۆیەی شین بۆیەی بکات، ئەو عامووده بۆ راگرتنی هەیوانی سەر هەردوو ژوورەکە، مۆدیل بوو. هەیوانو عامووديی شین، لەپێش هەردوو ژوورەکە. دوا گۆڕان، دوا مۆدیلی خانووەکانی گەڕەکی سەیداوە بوو. بەپاشکەفتی دوو سێ مەعاشەکەیان، بیرێکی چوار بەڕنی بۆ ئەدەبخانەکەیان لێدا. زووتر جامی بۆ پەنجەرەکان کڕی. دەیویست، خانووەکەی بکاتە، شارەستان، بەخانووەکانی ماڵی پلکەکانی بچێت.
بەسایەی چونیان بۆ بەغدا، کەشاریان جێهشت، بەدوورکەوتنەوەیان، گەڕەکی ئازادییان بینی. خانووی بەکەرپووچیان بینی. باخچەی بە سنۆبەرو مورتکیان بینی. کەسیان لەو گەڕەگە نەدەناسی، لەلای ئەوان شار هەر سەیداوەو سێتاقانە. وا دەڕۆن، گەڕەگی تەعجیلی ئیسلامو جولەکەیان نەبینی، کۆڵانی عارەبان، ناوقەسران، تەیراوە، کەندە کۆخ، حەساری ساڵحە سووریان نەدیبوو. بۆ گەمەو خشخشۆکە بەسەر قەڵات نەکەوتبوون. مارسیدسە حەنچەکە، بەهەژدە نەفەرەوە، دەتگووت، تۆپەڵەو هەورازو نشێوەکانی پێش گردمەلاو ئاوی مورتکە هەڵدەقۆزیەوە. کرۆو ترۆ، پێکەوە، یان بەنۆرە سەریان لەپەنجەرەکەدەرهێنابوو، بایەکی خێراو فێنك لەبوکلەو توالیتەکانی دەدان. ئەو بایەو ئەو زەوقەی بۆیان رەخسابوو. هەموو شتی لەبیربردبوونەوە. کاتی هاتنی قیتارەکەی هەولێر- کەرکوك گەیشتنە لای گوندی ئۆمەراوە، راوەستان تا قەتارەکە گوزەری کرد. کەقیتارە پێنچ شەش فارگۆنەکە لەپێشیان رەتبوون، خەنی بوون، وایان زانی هاتونەتە، دونیایەکی تر، لەسەیداوە چییان نەدەبینی. کە لە مەکتەب قەیدکران، چونە بن قەڵاتیو رەسمیان بۆ مەکتەب گرت. کەدەرزیان بۆ لەمەکتەب وەرگرتن لەقۆڵیان درا، خەستەخانەی رێ موسڵیان بینیبوو. بن لەیلوکان، جەژنو جەژن بوو. ئەویش ناو قەبرستانێکی دوور لەپیرۆزی پیاوچاکانو مردووکان، شوێنێکی پیسو گوفەك بوو. هێشتا تازە کەوتونەتە رێ، تازە دوور کەوتونەتەوە. زۆریان بینی، سواری مارسیدس بوون، قیتاریان بینی، خانووە بەکەرپوچەکانی گەڕەگی ئازادییان بینی. کەلەجامی پشتەوەی لەدوورەوە قەڵاتیان بینی دیمەنێکی تری هەبوو، خۆی بەئاکارێکی تر دەنواند، قەڵاتەکەی سەیداوە نەبوو.
خالیدو نەجیبەو هەر سێ منداڵەکە، ڕیزی پشتەوەیان گرتبوو. ناتوانم ئەوە وەسف بکەم بۆ ڕیزی پشتەوەی ئەم پاسانە سێ نەفەری بوو. دەبی ئەو مودیلەی ئەوکات، چۆن بوبێت، هەر چۆن بوبێت، بۆ ئەوان گونجاو بوو. خالید، توتنەکەی لەبن پێیان دانابوو. هەردوو کورەکەش بەر پەنجەرەیان بەرکەوتبوو. کیژەکەش، لەکۆشی دایکی خۆی ماتکردبوو. ئەو کیژە بەستەزمانە، لەو تەمەنەوە، بۆ نوسراوە، بێدەنگ، لاچەپ، بێجێگا.

(بابە، ئێرە کێندەرێیە..؟؟ ئێرە ماڵی تۆیە..؟؟).

(نا..!! ئێرە پردێیە، ئەوە ناحیەی..).

(زۆرمان ماوە..؟؟؟).

(نا.. ئەگەر ماندووبوون، بۆ خۆتان بنون، کەگەیشتین، گازتان دەکەم).

خەویان لێکەوتو بەئاگا هاتن. نوستنەوەو هەڵسانەوەو نوستنەوەو هەر نەگەیشتن. هاتنە خواریو سواربوونەوە. نانیان خوارد، ئاویان خواردەوەو رەشانەوەو میزو گویانکرد. سواربوونەوەو گریانو نوزانەوەو پاڕانەوەو گوتیان بچینەوە لای دایە حەلیمو خاڵە، هەر نەگەیشتن. زۆر بەپەلەبوون، لەسەر ئاوو ئاگربوون. ویستیان زوو ببینن، باوکیان ئەو سێ ساڵە لەکێ ژیاوە، راستە شارەکە زێی لێیە، پردی لێیە، ماسی هەیەو ماسی دەخۆین. بەپەلەبوون بزانن عارەب چۆنن، چۆن قسە دەکەن. چی لەبەر دەکەن، چی دەخۆن، چۆن لەوان ناگەن، چۆن مرۆڤ لەمرۆڤی تر ناگات. بڕوایان نەدەکرد، ئەوان قسە بکەن ئەوەی بەرامبەری ئەبڵەق دەبێتوگاڵتەی بەقسەکانی دێت.

(بابە، عارەب وەك ئێمە بەشەرن...؟؟).

(بەشەرن ئەدی چۆن..!!).

(ئەدی چۆن لەزمانو قسەی ئێمە حاڵی نابن!!).

هەولێر، قوشتەپە، پردێ، کەرکووك، دووز، سەلمانبەگ، باقوبە، بەغدا، حلە، نەجەف، دیوانیە، شامیە.. ئیقامەو نانوسینو زمانێکی ترو فێربوونی زمانو جیرانی تازەو دۆزینەوەی ماڵە کوردو پرسینی نرخو تامکردنی خواردنو ناسینی خواردنی تر. پرسینی ناوی درك ودارو گورگو پشیلەو..و.... ئەوە دوێنێ بوو، ئیمڕۆش هەروایە، ڕێگاکان. هەنگاو هەنگاوە، تا دەگەیتە هەوارو نیشتەجێ دەبێت. بەشتەکان نامۆیت، دەریای پانی دارخورما، هێشتا وڵاتیان سەوزەو داریان زەوی پۆشیووە، تەوری شەڕ، ئاگری گەرمی شەڕ هێشتا قەدی داری نەبڕیوەتەوە، دەستی جوتیار دەگاتە سەعفەکانو خزمەتی دەکات. پیاوو ژنیان ئازادنو کار دەکەن. جارێ سەرقاڵی سوتانی دارو دەوەنی ئێمە بوون. نەوتی خۆمانیان بەسەوزایی خۆمان دادەکرد. رقیان لەدارستانی سەوزبوو. وڵاتی ئێمەیان کردە سوتماك. حەز بە رەژووو دووکەڵ دەکەن. کەسوتانی ئێمە کۆتایی هات، روویان لەدارستانی خورمای خۆیان کرد، قەدە بەرزەکانیان بەشکاند دا. چاویان بەسەربەرزی بەژنی دار نەدەهات، چەمی رێزانو هندرێنیان سوتاند. نۆرە گەیشتە سەر ئەبوخسیبو قامیشی زەلکاوەکانی عیمارەو سەماوە بەسوتانو بڕانیان دا.

شوێنەوار هەڵگرتنی پاڵەوانی نوسینێك زەحمەتە. ماندوو دەبیت. ئەو شار بەشار رۆیشتوە، دارو بەردو زمانو نانو ئاووهەوای گۆڕیوە. بەیەك رۆژ چەند کەندو لەندو رووباری بڕی، چەند ئوتومبێلی گۆڕی. دایكو باوکەکە، باوشێك پرێسکەیان لەشانە، چاویان لەمنداڵەکانە، فێری ئەو ئاپوورە نین، بزربن، چۆن دەدۆزرێنەوە، کێ لەزمانیان دەگات. هەردووکیان بەسەرسامی لەشەقام دەپەڕینەوە. بەترسەوە سواری ئۆتۆمبیلێکی تر دەبوون، بەدەستی لەرزەوە پارە دەدەن نەوەك پارەکەیان تێهەڵنەهێنێت.

چل ساڵ بەر لەئیمڕۆ، ئەو رۆژانەی ئەوان چونە شارۆچکەی "شامیە" جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئیمرۆیدا بەدی ناکرێت. وەك یەکە، رووبەرو نەخشەکەی هەر یەکە. هەر یەك دوو گەرەگی شەهیدانی قادسیەو ئەسیراوەو عەسکەراوای زیادکردووە. شارە شیعەنشینەکان، مەڵبەندە نزیکەکانی نەجەفو کەربەلا وان. چەند دامەزراوی وەك فرقەو قیادەو... هیچی تری بۆ زیاد نەبووە. شارەکە، بسکی هێمنی رووباریکی خەیاڵی بەسەر روومەتی خاکێکی خەوتوو بەناودا رەتدەبوو، شارەکە لەناو جۆلانەی دارخورما بەسیبەرە گرانەکان ئارام خەوی لێکەوتبوو. یان تاسابوو. سەرسامو سرو مەستانە، هەستی رادەگرت. شارەکە بەپردێکی ماندووی کۆنی ئاسنو داری شکاو، هەردوو بەری بەیەکتری دەبەستایەوە.

رووبارەکە لێواو لێو ئاوی پێدا دەهات. کوردەکان منەتیان لەسەر دەکردنو دەیانگووت:

ئاوی جۆگەو کانی ئێمەیە، بەگاڵتەش دەیانگووت، پاشماوەکانی ئێمە، ئێوە دەیخۆنەوە. ئەوەی لەئێمە زیادە بۆ ئێوەی دەنێرین. خێرەو بیخۆنەوە، سەدەقەی سەری خۆمانە، خێری رەگی درێژو دوورو قووڵی دارگوێزەکانە، داربەرووەکانە.... شەڕی ئاو هێشتا لەم دونیا جەنجالەدا رووی نەدابوو. ئاو لەسەر یەکتری بەنداو نەکرابوو. ئێمە ئەو ئاوە پاكو لووسو جوانەتان بۆ دەنێرین، ئێوەش جەیشو ئەبو خەلیلو سەربازمان بۆ دەنێرن. ئێمە بەرهەمو سەرچاوەی خێرو بێرتان بۆ دەنێرین. بەو ئاوە وڵاتو بیابانتان ئاوەدانو سەوزە. ئێوەش ئاوەدانیمان لێ خاپوور دەکەن.

شارەکە سێ چوار ماڵە پۆلیسە کوردو دوو ماڵە مامۆستای کوردو مەلایەکی مزگەوتەکەی سونانی لێ بوو. حکومەت، بۆ ناوو بۆ ئازاردانو کەرامەت شکاندیان، شەڕە مزگەوتی لەگەڵ دەکردن، مزگەوتێکی سونەی خاوینو قیتو گەورەی کردبۆوە. مەلایەك، بۆ مەعاشەکەی هاتبوو، لەم مزگەوتەیان دانابوو. لەشارەکەدا باران نەدەباری، خورمای شیرینو تەڕی بەسەردا دەباری، سەد جۆرە خورمایان هەبوو. سەدان حوشتر بارە خورمای تەڕی دەکێشایەوە. شارەکە هەور سێبەری لەسەر نەدەکرد، سێبەری دارخورما دایدەپۆشی. منداڵیان وەك سمۆرەی خۆمان بەسەر ئەو دارە بەرزە باریکەدا هەڵدەگەڕان. لە ناو شارەکەدا، لەسەر کۆڵانەکانا، لەپەنای ماڵانا، دارخورمایەك لاربوۆوە. ئەو دارانە خاوەنی هەبوو، دەیانبڕیەوە، تۆوی مێینەی دارخورمایەکیان دەبردە لای مێینیەك، هەموو گوڵو دارو مێشو مەگەزیش نێرو مێی هەیە. جوتیارو کارمەندی زیرەك ئەو کارەی دەزانی، تۆوی نێری خورمای هەڵدەگرتو لەگوڵە حەزو باوەشی خورمای مێینەی دەکرد. بەپارچە پەڕۆیەکی گرێدراو بەگوریسێکی باریك سەردەکەوت، خێرا لەسەر شەقامی قەدی دارخورما باریكو لاوازەکە دەڕۆیشت. بەچاو وا دیارە، دارخورما هەر نێرە، هەموو شتی درێژو باریك،و دڕ، نێرە...!!! شتی نەرمو پانو ناسکیش مێیە.

لەلای خۆمان سەر بۆ فڕۆکەی ئاسمان بەرز دەکرێتەوە. بەتەماشا دەیانزانی باری ماوە، یان هەڵیڕشتووە، ئاگرو ئاسنەکەی بەدارو بەردو چەکدارەکان وەناوەو گەڕاوەتەوە. گوندی سوتاندووەو گەڕاوەتەوە. تەماشای ئاسمانیان دەکرد، دەیانگووت ئەفسەر هەیە، بەبەزەییە، قونبەلەکانی لەو شاخو دەوەنانە رووودەکاتو دەگەڕێتەوە.

راست بـوو، ئـەوان سـوتانی هـەموو شتیان دەویست، خاکی سوتماك، شاخی بێ سێبەریان دەویست. هەر چەند شاخ رووت بـێ، کەمەتـر خۆگـر دەبێـت. زووتر دەبەزی، زووتر چۆکی دەشکێت. لەم دەڤەرەش بەئاسمانەوە خورمای شیرین هـەبوو، مـیوەی شـیرین هـەبوو. بەهەشـتی تـام لەئاسمانـەوە دەبارێـت. فـڕۆکەکان بەشـانازییەوەو بەسەرکەوتوویی دەگەڕانـەوە. تـا خۆیـان دەربێـنن، تـا قۆڵـیان بکەنـەوە، نـزم دەفرین، لەسەر مێزەری پیرۆزی قەڵاتا دەسوڕانەوە. تا بەخەڵکەکە بڵێن، بەسەرکەوتوویی گەڕاومەتەوە. هەزارەها کەس هەبوون، سادەو ساویلکە دەیانگووت:

زابتەکە، بۆیە خۆی نەوی دەکات‌و دەسوڕێتەوە، لەسەر قەڵات کیژێکی دۆزیوەتەوە. بەفڕۆکەی مێك، بەنەفاسەی قون بەدووکـەڵ، دڵـداری دەکـات. گـۆی مەمکی دولبەرەکەی لەو بەرزییەوە دەبینێت، نامەی بۆ فڕێ دەدات. پێیدەڵێت: ئـەمجارەش گەرامـەوەو هـەر دەگەڕێمـەوە. بەبـرنۆی رەقـەم یـەکی سـەدی وەك عەریف عەلی ناکەوم، گوللەی کەس نامـبڕێت. هەمووی درۆیە، درۆی شاخدارە، بەگوللەی تفەنگی ئینگلیزی من زامدار نابم‌و پشکی خوێنی من ناکەوێتە سەر ڕانکی ئەو. درۆیە..!! هەر خەنجەرێکی دەسك بەشوشە هەبوایە، دەیانگووت:

ئەوە هی جامی تەیارەیە، ئەو تەیارەی خراوەتە خوارەوە. بەکراسی بەری کیژی نەرم‌و تەنکیان دەگووت:

ئەو لەو پەڕەشوتە دووراوە، پاش لێدرانی، فڕۆکەوانەکە خۆی بەو پەڕەشوتە رەنگین‌و حەریر فرێداوە، بەدیاری هاتووە. ئـەویش بەنـزمی‌و بەشـانازییەوە لەسـەر قـەڵات دەسـوڕایەوەو خـەڵکی چاوترساو دەکرد. دوکەڵی دەکردەوە، دەنگی دەکردەوە.

*　　*　　*

ئـەو سـێ سـاڵەی لەو قەزایە بوون، چەند خانوویان کرد. خانووی چاك‌و شایستەیان ئەوەبوو، لەمەرکەزی خالید نزیك بێـت، نـیوەی شەوان دواکاتی پاسەوانی بەردەرگا، یان زیندانەکە، یان شەوی مەشجەبەکە، تەواو بوایە، سەعات چەند بوایـە دەگەڕایـەوە ماڵەوە. ئەو خانووەی نزیك بوایە، هەندی ئەوەی کرێکەی کەم بوایە، ئاوی باشبوایە، حەوشەو بەر هـەیوانی گـەورە بوایە، بۆیان لەبەر دڵان بوو. ئەو خانووەی ئەرزەکەی تەڕ نەبوایەو خوێی دەرنەکردبایە، ئەو خانووەی لەمـزگەوتەکەی سوننەکان نزیك بوایە، بۆ وان باشتربوو. لەگەڵ هەر سێ ماڵە پۆلیسە کوردەکە دانیشتن، لە لای ماڵی هـەردوو مامۆسـتا کوردەکـەش نـزیك بـوون. بـەڵام نەدەگونجا بەیەکەوە لەیەك خانوو دانیشن، مەعاش‌و هەوای وان زۆربـوو. ئـەوان مـانگێ بۆیـان دەریدەهێنا لەسەرووی پێنج دینار مانگانە بدەنە کرێ خانوو. رۆژانە گۆشت‌و پلاویان هەبێ. لەسەر قەرەوێڵە بخەون، کارەبایان هەبێ.....

ئـەو سـەفەرو دوورکـەوتن‌و ئاوارەبوونـە. بۆ هەردوو کوڕەکەیان شۆڕشێك بوو. هەردووکیان، بەناوی خۆیان لەماڵەوەو لـەکۆڵان‌و نـاو کـۆری گەمـەی منالان بانگ دەکران. کوڕۆو تورۆ، نەما. هەردووکیان بەئەقلیەتی ئەوکات‌و نسیبیان، دەبوایە ناویان تەحسین‌و موحسین بوایە. بەڵام ئەو ناوانەیان بەرنەکەوت.

(نەجیبە..! دوێـنێ، کـەدوا قـەلابمان بارکـرد، سواری پشتی قەلابەکە بووم‌و چومە دائیرە، لای ئەفەندی‌و پێم گوت: غولامکەیـەکی تۆمـان بـووە، زۆری کەیفی پێ هات، ناوی نا، تەحسین. گوتیشی، نەجیبە ئازایە، ئەگەر ساڵێکی تر کوڕێکی ترتان بوو، ئەویش با ناوی موحسین بێ).

نەجیبە هیچـی نـەگووت، لـەو گەرمـە گەرمە بێدەنگ بوو. ئەو زوو لەقەیدی خۆی، لەئەوراقی خۆی، ناوی نابوو، سـەردار..!! سـەردار، ئـەو نـاوە کوردیـیە، چۆن بیری لەوە کردبۆوە، ئەو ژنە نەخوێندەوارە، نە هەستی کوردایەتی‌و نەحەزکـردن بـەوەی لەخـەڵکی گونـدی یـاخی بێـت. چ نهێنـیەك لەناخیدا هەبوو. ئەو ناماقوڵیە بکات، قسەی ئاغا بشـکێنێت. نـاوێکی زۆر نامۆو تازەو جیاواز لەناوی کوڕانی هەموو گوندەکانی دەوروبەری خۆیان لە نۆبەرەکەی بنێ. بیسـت گونـد ئـەوهاو بیست گوندیتر ئەوهاش، منداڵێك نییە، بێجگە لە منداڵی هەندێ لە ئاغاکانی دزەیی‌و هەندی ئەفندییەکانی ناو شار، ناوی کوردی لێبێت. ئەو کاتە لە ناوچەکەئەو ناوانە دەگمەن بوو.

سـەردار لە مەکتەب، لە لاپەڕەی یەکەمی نفوسە دەفتەرە چەند لاپەرییەکەی، سەرداری ناوبوو. لە کۆڵان، لە گەمەی سـیفۆنانێ، لـە کـێلە بـەردانێ، چاوشـارکێ‌و هـاوارو بانگـردنەوەی دایکی، ناوی هەر کوڕۆ بوو. ئەو کێشەی لەگەڵ ناوەکـەی گەیشتە شامیە. عارەبەکان، ئەگەرچی وشەکەیان لا نامۆش بوو، نەیاندەتوانی بەجوانی‌و بێ هەلە بیلێنەوە. سـەرداریش شـانازی بەوە دەکرد، ناوەکەی کوردییەو عارەبەکان نایزانن بیلێنەوە. نەجیبە کەکوڕی دووەمی بوو، دەبێ ناوەکە لەسەر کێشی ناوی یەکەم بێ، بۆیە ناویان لەویش نابوو، هوشیار.

یـەك دوو هەفتەش بوو هاتبوون، هێشتا بۆ سەردارو هوشیارو دایکیان هەر هەولێربوو. نە دەچونە دەرەوەو نە وشەیەك لە عەرەبی دەگەیشتن‌و نەجلوبەرگیان گۆڕی بوو.

لەبەر ئاو گۆرینو خواردنی نوێو نائارامی هەستی بەقەبزی دەکرد، ناچار باوکی بردیە لای دکتۆر. لەسەر پشت درێژی کرد، تا سکی رووت بکاتەوە، دەستێکی بۆ دۆخینی شەرواڵەکەی بەری برد. ئەو نەیدەزانی کردنەوەی دۆخین شارەزایی دەوێت. خۆ تەنیاکردنی کوردان وا ئاسان نییە، بۆیە سەری گرێیەکەی بەپێچەوانە راکێشاو لێی کردە گرێ کوێرەو زۆر خەریکی بوو. ناچار باوکی بەددانیو بەخاوکردنەوە گرێیەکەی کردەوەو شەرواڵەکەی بۆ شلکردەوە، جێگای نیفۆو دۆخینەکەوەك کۆنە برینێك دیاربوو، دکتۆرەکەی ئۆفێکی بۆ هەڵکێشاو گوتی:

(ئەوە بۆیە وا قەبزە، وای گرێ داوە، بواری هیچ نادات...!!).

ئەو رۆژە دوا رۆژ بوو شەرواڵ لەبەر بکەن. دوودڵ بوون، چی لەبەر بکەن، بەدوو هەفتە دشداشە لەبەر بکەن، یەکسەر لەو قالبە تەسكو توندە، بۆ دشداشەیەکی بەرینی بەرەڵا، ئاسان نەبوو. ئەگەر بێجامەش لەبەر دەکەن، لەوێ نامۆ بوو، کەس بێجامەپۆش نەبوو. لە دۆخینی توند، بێنە لاستیقی نەرمو شل. دایکی دوو بێجامەی شینی خەت پانی سپی بۆ دوورینو لاستیقی دوو قەدی بۆ تێهەڵکێشان بەسەردارو هوشیاری وت:

(کورم، ئەوانە وەك شەرواڵەکان نین، بەرگەی دارو دیوار ناگرن، مستێك پارەیان پێدراوە، وریا بن).

چاویان هەڵدەبری، بۆنیان دەکرد، تامیان دەکرد، هەستیان رادەگرت، ئاوارەییو تەنیاییو بێکەسیان پێوە بوو. لە زمانو دابوونەریتیان شارەزا نەبوون. کەئەوان دەهاتنە دووان، بۆ ئەوان زۆر سەیرو تازە بوو، کەئەوانیش قسەیان دەکرد کەس یەك وشەیان لێ حالی نەدەبوو. دابرانو دوورکەوتنەوە لە زۆر شتت دادەماڵی. ناویان جوانو راست نەدەوت، ئەوان سپیو روومەت پەمبەو ئەوانیش رەشو قاوەیی. دانو دان، هەردوو برا بەجوتە لە دیار سەمای ئاوی زێیەکەدا دادەنیشتن. هەستیان بەژانی قولابی ناو قورگی ماسییەکان دەکرد. کەدەستی ماسیگرەکە بەتوورەییو بەپەلە قولابەکەی رادەکێشا. هەندی دوورکەوتنەوەی خۆیان لە زێدیان، بۆی دەسوتان. کەچاوی زۆری تۆرەکان، چەند ماسیان هەڵدەواسیو لە ئاوی ژیانیان دووردەخستنەوە. ئەوان بوون، لەسەیداوەو دایە حەلیمو پوورزایەکانیان دووردەخرانەوە. ماسیەکان ژانو خوێنو زامەکەیان لە قورگو هەناویان بوو، بۆیە ژانی مردنو دوورکەوتنەوەیان نەدەبووە هاوارو گریان. دوورکەوتنەوە، بەبێ زامیش بێ، زامە..!! دوورکەوتنەوە، لە ئاوو خاك مردنێکی دوورو لەسەرخۆیە.

خالید نۆ ساڵی ئاوارەیی، وا پێناسەی دەکرد:
(هەموو کوردەکان کرێچی. هەموو عەرەبی نەزان. هەموو سونە مەزهەبو لە ناو شیعە مەزهەبی توندرەوی گەمارۆدراو. هەموویان کورو کیژەکانیان لەبەر خوێندنو لە خوێندن زیرەك. یەك ژوور بۆ یەك خێزانی سەرژمێر زۆر یان کەم. موچەی دیارکراو. ساوەرو زەخیرەی تریان بۆ دەهات. لەو مەرکەز بۆ ئەو مەرکەز دەگوازرانەوە. هەموویان لە لیواکانی ناسریەو دیوانیەو عیمارەو کەربەلا، واتە شارە شیعە نشینەکانو بەس. یەکێکیان بەهەڵەش بۆ سامەراو باقوبەو موسڵو بەغداو ناوچە سونە نشینەکان نەدەگوازرانەوە. هەموویان گوێ رایەڵو چوستو چالاك. ژنەکانیان قەفەسی مەرقەدی ئیمام عەلیو حوسێنیان بۆ سەرکەوتنی پێشمەرگە دەهەژاند. خێزانەکان بە پشوی هاوین دەگەرانەوە. دەستیان بەمەعاشە کەمەکانیان وەردەگرتو بەشی دەکردن. باوکەکان تەمەنیان لەیەك نزیكو منداڵی ساوایان هەبوو، هەموویان هیوای گەرانەوەیان هەبووو نەبوو، هەموو خێزانەکان، ماڵیان شرو حاڵیان خراپو ماندووو..).

رۆژێکی بەترسو تەماویبوو. ئەو رۆژە، ئەوانو ماڵە کوردەکانی تریش ترسیان لێ نیشت. ئەو دەمە، ماڵە کوردەکان شەش حەوت ماڵ دەبوون. دوو خێزانیش خۆیان لاچەپ راگرتبوو. ئەو رۆژە، هەموویان تەرمەکەی حەمە نەجم جافیان لە مەخفەرەکە بەرەو مزگەوتی سونان برد. شوشتیان، دارەمەتێکیان بۆ سازکرد. ژنە کوردەکان، ماڵەکەیان بۆی پێچایەوەو عەلی کوریشی، ئەوەندە لەگەڵ دایکی گریابوو، لە باوەشی مامور مەرکەزەکە وەك پشیلەیەکەی خرپن ماتو سەرسام تەماشای حەشاماتەکەی دەکردو نەیدەزانی عارەب باوکیان کوشتووە. نەیدەزانی، باوکی بەزیندوویی لە شارەزوور هاتو تەرمەکەشی بۆ ئەوێندەرێ دەگەرێتەوە. هێشتا نەیدەزانی چی رووی داوە، بۆ باوکی کوژرا. پیاوەکان، ژنەکان، بۆ حەمە نەجمو بەختی خۆیانو غەریبی خۆیان دەگریان. ناردیان پۆلیسێکی ناسیاوی شارەزووریان لە ناحیەی دەغارە هاتو چەند دینارێكو تەرمێكو ژنو کورە تاقانەکەیان تەسلیم کرد. خێزانو بزگوری ماڵە

پۆلیسێك بەپیاوێكی زیندووو بەدڵی خۆشەوە لەم ڕێگا دووره دادەوەشێ، ئەم ڕێگایە لە رووبار دەچێ، ئەم ڕێگایە چونو هاتنی لەبەر ئەوەی بەخۆشی خۆت نییە، بۆیە، نابڕێتەوە، ئینجا جەنازیەكی بەغەدر كوژراو، پۆلیسێك لە واجبی كوژراو، حەمە نەجمی زەریفو قسە خۆشو خۆش مەشرەب، ببیتەوە..!! ڕێگا تەواو نابێ. شارەزوور ئەوەندە دوور دەبێ زیندووەكانیش دەمرن.

(بابە، لێرەش گوندەكان پێشمەرگەی لێیە، پۆلیسو عەسكەر دەكوژن..؟؟).

(نا...!!).

(لێرەش شەڕی حكومەت دەكەن..؟؟).

(شەڕی حكومەت دەكەن، بەڵام، بەشێوەیەكی ترو بۆ مەبەستێكی تر).

(ئەدی بۆ فرۆكەلە گوندەكانیان نادات، جەیش ناچێت..؟؟).

لە دوورەوە مامور مەركەز بەدیاركەوت. ئامری پاسەوانەكان فیتەی كۆبوونەوەی بۆیان لێدا. هەر چواریان ڕێز بوون و تفەنگەكان ڕێزو سەریان بەرزو ریشیان پاكو پێڵاویان رەش، سڵاویان وەرگرتو مامورەكە، بەووردی نیگای لە هەر چواریان كردو سڵاوەكەی لێ وەرگرتنەوە، بەكازمی پۆلیسە عارەبەكەی گوت : تۆش وەك ئەو سێ پۆلیسە كوردانە خاوێنو هەندام ڕێك بە..!!
تۆش پانتۆڵەت جوان ئوتو بكە. ریشت، بەیانیان جوانو لووس بتاشە. پشتی ملت.. باشە..!! بەیانی وا ئاڵۆزو پیست نەبینم.
مامورەكە ڕۆیشتو سێ پاسەوانەكە دووركەوتنەوە. خالید بەتەنیا مابۆوە. مەخفەرەكەیان، هی سەردەمی كۆن بوو، دوو نهۆم دامەزرابوو، یەك دوو قاوشی تێدابوو، لەگەڵ زێیەكە شەقامێكیان بەین بوو. لە بەرامبەریاندا، لە ناو باخچەیەكی گەورەی دارخورماو سەرووو داری توو دا. قوتابخانەی شامیەی سەرەتایی لە پشوی هاوینا خەوی لێكەوتبوو. بەخالیدیان گوتبوو، لەم هاوینەدا، بۆ كاروباری تایبەتی، بۆ بەڕێوەبردنو كاروباری خوێندكاران، هەر دوو هەفتە جارێك، بەیانیان بۆ چەند سەعاتێك بەڕێوەبەر دێتە دەوام. ئەویش بەیانیان چاوێكی هەر لە دەروازەی مەكتەبەكە دەبڕی. ئەو بەیانیە بینی، دەروازەكە لەسەر پشتە. دوو سەعاتەكەی پاسەوانی تەواو بوو، مۆڵەتی لە ئامیرەكەی وەرگرت. لە پەردە نەویەكە خێرا پەڕییەوە. بۆ ئیشێك دەچوو نەیدەزانی دەبێ، یان، بێ هیواو دڵسارد دەگەڕێتەوە. ئەگەر سەری نەگرت ئەوا سەفەری هەولێری دەكەوێتە پێش. دەبێ بۆ شەهادەی هەردوو كوڕەكەی بچێتەوە. بڕیاریشی دابوو، لەوەیان دوودڵ نەبێ. دەبوایە، شەهادەی هەولێریان بۆ بێنێت. بەناچاری كەهاتو منداڵەكانی هێنا زۆر بەپەلەبوو، بواری نەبوو لەسەر شەهادەكەیان راوەستێ، نەشیدەزانی شەهادەو گواستنەوەو هاتوچوی دەوێت. یەك ڕۆژ دواكەوتن لە مۆڵەتەكەی زۆر شتی ئاڵۆز دەكرد. بۆیە دوانەكەوت، هەر بەپەلە، پیلی منداڵەكانی گرتو هات.

بەئەنگوست، دوو هەفتەی تریان ژمارد. شەممەكەی دەستی سەردارو هوشیاری گرت. ئەوانو دوو وێنەی لەسەر مێزی بەڕێوەبەر دانا. ئەویش بەڵێنیدا هەر ئەو ڕۆژە بە بەرید داوای شەهادەی گواستنەوەیان لە هەولێر بكات. بەهەردووكیانی وت، هەر دەرگای مەكتەب كرایەوە، دەتوانن لە پۆلی خۆتان دەوام بكەنو بڕواتان پێدەكەم دەرچوون.

(پیاوەكە، شەو نییە خەونی وا نەبینم دڵم نەترسێت. لەو ڕۆژەی حەمە نەجمیان كوشتوە، حەجمانم نییە. شەوی جومعە نوێژم كردو نوستم، لە خەومدا ئێمەو چەند خێزانی تری وەك خۆمان كەوتبوینە بیابانێكی پانو وشك، هەر ڕۆیشتین، هەر غارماندا، ماندووبوین، لەیەكتری دابڕاین، تێنومان بوو، برسیمان بوو، ئاوی جەستەو قوڕگمان وشكی كرد. لەو تەنگاوییدا، ئەو ڕۆژە رووناكەمان بەگەردەلوولێكی لەناكاودا لێبوە تاریكەشەو، دوو گردی گەورەمان لە پێش دروست بوو، یەكەمان بڕی، لە گردی دووەم چەقین، سەرنەكەوتین، ماندوو بوین، مەترێك سەردەكەوتین، دوو مەتر شۆڕدەبوینەوە، چاومو كونە لوتمان مشت قومی تاڵو تیژ بوو.....).

(تەواو مەکە، دەزانم چی دەڵێت.. ئەگەر لە کوردستان بوایانە، لە خەونتدا، لە دەوونو ناو زوورگان لێمان دەبووە بارانو لێزمەیەکی وا بەنوێژی نیوەڕۆ دونیامان لێ تاریك دادەهات. هەتا گۆزینگان دەکەوتینە ناو قوورو لیتە. لە زوورگی یەکەم دەرباز دەبوین، بۆ دووەمیان شەنگمان لەبەر دەبرا، بەهەناسەی ماندووبوون و ئاخو ئۆفی ژانی ڕێو.. بەئاگا دەهاتی...!!! خەونەکانت سنووریان بڕییوە. خەونەکانت لەگەڵ ئەرزەکە دەگۆڕێت. بەڵام لەراستیدا، خەون هەر خەونو خەیاڵو ترسو بیرکردنەوەی ڕۆژە، دەبێتە سەرابی شەو، لە ڕۆخ بالیفی تەنیاییو بیرکردنەوەکانتدا دێنەوە، هەموویان هەر هیچ نییە، ترسی ناوێ.!!).

(ترسی ناوێ، ئەدی لە پێش چاوت نەبوو، لەگەڵ خۆتا نەبوو، بەیەکەوە لە واجب نەبوون، کوژرا، گوللەی برنۆ نەیکوشت، ئەویان نەکوشت، هەمووتانیان کوشت، شارەزوورو خۆشناوەتیو.. کوشت..!!).

لەسەر پێشنیاری مامور مەرکەز، قائمقامی قەزا بەبروسکە داوای لە لیوا کرد، مسەلەحەیەك پۆلیس لە دیوانیەوە بێن، لەگەڵ پۆلیسەکانی ئەوان بچنە ناو عەشایرو راوە فیرار. هەرچی تفەنگی ئینگلیزیو غەدارەو برێنان هەیە بێننو بێن. ئەوان هاتن بەیەکەوە هەتا ڕێ هەبوو ڕۆیشتن، چەند جۆگەو جۆباریان بڕی. لەم گوند بۆ ئەو گوند. لە ناو قەمیشەڵانو زەلکاوەکان، لە دیوەخانەکانو بەرەو بەدو چون، سواری بەلەمی باریكو خێرا بوون، لە گەرانەوەیاندا دووچاری بۆسەیەك هاتن، یاخییەکی داخ لە دڵ، فیرارێکی لەمێژینە، برنۆ بەدەستێکی عەرەب. لە ناو قامیشەڵانەکانا، لە نێوان زەوی خێدارو شێدارا، تەقەیان لێکرا. یەکەم گوللەی برنۆی ئەو یاخیە نیشان راستە، بەر کەللەی حەمە نەجم کەوت. ئەگەرچی بکوژەکە دیار نەبوو، بەڵام دیاربوو لە نزیکەوە تەقەی خۆی کرد. زووو جوانو راست نیشانەی پێکا. فیرارەکە دوورترو تاوانبارتر دوور کەوتەوە. هەر شاخو دەوەنو دارستان فیرار ناشارێتەوە، زەلکاویش کونەی شاردنەوەو کونە فیرارو داڵدەی یاخی دەدات. ئاوو قامیشیش دەبێتە سەنگەر. قامیشی باریكو لاواز، دەبیتە دیواری بەردی بەرین. دەشتی تەختی خێدارو لووس، دەبێتە شاخو ئەشکەفت. لەسەر دشداشەش خەریتەی برنۆ دەبەسترێت، لەگەڵ گەرماش پیاوان خۆیان دەمامك دەدەن.
ئەوان لەوە دەترسان ئەگەر جەنازەی عەسکەرێکی عەرەب بێتەوە، لە تۆڵەی ئەوە، سەریان ببڕن. لە تۆڵەی ئەوان منداڵیان ئەتك بکەن. نانبڕا بکرێن. هێشتا تەرمی کەسیان بۆ نەهاتبۆوە، تەرمی کوردان گەرایەوە. شۆڕشی وان، فیراری ئەوان دەستو برنۆی ئەوان یەکەم کوژراوی ناردەوە. تەرمی حەمە نەجم، شارەزووری گەورەو قایمی هەژاند. کوشتنی ئەو فیراری زۆرکرد.
ئەو کوژرا، ئەوانەی ئەولاو ئەملا لە شوێنی خۆیان جولان. لەگەڵ تەرمی ئەو ژنێکی کلۆلو منداڵێکی یەتیم نەگەرایەوەو بەس. هەواڵێکی گەرمو کوشندەو تازە گەرایەوە.

حەمە نەجم، پیاوێکی چوارشانەی سمێل ڕەش بوو. بەردەوام دەیوت:
ئێوە هەر بەوەی کەکوردن نیگاتان لەسەرە..!! من لەبەر سمێلە گەورەکەم بەشیوعیش دەچم. ئەوەی خۆشی دەوێن، لەترسانە ناوێرێت، خۆشەویستیەکەی دەبڕێت. ئەوەی رقیشی لێیە، دەوێرێت جنێو بدات. لە خۆشەویستەکە بێ بەرین، رقەکەش بەزیادەوە. ئەو دەڤەرە، ئەو دەشتە سادەیە، دەشتو ناوچەی هەڵدانی دۆمبەڵانی شیوعیەت بوو. لەوێ دەرەبەگو شێخ، خاوەنی چەند گوندو برنۆو بیستانە دارخورماو مەرەزە برنجی عەنبەرو نعێمیو پیاوو حوسێنییەو گاو گامێش بوو. لەوێ، زەحمەتکێش زەحمەتی دەکێشا. کرێکار کاری دەکردو کرێ نەبوو. حەقیان نەبوو حەمە نەجم بەشیوعی بناسن.!! سمێڵی لە سمێڵی مەکسیم گۆرکی دەچوو. ئەوەی خوێندەواربوو ڕۆمانی دایکی دیبوو. ئەوکات هەموو ژنانی ئەوێ حەزیان دەکرد، دایکی ناو ڕۆمانەکەئەو بوانە. کورەکان، کارگەکان، خەباتی ناو ڕۆمانەکەلە لای ئەوان رووبداتو رزگاریان بێت.
سەردارو هوشیار دوو هەفتە پێش کردنەوەی مەکتەب، سەرو یانتۆڵو کراسو پێڵاویان بۆ کرا. دوو منداڵە کوردن، بۆ یەکەم جار دەچنە مەکتەبێکی عەرەبی. بەعەرەبی دەخوێنن، بەعەرەبی دەنوسن، بەعەرەبی گەمە دەکەن، دەبێ بەعەرەبیش وەڵامی مامۆستاش بدەنەوە.

ئەو هاوینە سێ مانگە گەرمە چووو رابورد، ئەوان ڕێ دووریان لای باوکیان بوو. دوور نەدەکەوتنەوە. باوکی دەیزانی منداڵ لەو تەمەنەو لەو ناوچەیە باش نییە دووربکەوێتەوە. وەك مزراح لە دەروی دایكو باوکیان دەسوڕانەوە. بەهەردووکیان خوشکە خرپنەکەیان بۆ دایکیان دەخافلاند. لە پێش دەرگایماڵەوەیان گەمەکانی هەولێریان دەکرد.

چەند مندالّی دشداشە لەبەری عەرەب چاوزەق‌و ئەبلەق، چاویان لە یاری‌و ئاخاوتن ئەوان دەبڕی. وایان دەزانی چۆلەکەن، ماسی ناو ئاون، هەر جریوەیان دێ. کەسیان توخنیان نەدەکەوتن. حەقیان بوو، زەمان‌و رەنگ‌و بێجامای پێیان‌و نەعلی ئەسفنجیان جیاواز بوو. گۆشەگیرو ترساو. گەورە بەهەڵسوکەوت، گچکە بەتەمەن‌و بەبەژن. بۆیە چەند وشەو زاراوە فێرببوون‌و بەس. دەیانزانی لەزمانی عەرەبی نێرو مێ هەیە. پێیان گوتبوون، هەموو ناوێك تاك‌و جوت‌و کۆی بۆ بەکاردێت. لەزمانەکە ترسابوون. لە ئاوەکەی ترسابوون. کوڕان هەموو گچکەو گەورە رۆژانە، وەك ماسی لە ناو ئاوا بوون، باسکە مەلەو پشتە مەلەو شپەشپیان دەکرد. چەند چرکە نقومی بن ئاوەکە دەبوون، وەك مراوی بەردەوام لەناو ئاو بوون، تەنیا ئەوان نەبێ.
ئەوەی دەهات هەر لە دوورەوە دشداشەکەی لەسەری دادەکەندو بەرووتی، بۆ ناو ئاوێ، نەهیچی لەبەر بوو، نەهیچیشی لەپێ بوو. زوو بۆ ئاو ئامادەبوو. زوو رووت دەبۆوە. لە مراوی دەچوون، لە مارماسی. دوور لەئاو دەخنکان. لەسەر سەرینی نەرم‌و مەندی ئاوا خەویان لێدەکەوت، بای ئاوەکە، نازو لەنجەی ئاوەکە، ساڵدانە ساڵدانە دەیبردن، دوور دەکەوتنەوە. کەلەماڵ‌و کەناریان دوور دەبوونەوە. لەئاوەکەدەهاتنە دەرێ، بەقوونی رووتی، هەر بەغاران، بەپێشبڕکێ بەرەو دشداشەکانیان دەهاتنەوە. زوو لەشەرمانا، گوایە کەس نایانبینێت. خێرا پریان دەدایەوە دشداشەکانیان لەسەریان دەکردەوە. لەبن دیواری سیفێك، لەپەنا بارو حوشترێکی خورما لەبار، یەك دوو قلە خورمایان بۆ هەناویان شۆردەکردەوە. ئەو شیرینەیە، دووبارە هێزو شەنگی دەدانێ.
ئەوان وا فێرببوون، ئەوەش بۆ ئەوان نامۆو عەیب‌و بەترس بوو. نەدەچونە رۆخی زێیەکە، نەوەك هەر بەگاڵتە، یان بەئەنقەست، یان نەزانن ئەوان وەك ئەوان مراوی ناو ئاوو گۆم نین، هەناویان ئاوی وای نەخواردیتەوە، بەدوو سێ قوم دەخنکێن. لەو ترسە بوو، بەسێ ساڵ، سێ ساڵی ناو ئاو، سێ ساڵ جیرانی رووبارێ بوون، نەوێران‌و بۆیان نەکرا مەلە فێربن.

سەردار دەیویست زوو فێر بێت. زۆری دەپرسی. حەزی لەوەڵامی دروست‌و تێرو تەسەل بوو. زۆریان وەڵامەکانیان دیاربوون، زۆریشیان وەڵامی هەبوو. هەبوو، وەڵامی ئێستاش هەر نەدرایەوە. لەناوەکانی برنجی دەپرسی. جیاوازی نرخی برنجی عەنبەرو برنجی سووری دەپرسی. دەیوست، بزانی ئەوانە ئەو هەموو ماسیە وردانە بۆ لەسەر بانەکانیان، لەبەر ئەو گەرمایە وشك دەکەنەوە. حوسینیەکەی نزیك ماڵیان بۆ هەر داخراوە. مەکتەب کەی دەکرێتەوە. کەمەکتەب کرایەوە، فێری عەرەبی دەبێت...!!!
بۆ ئەوان، وەك دایکو باوکی دەستنوێژ ناگرن. بۆ ئەرزی ژوورەکەیان هەر تەڕە، بەم هاوینە گەرمە، خۆ چ باران نەبارییوە، بۆ هەر تەڕە. چۆن ئەو هەموو مەنجەڵە گەورە، بەبارەوە لەسەری ژنەکانیان بەرنابێتەوە، چۆن راوەستاوە...!!!
بۆ ماستیان وەك ماستی ئەوان خۆش‌و شیرین‌و چەور نییە...؟؟!!
چۆن پێیان لەسەر ئەو قیرە گەرمە ناسوتێت...؟؟!!
ئەو هەموو خورمایە چۆن تەواو دەبێت، بەشی دوو وڵات دەکات...؟؟!!
بۆ زۆر جنێو بەحەزرەتی عومەر دەدەن...؟؟!!
بۆ رقی زۆریان لەشمەرو معاویەو ئەبوبکرو عوسمان هەیە...؟؟!!
بۆ ئەو ناوچەیە، مێشولەی زۆرە...؟؟؟!
بۆ کەس ناوی ژنەکانیان نازانی، پیاوەکان بەناوی مندالّەکانیان بانگیان دەکەن...؟؟!!

گوتیان‌و هەر ئەوەیان لەسەر زارە، حکومەت بەختی هەیە. بانق‌و پۆلیس‌و عەسکەری هەیە. ئەو هەموو ئەرزەو ئاوەی لەو شێخ‌و ئاغانە زەفتکرد، کەس نوقەی نەکرد، کەسیان دەستیان بەرزنەکردەوە، ئەوەی نارازییش بوو، هیچی لەدەست نەهات. حکومەت، بەختی گەورەیە. حکومەت کورو کیژەکانی بەختیارن. ئەوەی بکەوێتە بن سێبەری هەتا مایە ئیسراحەت دەکات. حکومەت دەستی درێژە. دەستی گەیشتە رەشید عالی. هێزی گەیشتە فەلەستین. تەیارەو تۆپی دژ بەکوردان خستەکارو شاخ بەشاخ راویان دەنێت. حکومەت بەختی هەیە، ئەگەر بەختیار نەبێ، ئەو هەموو گەنمەی لەکێ دەهێنێت. ئەو هەموو سایلۆیەی چۆن دروستکردو مشت گەنمی کرد. ئەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بوو، سەردار سەبارەت بەسوراندنی کۆرپەی تەمەن چەند رۆژە، بەناو قایشی تفەنگی پۆلیسە پاسەوانەکانی بەردەم مەرکەزی شامیە. چەندجار، بەچاوی خۆی دیبووی چۆن ژنە رەشپۆشی ناو عەبا درەکان. دەپارێنەوە، تا پۆلیسەکان قایشی تفەنگەکانیان بۆ خاو بکەنەوەو بوار بۆ سوراندنی کۆرپەکەی خۆش بکەن. ئەو کۆرپەیەی لەناو قایشی مامورێکی حکومەت بسورێتەوە. ئەویش وەك حکومەت بەختیار دەبێت. نانی دەبێت. ئاوی شیرینی دەبێت. لەمەرەزەکانی برنجا توشی بلهارزیا نابێت. دڵو گیرفانی گونجاو دەبێت، لەعاشورا، خواردن دەکات، برنجەکە بەئاوی

زەعفـران دەرشـێنێت. دەتوانـێ لەچـلەی حـەزرەتی حوسـێندا، بەپـیادەی بچـێتە کەربەلا. ئەگەر ئەو دایکەی توانی کورەکەی لەم قایشە بسورێنێت، وەك حکومەت، کورەکەی بەختیار دەبێت.

هـەردوو ناوەکـە راسـت بـوو. مامۆسـتاکە، وای زانیـبوو، هـەر ئەوەی لەسەر نەخشەی ناو ئەتلسەکە دیبوو. ئەو بە ئەربـیلی دەزانـی. سـەرداریش، هەر هەولێری دەزانی. تا نێوانیان نەکرا، تا مامۆستا کوردەکەی مەکتەبەکە نەهاتو گرێـیەکە نەکـرایەوە. ئەو بەسەرداری وت، ئەو دەپرسی لەم شارا هاتون. ئەویش گوتی: دەزانم ئەوە دەپرسێت، منیش وەڵامـم دایـەوە، وتم لەشـاری هەولـێرەوە هـاتوین..!! مەلا کەریمی مامۆستای کوردیش بۆ راستکردەوە، لێرە ناڵێن، هەولـێر، دەڵـێن: ئەربـیل. لـەمانگی یەکـەمی دەوامـی نـاوی شـارەکەیان پێ گۆڕی. حکومەت لەسەرەتای ناونانی شارەکان، لەئەتڵەسو قەیدو بریارو دانانی حامیەو هێنانی موتەسریف. بەئەربیل ناوزەدیکردبوو.
کێشـەی دووەم، راهـاتنو لوسبوون بوو لەسەر ئەوەی ئیمامی عومەر ئامۆزاو خوێنگری ئەو نییە. چیتر تووڕە نەبێت. خـودای گـەورە لێیان خۆش نابێت، هەردوولا عەرەبن. ئەو بێگانەیە..!! ئەو لەوە تووڕە دەبوو، جنێوو سوککردنەکەی لەپـێش ئەو، وای دەزانی جنێوەکە تایبەتە بۆ ئەو. راستییش بوو، رکو رك لەگەڵ ئەوو کوردەکانی تریان بوو. وازیشی لـەوە هێنا، ئەویش بۆ تۆڵەی ئەو جنێوانە، جنێوی تەڕو پیسیشی بەحەزرەتی عەلی نەدات. دەیزانی گوناحو ناحەقە، ئەو بەراستی شێری خۆشەویست بوو. بەلام، دەماری دەگرتن. کە دارکاریان کرد، ئازایەتیو پالەوانی حەزرەتی عومەر بەکەلکی نەهات. لەسەر ئەو، دەمو ددانیان پڕ خوێن کرد، تۆبەی کردو وازی هێنا.

(لیوای هەولێر گەورەترە، یان لیوای دیوانیە..؟؟!!).

(مامۆستای ئێرە زیرەکترن، یان مامۆستایانی مەکتەبی ئەوێندەرێ..؟؟!!).

(هاوینان، شاری ئەوان فێنکترە، مێشولەی زرگەتە تیژو دڕی نییە..!!)

(لـەدیواری دوورو درێـژی ژووری مەکـتەبەکەیان، مامۆسـتا ئەسـکەندەر عوسمـان، نەخشـەی گـەورەو رەنگـینی نەخشاندووە، لێرە ئەوە نییە..!!).

(نانی تیری خۆشترە لەنانی تەندوورو فڕنی ئەوان.. ؟؟!!)

(پێشمەرگە لەعەسکەرەو جاشەکان ئازاترن..!!).

(رەیحان بۆ بۆنو جوانیە، بۆ بەریشدێنو بن بسکانە، نەك بۆ خواردن..!!).

(ئیمامی حەمزەو ئیمامی عومەر لەئیمامی عەلیو عباس ئازاتربوون..!!).

(شەرواڵ، لەدشداشەکەتان جوانترو مەعقولترو پۆشتەترە).

(ئاوی زێ پیسەو ناخورێتەوە..!!).

(گۆرانی حەسن زیرەك، زۆر لەعەتابەو بەزمەکانی زهور حوسێنو داخل حەسەن خۆشترە).

بـەردەوام شـەڕو دەمەقاڵێـیان بـوو. بـەدەمو بـەدرۆو بەقسەو بەدەست. لەرێگای چونە مەکتەبو هاتنەوەیان. لەسەر رەحلـە رەقەکـەی پـۆل. جـاری وا هـەبوو لـەم شـەڕانەدا، وا دەشکان هەڵسانەوەیان نەبێت. رۆژی وا هەبوو، دەیزانی وەڵامـیان بداتـەوە، بـەلام، بەعـەرەبی بۆیـان نەدەهات. شەڕ هەر لەسەفینو دەربەندی رایات نەبوو. شەڕ گەیشتبوە، گوندەکـانی خـوارووی عـیراق، کولیەکانی بەغدا، ئۆردیییەکان، مەخفەرەکان. مەلا مەستەفا، لەهەموو ماڵو بازاڕ و مەجلیسـێك بـوو. رەحمەتو لەعنەتی بۆ دەچوو. بەقارەمانو تەیارەشکێنو سەرۆكو پیاوکوژو ئاژاوەچیو نۆکەر ناوی دەهات. چەتەو پێشمەرگە، بەگورگو پیاوخۆرو شاخاتی، بەئازاو پۆلاو شۆڕشگێرو حەیدەری کەرار، ناس دەکرا.

ئـەو دوو سـێ مـنداڵە کـوردە، لـەناو کـەمپو شـەڕدابوون. لەخوێندن زیرەك بوون. لەکەشافەو سێ بازیو خاوێنیو دەفـتەرو کتێـب جوانـی، لەشـەڕدابوون. دوژمـنیـان دەشکاند، ئەسیریان دەکردن. بریندار دەبوون، دەگیرانو لەلوولەی دەبابـەیان دەبەسـتان. تەسـلیم دەبوونـەوە. فیشـەکیان تەواو دەبوو. برسیان دەبوو. تێنوویان دەبوو. نەخۆش دەبوون. حزبی نەبوون و دەبوونە کادیر. چەکدار نەبوونو دەچونە شەڕ. چەکدار بوون و رایان دەکرد.

لـەو سـێ سـاڵەی گوزەرانـیان، پـەیوەندی سەرەکیو گەیشتینیان بەخزمو کەسو کاریان. دەگمەن بوو. ساوەریان بۆ نـەدەهات. شـەیدای سماقی خۆیان بوون. تامەرزۆی دیدارێك بوون. کێ دەچۆوە. مەسرەفی رێگا، بەمەعاشی پۆلیسێك نەدەکـرا. تاکـە پەیوەندیـیان خەونـەکانی " نەجیـبە" بوو. ئەگەر هەموو شەوێ خەونی نەدیبایە. هەفتانە دوو نامە خـەونی هەبوو. هەفتانە، لەکەللەی پۆستی، لەزەرفی دڵی، لەتەلەفۆنی خەیاڵی، بەسلاوی سەردولکەی نووزەو گریانی، پەیوەندیـیان هەبوو. خەونی دەدی، لەخەویدا، دیوارەکەی حەوشەیان پشتی داوەو دایکی دارپاڵەوانێکی ئەستووری پێ هەڵپەسـێرابوو. بەزەنگوڵـەی کەری کورەچییەکان بەئاگانەهاتبوو. بار بار کەرپووچی سووریان بۆ ستارەی خانووەکەیان هێـنابوو. لەخەونـیدا، چـەند بـار کەرپووچـیان بۆ ستارەی سەربانەکەیان کڕیبوو. هەتا دوو ریز خشتەکەی بنەوەشیان تەواوکردبوو، چوار ریزە کەرپووچەکەشیان نەخشاندبوو، بەئاگانەهاتبوو.
هـەر بەخـەون بۆنـی گـندۆرەی دێمی دەکرد. بەشەماڵ فێنك دەبوونەوە. سەرتووی بەتامی جامە ماستیان دەخوارد. یـەك پرسـەی کـۆڵانو خـزمو دەشـتودەری قوتـار نەدەکـرد. لەشاییەکان بەشداری دەکرد. شیوی بووکەکان بەدەستو کـەوگیری ئـەو نەبوایـە نـەدەکولاْ. خەونی بینیبوو، هەردوو کوڕە خوشکەکەی جیرانیان، ئەوە دووەم ساڵە، بەیەکەمی دەردەچـن. دەیـزانیو راستیش دەردەچوو، گەنمو جۆی ماڵی باوکی هات بوەو چەندی هێناوە، کێ سەپانیان بوو. چەند بزنو مەڕیان زاوە. کێ ئاوسە، ئاوسەکانی تر چییان بوە.

نـان خواردنو جگەرەو کرێ هەردوو سەری چونو هاتنیان لەسەر کابرا بوو. هەر وا باو بوو، کابرا هەتا ماڵی خوداش مەمـنون بـوو. دادگایـیەکەی زوو دەکرێـت. دەردەکەوێـت، بەردەبێت، یان حوکم دەدەرێت. پۆلیسەکان بۆ ئەو جۆرە مامورییـە سـەریان پـێوە نـەبوو. پارەکەی وەریاندەگرت، روبعێکیش دەمایەوە. دەچونە دیوانیە، چەند کۆنە برادەرو ناسیاویان دەدۆزییەوە. لەم شارە گەورانەدا، کورد زۆرتر بوو. عەسکەری کوردو کوردی مەدەنی دوورخراوەشی لێبوو. هەواڵی گەرمو زۆرو راستیان وەردەگرت. کەدەهاتنەوە، دەیانگێڕایەوە.

هەمـزەو خالـید بانگکـران، دۆسـیەی تاوانـبارەکەیان وەرگـرت. کەلەپچـەو سـەرو تفـەنگو چـەند پاکتە فیشەکیان لەمەشجەب وەرگـرت. ئـەو شـەوە لەخۆشـیا خـەو نەچـوبوە چـاوی، ئامـادەبوو. کەبانگـیانکرد، هاتـە حەوشەکەو دەرگاکـەیان بـۆ خستە سەرپشت. دینارو روبعەکەی لەمستی نان، ئەوانیش توندو جوان کەلەپچەکەیان لەدەستی توند توند شەتەکدا. خالید، رووی تێکردو پەنچەی دۆشاومژەی راستو قیت لەدەموچاوی راگرت.
(بـزانە، جـوان گوێمـان لـێ راگـرە. ئـێمە ئـەو هـەموو قوربەسـەریو دووریەمان بۆ لوقمێك نانو لەبەر چاوی ماڵو مـنداڵەکانمان قـبوولکردووە. یـەك فـزە، جولەیـەك، تـەواوت دەکـەین. تۆڵـەی حەمە نەجمو هەزاری وەك ئەوت لێ دەکەینەوە. پیاو بە، ئێمەش پیاوانە، دەتبەینو دەتهێنینەوە).

(هەمزە هاتە قسە، گوتی: ئەویش نەتکوژێت، من تەواوت دەکەم، بەقوربانی یەك گوللەت دەکەم، تێگەیشتی..).

(کاکە، بەقوربانتان بم، من مەمنونتانم).

هەرسـێکیان لەرێـز یـەك سـوار بوون. ئوتومبێلەکە بەناو دارخورما باڵا بەرزەکان رێ ی کرد. رێگاکەئەوەندە بەسام بـوو. هەمـزەو خالـید نەبوایـە، کەسـی تـر جورئـەتی نەدەکـرد، پـیاوێکی ئـەم عەشـیرەتە دڕە، بەمەئموری ببات. بەشوفێرەکەیان وت:
رابگریت، کوژراوی. راستو راست ملی رێگا بگرە.
لەناو دارخورماکان دەرکەوتن، دەشتێکی سپیان هاتە پێش، سپیاتیەکە زەوقی خۆش کردن. بەیەکتریان گوت:
ئـەو هـەموو خوێـیە، خوێـی لای خۆمان هی ئێرەیە. حەوت ساڵ بار بکرێت، تەواو نابێت. بەچی تەواو دەبێ. ئاوەو وشـك دەبێـتو دەبێتە خوێ. کارگەو کولانو برژانو کوتانی ناوێت. ئەو دەڤەرە، زۆر سەیرە، یان بیابانەو قووم چاوت دەردەهێنێ. حوشترو عارەب نەبێ کەسی تری لێ ناژیت. یان ئاوی ئەوەندە زۆرە، بەزەحمەت دەتوانی رێ بکەیت.

کەدڵنیابوونو لەناوداران دووركەوتنەوە، دەستێكی كابرایان كردەوەو لەدەستی خۆیان گرێدا. بواریاندا جگەرەیەكی جمهوری داگیرسێنێت.
یەكەم مامۆری خالیدو سەركەوتنیو سەلامەت گەڕانەوەیو هێنانی یەكێكی تر بەسەلامەتی، ئیشی تریان پێسپارد. بۆ دوورتریان نارد. پیاوی ترسناكو چەورترو جەربەزەتریان پێ نارد. بەتەنیا، خۆیو تفەنگە ئینگلیزییەكەی بۆ نوگرە سەلمانو سەماوەشیان نارد.

(پیاوەكە، تۆش وەك حەمە نەجم خۆت بەفەتارەت دەدەیت. ئەوانە جێ متمانە نین..!!).

(ئەو خەتا خۆی بوو، ئێمەشی لەگەڵ بوو، كەس پێ نەوتبوو، برۆ سەری، گوتیان، پیاوەكە خۆی داوێتە سەر چەقۆ، مادەی زۆری لەسەرە. چەند جار مەفرەزەی هاتوتە سەرو دەستی نەداوە. تفەنگچیەكی چاكە. نیشانشكێنە. بێ ویژدانە).

بەژنی چاورەش، سمت خری ناو عەبا، باڵا بەرزی شمشالی. ئەویان بەبیر دەهاتەوە. سەد رەحمەتت لێ بێت. بەیەكەوە دەیانگووت:
دەیگووت، سمێلی زلم، تۆرە، داوە، چەندین ژنی پێوەبووە. بەلاش نییە، پەروەردەی دەكەم. خەنەی دەكەم. دایدەهێنم، لەجگە گورگ كاریگەرترە. ژنە ماستفرۆشەكە، لەبەر خاتری سمێلم، كام ماست پەیتو شیرینە بۆ سمێلم دادەنێت. ژنە ماسیفرۆشەكان، دەڵێن، ماسیەكەمان، تەڕو ناسكو تازەیە، وەك سمێلت. چەندی پێمان دەگووت، كورە حەرامە، ئەوە زۆر گوناحت توش دەكات. ئەوەیە، راتدەكێشێت، گوناحت پێ دەكات، شەیتانە، ئەو ئاوەی دەیخۆیتەوە حەرامە. كورتی كە..!!! قەڵەمی كە. گاڵتەی پێ دەهات. حەقی بوو، لێیخواردبوو. بەزمی خۆشبوو. بەزمەكانی ماوەی شەوانی پاسەوانیەكانی كەمو كورت دەكردینەوە. ئەدی كەبەعەرەبی قسەی دەكرد، ئەوەش بەزمێك بوو.

(ئەوە تۆ پێنج ساڵت تەواوكرد، ئافەرین، خودا قوەتت بدات..!!).

(ساڵی یەكەمم زەحمەت بوو. تەنیابوم، نە لەكەس دەگەیشتم، نە كەسیش لێم تێدەگەیشت. مەفرەزە بوین. لەو بیابانەی پشت نوگرە سەلمان، دەسورواینەوە. پۆلیسو حوشتری لێبوو. حەرەس حدود بوین. بۆ ئەوان باش بوو، من ئاگاداری هیچ نەبووم. نەمدەزانی چی دەكەن. قاچاغچیو بازرگانم لەیەكتری نەدەكردەوە. هەر خۆیان دەیانگرتو هەر خۆیان ئازادیان دەكرد. من ئەوەندەم لەسەربوو، كەلەپچەكەی دەستی توندو شل بكەمەوە. كەفێربوم. منیان گواستەوە. كە لەئیشەكە فێربوم، منیان بۆ ئێرە رەوانكرد. چاوم لێ نەبوو. چاوم لەهەواڵێكی منداڵەكانم بوو. سێزدە مانگ3ان لەو بیابانە سورامەوە. وەك حوشتربوون، تێنوویان نەدەبوو، درك بوون و گەرمایان نەدەبوو. لەو دەشتە پانو بەرینە، زیندانی كرابووم، حەپس بومو نەمدەزانی. زیندانی چییە، دابراو، بێ هەواڵ. لەژووری گەورەی زیندانی بیابان دەسورامەوە. ژوورەكەمان پانی سەدان كیلۆمەتربوو، درێژیەكەی زۆرتر. لەلای من چەند شەقاوێك بوو. ئاسمانم بەسەردا نەگیرابوو، بەڵام من هیچم نەدیت. ئاودەستو سەرشۆرو بەردەنوێژی لێ نەبوو. كەسم نەدەدیت، ئەوەی دەمدیتن، من لێیان حالی نەدەبووم. واتە لەژووری تاكەكەسی بەندكرابووم. ئینفرادی بوم. چاوەڕوانی دادگام دەكرد. ئەبەدی بوم، چاوەڕوانی دابەزینم دەكرد. لەبیاباندا، تەنیایی تاڵە. نامۆیە. بەترسە. ئینجا لەبیابانێكی بێ سنوور. نەمدەزانی لەكام خاڵی سەرزەوییم. نەمدەزانی لەسەر نەخشە، لەسەر كام هێلم. كەسیان بەناوی خۆم بانگیان نەدەكرم، كاكەو بەس. خۆم ناوم كاكەبوو، باوكم، خزمو كەسو هاورێكانم هەموویان وەك من ناویان كاكەبوو. كورد هەموو ناوی كاكەیە. قەیدو تۆمارو دەفتەری ناوێت، بنوسە كاكە، هەڵە نییە. هەتا لەو بیابانە بووم، بەزمانی كوردی قسەم نەكرد، تا كوردیم لەبیر نەچێتەوە، تا خۆم بەتەنیا نەزانمو بزانم ماوم، لەبەر خۆم قسەم دەكرد. خۆم پرسیارم لەخۆم دەكرد، هەر خۆشم وەڵامم دەدایەوە. خۆم كاغەزم دەنارد، خۆم پۆستەچیو نوسەرو دوكانی مەلا حەسەن، دوكانی حاجی واحید، وەڵامم وەردەگرتەوەو مەلا برایم بۆی دەخوێندمەوە. بەهەمان رێگاش وەڵامەكەم دەگەیشتەوە دەست..!!).

لەبیابانا، لەبێ ئاویو لەگەرما دەخنكێت. لەئەهوارەكانا، لەناو ئاوا مەترسی خنكانت لەسەرە...!! بۆ كوشتنو نەگەڕانەوە، ئەوانیان رەوانە كردووە. دوێنێ، حەمە نەجم تەرمەكەی گەڕایەوە.! ئەوان ئەگەر لەو بیابانەدا گوم بن،

تەرمەکانیشـان نادۆزرێـتەوە. لـەناو ئـەو زەلکاوانـەدا، رۆژانـە بەو بەلەمە باریکو کون کونو خوارانە، دێنو دەچن. رۆژێك نقووم دەبنو لاشەکەیان ماسی برسیو تەیرە ماسیگرەکان، هەنجن هەنجیان دەکەن.

* * *

ئـەوانو هەزارەها کەس هیوایان بەرووداني ئینقلابێك بوو. بەعەسکەر هاتنە ناو جادەی ناو شارەکان، گرتنی سەرۆك، رووخـانی وەزارەتـی بەرگری، لەسێدارەدان. بەقەدەغەی شەوو رۆژی گەرانو توندکردنی زاڵگەکان، بەگرتنی بەکۆمەلی ئەوانـەی دوێـنی وەزیـرو قائیـد فـرقەو موتەسـرف بـوون... ئەوە هیوای سەدی وەك خالیدو هەمزەو حەمەنەجم، پێش کوشتنی بوو. هیوایان وابوو. چاوەروانی ئەو دەبابانەبوون، بێنە سەرجادەو ئەوانیش بەنەفەرات سواریان بن. یان بەزۆر لوولـە گـەرمو درێژەکانـیان بسـورێنەوەو بارگـەو پرێسـکەکانیان لەسـەر ملـیان دانێن. بۆ هەولێرو هەڵەبجەو رواندزو چەمچەماڵو دەربەندیخان بیانگوازنەوە. دەبی وابێ دەبابەکان بکەنە تاکسی، یان عارەبانەی دوو چەرخە. خۆیانو ماڵو حاڵـیان بخەنە سەر پشتی. دەبی تفەنگە ئینگلیزییەکانیان دەبابە شکێن بێت. ئەگەرنا ئەوان چۆن دەتوانن ملی دەبابە بسـورێنن، رەنگـە بەگـەرم کردن ئاسانتر بسورێتەوە. ئەوان هیوایان زۆر هەبوو. لەبن دیواری مەخفەرەکە، یان ئێواران لەقاوەخانەکـەی نزیکـیان بیرو پلانـیان بـۆ ئیـنقلاب دادەنـا. هەر کودەتایەکی سەربازیو بەیانێکی سەربازیو چەند ئەفسـەرێکی وەتـەنی دەتوانـی ئێمە بگێرێتەوە. یەکسەر لەمەخفەری قائمقامیەتی شامیە بۆ مەخفەرەکانی خۆمان. زۆریـان کۆشش کرد. نامەی شێخو ئاغاکان دادی نەدا. راستگۆیی لەواجبو خۆخستنە سەر چەقۆ. سوودی نییە. هەر کودەتـای سـەربازی دەتوانـی. بەیـەك شـەو تـاجو کۆشـكو رادیۆو دەستەڵاتی نوری سەعید نەرووخا. مەلیكو دارو دەستەکانی سڕانەوە.

(ئەو کودەتایەی رووی دا، ئاگرەکەی خۆشتر کرد، خوێن زۆرتر رژا، خوێن هەتا چۆکان هات).

(هەر ووس بە ووس. ئەوان دەڵێن، شۆڕشەکەمان سپییە.!! خوێن نەڕژاوە).

پـاش ئـەو ئیـنقلابە، ئەوانـەی نەگیرابوون گیران. ئەوانەی فەسل نەکرابوون، فەسلکران. خەڵکێکی زۆر دوورخرانەوە. زیـندانەکان پـربوون. دادگاکـان پـێ رانـاگـەن. لۆرییـەکان راوەسـتانیان نـییە. شـیوعیەکان جارجار موژدەو هەواڵو سـلاوێکیان پێـبوو، ئەوانـیش گـیران. بـەدرۆ یـان بەراسـتیان بـوو، جار جار ناوی کوردستانیان دەهێنا. دڵیان خۆش دەکردین. ناوی هەموویان لەلابوو، هەموویان لەژووری کردن. ئەم دەرگایەشمان لێ گیرا. ئەدی ناڵێن، خودا یەك دەرگا دابخات، سەدی تر دەکاتەوە. سەدی پێناکرێتەوە. لەگەڵ ئەوانە زەحمەتە. ئەوانە بەس دەرگا دادەخەن.
فەتواکەی سەید موحسینی ئەلحکیم، یەك دەرگا بوو، بەڵام سەد پەنجەرەی رووناکی تێدابوو. پاش ئەوەی گوتی:
کوشـتنی کـوردان حـەلاڵ نیـیە. کەداواکـەی حکومـەتی ماندەلکـرد. شیعەکان، بەتایبەتی ئەوانەی فوراتی ناوەند، ئـەوانی ئـەو دەڤەرە، سۆزیان بەرامبەر کوردەکان دەنواند. بەئاشکرا، خەباتی مەلا مەستەفایان بەرەوا زانی. بەرقەوە نـیگایان لەمـنداڵە کوردەکـان، ژنـەکان، نەدەکـرد. مامەلەیان خۆشترو نەرمەتربوو. بریا ئەو زاتە زووتر ئەو فتوایەی دەرکردبایە.

ئیـنقلابەکە هیچـی بـۆ نەکـردن، لەجیاتی بگەرێنەوە شارەکانیان دوورتر خرانەوە. توندتر کرا. چیمەنتۆ کران..!!..؟؟ مفاوەزاتەکانـیش هـەر هـیچ..!! ئـەوان ئـێمەیان بەبەزییوو راکردوو دەناسن. دوا داوا داوای گەرانەوەی ئێمە دەکەن. ئەوان دەڵێن:
زۆریـان تەڵاقیان نییە. بەشاهیدی زیندوو، تەڵاقیان خواردبوو، ئەوانیش بێن...!! نەهاتن، چاویان مۆنکردەوە. ئیمرۆ سـبەینێان پـێکردین. خۆیان ماتکرد. هەتا قۆلبەستیانکردنو سواری قەتاریان کردن. خۆدەیانتوانی لەیەکەم مۆڵەتیان نەگەرێـنەوە. منداڵەکانیان نەبەن، دشداشەیان لەبەر نەکەن، بۆ حەسەنو حوسێن، سینگ نەکوتن. دەیانوانی سەد فێل بدۆزنـەوەو بێـنەوە. تفەنگـیان نەهێـنا. با بێ تفەنگ هاتبانە، بێ چەك، چەکمان هەیە. برنۆی وامان بۆ هاتووە، دار شوشە. خاوێن لەناو گریزی. باشە، کەرۆیشتن، مەعاشیان هەیە. مانگ بەمانگ موچە وەردەگرن. پازدە، شازدە دینار پارەیـە. ئیـنجا، ئابوونەکـە نـادەن. ناویـان نوسـراوەو پـارە نـادەن. گوایە دەیدەنو دەخورێت. پارە چۆن لەسەماوەو مشـخاب دەگاتـە بێتواتەو چەمی رێزان. لەهەولێر نەدەگەیشت. دوو دەست دەرۆیشت، بزر دەبوو. ئەدی سەد دەست، سـەد شـارو کۆبوونـەوەو راپۆرت بکات. چۆن دەگاتێ...؟؟ ئەوان زۆریان لەدڵە. دوا داوا، داوای ئێمە دەکەنەوە. ئێمە لەزڕ بابینە. بیژیین...!! (داوای چی دەکەن..؟؟)

(خوێـندن کـوردی بـوو. ئاغاکـان، زەوییەکانـیان لـێ سەندرایەوە. جوتیار، خاوەن زەوییە، ئاوی هەیە. موتەسەرف کوردبـوو، قائمقـام کوردبـوو. ئۆردی سەدان سەربازی کوردی لێبوو. لەو هەمـوو شارە یەك پۆلیسی عەرەبی لێنەبوو. هـەموو کوردبوون، مامور مەرکەزەکان کوردبوون، مامور نفوسەکان، تەجنید، تاپۆ. ئێستا داوا دەکەنەوە وەکو خۆی لێبێتەوە. دەزگاکان، کاربەدەستەکان، کورد بن).

(هەر لەبەر ئەوەی یەکەم داوا داوای ئێوە ناکەنەوە، بۆیە شۆڕشەکە بەشۆڕش نازانی....).

خالـیدو هەمـزە، ئەو شارو گوندو عەشایەرەیان سەرو بنکرد. لەشێخەکانیان پرسی. لەدوکاندارەکان. ماسیگرەکان. سـائیق پەسـتەکان. هـەموویان راسـپاردبوو. پۆلیسێکی عەرەبی ناوچەکەیان بۆ بدۆزنەوە. پۆلیسێك خەڵکی شامیەو ئەبوسخیرو حەمزەو قاسمو.. بێ، لەهەولێر بن، لەمەخفەرەکەی قوشتەپە، لەدارەمان، لەپردێ بن.. بگۆرنەوە. پۆلیس بەپۆلـیس. پۆلیسـی مەشـات، بەپۆلیسـی مەشـات. هـی سـوارە بەپۆلیسـی سـوارە. یـەك بەیـەك. نەخوێـندەوار بەنەخوێـندەوار، نـەبوو. دوو بەیەکـیش نـەبوو. رەقەمەکەی یەخەی لەبەربوو، هەر بیانوتبایە هەیە، رەقەمو ناوەکەی دەدایـێ. ئـەوەندە سـاڵەی ئـەوان لەو ناوچانە سورانەوە. نەیانبینی، پۆلیسێك بگەرێتەوە. پۆلیسێك دوو براشی جاش بـێ. پۆلیسـێك عەشـیرەتەکەی هـەموو بەیەکـەوە جـاش بـن. خـزمو کەسی دوو گوندی سوتاندبێت. نەبوو، کەسیان نەدەگواسـتەوە. بـڕیارەکەیان چارەنووسـسازبوو. لەپۆلیسـی کوردیـان خواردبوو. شۆڕشەکە بەوانکرا. بەتفەنگی ئەوان تەقەکرا. ئەوان پارەی بانقەکانیان بۆ شۆڕش برد. ئەوان زیندانەکانیان شکاند. مەخفەرەکانیان تەسلیمکرد.

(مسلم..!! بەعەباس بڵێ، واز لەحوسین بهێنێت، بێتە بەرەی ئێمە، مولکی ئاوی فوراتی دەدەمێ).

تەیـر بـێ ئـەو نـاتوانێ دەنووکـی بۆ ئاو خواردنەوە، لەجۆگەیەك خواربکاتەوە. مەرەزەکان، رەگی قوولی دارخورمای بسـتانەکان، بـێ فـرمانی ئـێمە ناتوانی ئاو لەناخی زەوی هەڵمژی. ئێمە ئەمیر ئەلموئمنین، پێنج خەلیفەی ئیسلامین، جۆگـەو جۆبـار بەئەمری ئێمە، راست، یان خوار دەروات. ماسیەکان لەئاو دەردەهێنین، دەیانخنکێنین ئەگەر سەرپێچی فـەتوامان بکـەن. ئەوانـەی لـەو ناوچەیەی دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی ئەو. عەباس دەبێتە والیو دەستەڵات، والی ئەو دەڤـەرە دەوڵەمـەندە. ئـیمامی عـەباس رازی نـەبوو، ئەو فەرموودەی باوکی لەبیرمابوو: لەچوار هەزار درهەم زۆرتر، گەنجینەو سەرمایە، ئەوەش بەشی میللەتە.

شـەڕ گـەرم بوو. سەردارو هوشیارو هەموو منداڵە کوردەکانی تریش ئەوانەی لەخوێندنەوەی دووانبێژی حوسینیەکە تێدەگەیشـتن. بـەکوڵ دەگـریان. دەگریانو نووزەو فینگە فینگیان تا ئەو سەری گەرەك دەرۆیشت. سەدای خوێندنەکە، گـریانی قەومەکـە، دەگەیشـتە، سـەربانەکان. ژنـانی سەربانەکان، ئەوانەی سەری پێچراویان لەسەر ستارەکان بەریزە دیاربوون. ئەوانیش بەگریان بەدووکەڵی سوتان. بەسوتانی هەناو وەڵامیان دەدانەوە.

حوسـینیەکە، شوورەیەکی بەکەرپووچی یەك ریزی بەرز راگیرابوو. چەند ژووری بەکلیلو قفلی توندی هەبوو. سەکۆیەك بـۆ دووانبـێژەکە. لـەبن دیوارەکـە کورسـی درێـژ رێزکـرابوون. لەبـەردەم کورسـیەکان سەدان حەسیر راخرابوون. سەر کورسـیەکان، سەرحەسـیرەکان، سـەردیوارەکان، سـەربانەکان، لـەدەرەوە، لەکۆڵانەکـەی پشـتو پێشـی خـەڵك بـوو. راوەستابوون، دانیشتبوون، لەسەر چینچکان، لەسەر ئەرزا خەڵك بوو. منداڵەکان، لەناوەندی حەوشەکەدا، لەبەردەمی وتاربـێژەکەدا بەیەکـەوە، دوو سـێ رێـز دادەنیشـتن، بۆیـان دەگـێڕایەوە. کـۆرس بـوون، بەڵام کۆرسی پرسە، کۆرسی پەشـیمانیو گـریانو فرمێسـك رشـتن. بـەیانی دەی موحەرەمـە، حەرامـە ئـەو شەوە کەس بخەوێت. گوناحە. نەوەی عومـەرو معاویـەو شمـەرن، ئەوانـەی ئـەو شەوە دەخەون. ئەوانەی دەچنەوە ماڵێ. ئەوانەی نەزری حوسین تام نەکەن. ئەوانـەی بـرنجی بەزەعفـرانی خـێرکەرەکانو چێشتی حوسینیە نەخوات. هەموو رەشپۆش. ماتو مەلوول. گوێیان بۆ دەنگەکـە، چـاویان لـەکورە بچوکە وتاربێژکەیە. ئەوەی ئەم شەو هەزارەها دیناری بۆ فرێ دەدرێتە پێشی. چاوەروانی سەدای خوێندنی کوشتنەکەن. بەرەبەری بەیانی حوسین دەکوژرێت.

(خالید، تەماشاکە، ئەو دوو کورەت، چاویان چۆن سوور هەڵگەراوە، بزانە چۆن پووت بوونەتەوە).

(بۆ خێرە.؟!).

(لەخۆیان بپرسە، با خۆیان قسە بکەن).

چۆن نەگرێین..!! پیرو گەنج. بەدینو بێ دین. منداڵبازو عارەقخۆر. حەرامخۆرو پیاوچاك. مامۆستاكان. هەموو خوێندكارانی مەكتەبەكان. هەموویان بەیەكەوە. سۆزی لاواندنەوەكە، گەرمی بێژەكە، بێدەنگی ئامادەبووان. سوتانو فرمێسكیان دەوەراند. رەوشەكە ئاسنی دەتاواندەوە. سونەو شیعە نازانی...!! كوردو عەرەب نازانی...!! رەوشەكە وایە. ئاوی فوراتیان دایە عەباس وەرینەگرت، دوایی بۆ قومێك ئاو چوو. داوای ئاوی كرد، بۆ ژنو منداڵەكان. بۆ قوڕگی منداڵەكان، داوای قومێك ئاوی كرد. ئاوو مولكی ئاوی نەویست...!! ئاوی بۆ قوورگی وشكو نەخۆشی بەر سۆرەتاوی ویست...!! قۆڵی راستیان بڕی. هەر شەڕی كرد. مەردانە هاتەوە پێش. قۆڵی چەپیشیان بڕی، هەر هاتەوە مەیدان. شێر ئاسا، دەینەڕاند. بەدەمی شەڕی كرد. شێرەكەی توند بەددانەكانی گرتبوو. شەڕی كرد، هەتا كوژرا.
شەوی دەیەمی موحەرەم، تا بەیانی لەگەڵ هەموو خەڵكی شار. لەگەڵ دارخورماكان، لەگەڵ ئەستێرە ماندووەكان، لەگەڵ خەمو فرمێسكەكان. نەنوستنو هەر گریان.
خۆیان كوشتیان، دوێنێ كوشتیان. حوسێنیان كوشتو سەریان بۆ معاویە، بەخەلات بردە شام. كورو پیاوو گەنجەكانیان هەموو كوشت. ژنو كیژو نازدارەكانیان بەئەسیری، بەدەستو كەلەپچەوە بەرەو كۆشكی رازاوەی ئەمیری ئیسلام بۆ شام، بۆ پایتەختی ئیسلامیان برد. دڵی سوتاویان بەدیاری بۆ دڵو زەوقی گەشو رازاوە برد. خۆیان كوشتیان، خەڵكی ئەو دەڤەرە، كەسی باكوورو فارسو مەغۆل نەهاتن بەیانكوژن. ئەوانەبوون. ئێستاش، بەكۆڵ، بۆیان دەگرێن. بەزەنجیری چەند كیلۆیی لەشانو پیلی خۆیان دەدەن، پشتیان قەتماغەیە، هەر واز ناهێنن. سەریان دەدەنە بەر شیری تیژو ناوەندی سەریان دەتاشنو كفنی سپی دەپۆشن. بەهەردوو دەست، لەسینگو روویان دەدەن. ژنان بەنازەوە لەرووومەتیان دەدەن. كۆرە دەبن، دەبنە قوربانی. سەرو سامانیان لەو مانگەدا، لەو دە رۆژە دەكەنە قوربانی، هەموو گرانەكان بۆ ئەم بۆنە، هەرزانە...!! ئەوەی یەك دیناری لەدەستی دەرناچێت، لەم مانگەدا خێرو خواردن دروست دەكات. پارە دەبەخشێت. ئەوەی ساڵ دوازدەی مانگ مەستو خەیالە، نێربازو مێبازە، لەم مانگەدا دەگەڕێتەوە. رەمەزانێكە بەتقوسێكی تر. مەولودێكە بەشێوەیەكی تر.

(وەڵا، ساڵێكی تر، لەموحەرەمی داهاتوو، ئێمەش كراسی دشداشەی رەشمان دەوێت).

(لەرێزی دوایی كاروانی درێژی لەخۆدانەكانەوە دەرۆین).

نەجیبە هاتە قسەو گوتی:
(دیارە ساڵێكی تریش لەو كاول بووە دەمینێنەوە، دوا ساڵە. لەسەر مەكتەبی ئێوە راوەستابوم. ئەگەرنا بەپێیان چووبوومەوە، دەچومەوە..!!).

(دایە، بەپێیان بەچەند ساڵو مانگ دەگەیتەوە).
دەستی درێژكردو لینگە نعلێكی كەوتە بەر دەستیو بۆی هاویشت. بەفینگە فنیگەوە جنێوی بۆ بابو باپیریشی رەوانەكرد.

سەردار مانای ناوەكەی خۆی بۆ زۆر هاورێیكانی بەهەڵە كردبووە عەرەبی. واتای سەرداری، بەشتێك دەزانی لەسەرداریێ بێ. ئەوانیش بەگاڵتە پێیان گوتبوو: وەك تەیرو تار، وەك شەمشەمەكویرە، بەڵام بەبەرواژی. قاچەكانی بەدارەوە. سەری لەخوار. ئەدی چۆن وا لەناومان دانیشتویت. بۆ قاچەكانت بەهەواوە نییە. رۆژێكیان ئەویش هاتە وەڵام، بەخوێندكارە بزۆزەكەی پۆلەكەی گوت:
(ناوی تۆ چییە، لەفتە..!! لەفتە، لە" تفلە" واتە تف بەكوردی، نزیكە).

هێشتا قسەكەی تەواو لەدەمیا دەرنەچووبوو، یەك بۆسكی بەهێزی لەفتە سەری بەمێزە رەقەكەی پۆلەكە وەناو لاچاوێكی تەقاند. دەفتەرو كتێبەكانی بەخوێن سووركرد. لەفتەی دەستگرانو شەڕاوی وای لێدابوو. سەردار بۆی نەدەكرا لەماڵەوە بیشارێتەوە. دایكی زانی، هیچی بۆ نەوترا، دەستەڵاتی نەبوو. نە ماڵەكەی دەناسیو نەعەرەبی دەزانی. ئەگەرنا ئەوە بەئاسانی لەسەر نەجیبە گوزەری نەدەكرد. خالید نیوەڕۆ هاتەوەو دەمو چاوی سەردارو لچی شۆڕی دایكی دیت. عەقڵی لەكەللەی نەما، نانی نەخوارد، پشتی نەكردەوە. پۆستاڵەكەی توندكردەوە، دەستی سەرداری گرت، لەدوای خۆی رایكێشا، بۆی دەرچوو.

رەئیس عورەفا یونس دوو سێ مانگ بوو، لەبەر لێوەشاوەییو چاپووکی بۆ ئەم قەزایە هاتبوو. پیاوێکی سووری چوارشانەی خوێن گەرمبوو. لەگەڵ عەریفو نایب عەریفەکانی تری هەولێر سوێندی خواردبوو بچێتە دەرەوە، بەڵام لەدوا رۆژەکانی دەرچوونیان پەشیمان ببۆوە. خۆی بەشەرمەزار دەزانی. زۆری لەباربوو. بۆ کوردەکان ئیشی زۆری دەکرد. شەوانە بەتەنیا، یان بەهاوکاری یەك دوو کەسێ، دزی دەگرت. حیزی دەگرت. پیاوی بەتەمەنی لەسەر منداڵان دەگرت. لەچاوی ماری نەدەگەڕایەوە. کەس نەبوو قسەی لەقسەی بکات. قائمقامو مەئمور مەرکەز ڕێزی زۆریان دەگرت. دەستی گرانبوو. دارە سوورەکەی بن هەنگڵی، حوکمی برنۆیەکی عەشایەری دەکرد. کەغەدارە کورتەکەی دەست دەدایێ وای دەزانی قەڵەم پەندانێکە لەگیرفاتی دەنێت. شەوانە یەك دوو قومە عەرەقیشی دەخواردەوە، زیاتر هار دەبوو. سوورتر دەبوو.

(وەرە تۆ خەڵکی ئەو شارەی، ماڵ بەماڵ، رەشماڵ بەرەشماڵ، قەمیش بەقەمیش ئێرە دەناسی. هەر ئێستا باوکی ئەو "لەفتە"یەم بۆ بدۆزەرەوە، ئەگەرنا حەشرەکە بەتۆ دەکەم).

پۆلیسێکی عەرەبی بەگەڵ چایەچییەکە دا، هەندی بلێت یەكو دوو، جاسم عەوادی باوکی لەفتەیان لەپێش رەئیس عورەفا یونس راگرت. وەك کێشکەی بەرباران دەلەرزی. چۆن بەرچاوی کورە کوردێکیان شکاندبوو، خراپتر بەرچاوو لموزی بۆ چاکرد. یەك تفی گەورەشی لەدەموچاودا. بەعەرەبییەکی شڕیش تێر جنێوی تەڕی کرد. ئەوی بەرێکردو بەسەرداریشی گوت:

(کوڕم، من کوڕی گەورەم لەلای دایکم لەهەولێر جێهێشووە، مادام لەمەکتەب زیرەکی تۆ لەرێزو خۆشەویستی مەوفەقی کوڕمی. بەیانیش لەپێش هەموویان، یەك بەدەنگی خۆت، هاواری لەسەر بکە، پێیان بڵێ: ناوی من سەردارە. واتە، سەرۆك، برا گەورە، پێشەوا. ناوی تۆش، تفلەیە، نەك لەفتە..!! تێگەیشتی).

شەوانە قوومە عەرەقەکەی کردە دوو قوم. نیو چارەگی کردە یەك چارەگ. بەئاشکرا دەیگووت، ئەگەر لەبەر ئەو منالانە نەبێ شەوانە ناچمەوە، شوێن بۆ من زۆرە. شەوچەرەی شاهانەم بۆ رێکدەکەوێت. دەیگووت، ئەگەر یانسیبم بۆ دەربچێت، نیوەی بۆ ئەولا دەنێرمو نیوەکەی لەداخی ئەولا ئەیدەم بەعەرەق. ئەگەر لەبەر واجبەکەم نەبێت بەرۆژیش دەخۆمەوە. خواردنەوەیە، هەموو شتم لەبیر دەباتەوە. بەقوومێك عەرەق دەفڕم، باڵ دەگرم. دەفڕم، دەگەمە لای عەریف سلێمانو سەمەدو عوسمان، دەگەمەوە لایان، من چیم داوە لەم مەملەکەتە. بۆچی دزو حیزی ئەوان بگرم، با هەر یەکتری بدزن، با هەر سواری یەك بن، با هەر فێرار بکەن.
بەزمی ئەو بەردەوام بوو، تا شەوێکیان زۆر دەخواتەوە. زۆرتر سەرخۆش دەبێت. بەلادادێت. خۆی دەکاتە سەر مێزی چەند ئەفسەرو پیاوانی گەورەی حکومەت. سەری وەك گۆی زەوی سوڕابوو، وای زانیبوو لەلای خۆیانە. بەسۆزەوە، لەناخی دڵەوە وتبووی زۆرمان نەماوە رزگارمان بێ. کەئەوێ تەواو بوو، کەئەوێ لەزۆرداران پاککرایەوە. دەسورێنەوە ئێرە، لەشۆڕشی بیست، شێخ مەحموود بۆ هاوکاری شۆڕشی بیست هاتبوو. ئێمەش دێنەوە. ئێوە حەقتان لەسەر من هەیە، قەرزاری چاوی رەشم، تیری چاوە رەشەکان رووم سوور دەکات. لەچاوە رەشەکان ماسی سپی دەبینی. لەچاوی رەشی نازدارەکان سەرکەوتنی خۆمو هەمووی وەك خۆم دەبینم. دەچمەوەو دێمەوە، هەموویان دەهێنم. برنۆو رەشاشە برێنەکان دەهێنم. چاو رەشەکان دەهێنم. بێ چاو رەشتان دەکەم. با چاوە قاوەییەکان بۆ ئێوە بێت. هەموو چاو رەشەکان بەشی برسی وەك من ناکات..!! هەموویان گڕ دەدەم. من بەو چاو رەشانە پیاوم، من بەتفەنگی برنۆ چاو رەشم. هەڵسن..!! ئەگەر پەلەتانە، من ئێستا ئامادەم، پێشتان دەکەوم، وەك غاندی هیند، وەرنە دووم، دەچینە راوە زۆردارو زالم....وەرن من لەپێشەوەو ئێوەش..

رۆژانە وشەی چاورەشی هەر زاری بوو، نە چاوی رەش بوو، نە برۆی، نە برژانگی. لەزمانو دەستو تفو قامچی دەترسان، ئەگەرنا ناویان دەنا یونس چاورەش. ئەو دەیگووت، ئێوەی چاوحیز، هەر بەدوای چاوێکی رەش دەکەونو ناوێرن بچنە ناو چاوەکە. لەژنتانو لەمێردیان دەترسێن. چاوی رەش، لەگۆشەی چاوی رەشەوە زۆرم دەست دەکەوێت. نیگای چاوی رەش، کونی کلیلی دەرگای حەوشەی داخراوە. چاوی رەش پەنا پەردەی پشت دەرگای کراوەیە. بەچاوی رەش دەرزی پەنجەرەو دەرگای داخراوو کولانکەی ستارەی بەرزی سەربانەکانیش دەکرێتەوە. بەیانی پێیان گوتبوو: ئەگەرچی قسەکانی دوێنی شەوت بێ سەرو بن بوون. بەڵام شتێکت لەدڵە. هەناوت پیسە، مێشکت بۆگەنە. کەمێ بۆت پاك دەکەینەوە. ئاقلت دەکەین. دەستت بروات، چیات لەپشت بێ. جوت جوت دەمانبریتەوە.

پـاش ئـەو چـەند جنـێوە، بـردیان دارکاریـەکی چـاکیان کردبوو. کەئازاد کرا. ژنو منداڵەکانی ناردەوەو خۆشی بۆی قوچاند.
یونـس قارەمـان، لـەکن حکومەتیشو لەواجبدا رئیس عورەفای مەرکەزی پۆلیسی قائیماقیەتی قەزای شامیە، لەناو عەرەبەکانـیش ناسـراو بەئـەبو مەوفـەق، لەفـتە جاسـم عەوادی بەبابەوە تەمبێ کرد. جارێکی تر کەس نەوێرا گاڵتە بـەناوی کـوردان بکات. کەسی تر نەوێرا دەستی رەشی بۆ سەر روومەتی زەردی کوردێ درێژ بکات. لەتاکە فڕنیەکەی شـارەکەکوردەکان بەبێ نۆرەو بێ راوەستان، ژنو منداڵەکانیان نانی برژاوو جوانیان بەردەکەوت. ماسی نوێو خورمای تەڕیان، هەرزانتر وەردەگرت. بەڵام دەستەڵاتی ئەو دەرەقەتی گاڵتەکردنی هەموو شارەکە بەناوی عومەری کوڕی کاکە تـەها نـەهات. کـۆڵان بەگچکەو گەورەکانەوە، دوکاندارو مێوەفرۆشەکان، پۆلەکان بەچاودێرو فەراشەکانیشەوە. کەس نـەبوو توانجـی لـێ نـەدات. گوناحی ئەو چیبوو، ئەو لەگوندێکی خۆشناوەتی، لەناو شاخو دەوەنێکی سیحراوی، ناوی خەلـیفەیەکی موسـلمانی عـەرەبی لێنراوە. عەرەبیش لەخەڵاتی ئەوا سەد جنێوو هەزارەها توانجی تێدەگرن. یاری ناو مـناڵانی لـێ قەدەغـەبوو. رێـزبوونی بەیانـیان، کەشـافەو یـاری بـەریدو کورسی کورسیانێ، سێ بازو یەك بازی لێ قەدەغـەبوو. لـەدایكو باوکی دوور نەدەکەوتەوە. زۆر جار لەپێش ئەوانیش جنێوباران دەکرا، نەك خۆشی خەلیفەکانی تـریش، ئەبوبکـرو عوسمانـیش، سـەد لەعنەتـیان بـۆ دەهات. ناوی ئەو گوندەی لێ لەدایکبووە، ئەوەی ناوی لێناوە. ئـەوەی شـیری داوەتێ. ئەوەی نفوسی بۆ دەرهێناوە.مامانەکەی. هەموویان تێر جنێو دەکرد. هەر لەتۆڵەی ئەوە لەوێ خۆشـناوەتی تۆپـباران دەکرێـت. جاشو جەیش دەیسوتێنن. لێرەش لەتۆڵەی سەری پیرۆزی حوسین، بۆ کورسی چەوری ئـیمامی عـەلی. ئـەو بـەردباران دەکـرا. ئەو گەمارۆ دەدرا. هێرشەکە توندبوو. گەمارۆیەکە سەخت بوو، نەفسبڕیان کـردبوو. چـاویان لـێ سـوور دەکـردەوە. ناچار تەها خۆشناو، ناوی کوڕەکەی گۆڕی بەعیماد. ئەو بەزینە، لەدوورەوە شکانی یونس قارەمانو هەموو ماڵە کوردەکانی قەزای شامیەو لیوای دیوانیە بوو.

(ئـەو بەزمـە ماوە، هەر رۆژێ بەزمێکە...!! غەریبیو بێکەسیو برسیو رووتی بەس نییە، هەر رۆژێ بەزمێکمان بۆ دەهێننەوە. وەڵا سەرت پانە..!!).

(من چی بکەم، نیوەی خوێندکاران گاڵتەم پێ دەکەن. بەگاڵتە پێکردنەوە دەست بەپشتی سەرم دادەهێنن).

(دایکـیان لەلانکێیان نانێن، نایانبەستنەوە، ئەو منداڵەی بەمەلۆتکەیی نەبەسترێتەوە، کەگەورە بوو عەجول دەبێت. لاسـار دەبێـت. ئەوان فڕێیان دەدەن. هەر دەبن لەناو میزو پیسایی دەتولێنەوە. سەریان دەڵی بەلەمە، ئەنگۆش پێیان بڵێن سەرتیژ).

کێشـەی عومـەر ناوەکەی بوو. ناوی حەزرەتی عومەریان لەترسی عەرەبی موسلمانی شیعە گۆڕی. کێشەی ئەو ئاسان چارەسـەرکرا. سەردار بەهیمەتی دەستو دارەکەی رەئیس عورەفا یونس جبرائیل حەمشین، فێربوون ناوی ئەوو براکەی مانـای چییە. کێشـەی (عـەین)و (حـا)ی خەسرۆش گەورەبوو، مامۆستاو کوردەکانو لەماڵەوەش کۆششیان لەگەڵدا کـرد، هـەر فـێر نـەبوو. حـار" گـەرم"ی دەکردە عار" شوورەیی". ناوی گەورەو پیرۆزی حەزرەتی حوسێنی دەگۆری. کێشـەی ئـەو گـەورە بـوو. لەکوردیو لەماڵەوە کێشەی کەمەتربوو. زاراوەو ئاخاوتنی کوردی ئەم دوو پیتەی کەمە. ئاسـان بـوو. کـەژمارەی دەژمارد، حەوتی پاز دەدا. حەرامو حەواو عەیبو حەیوانو حەمامی بەکوردی بەکاردەهێنا. لەترسـی ئەو چەند وشەیە کوردی پەتی بەکاردەهێنا. رەنگە ئەویش دەیتوانی ئەوەیان بگۆڕێت. قوڕگی لێڕادێت. بەڵام سـەری هوشـیار، پـانی پشـتی سەری بەهیچ چارەسەر نەدەکرا. تەنیا دارەکەی یونس قارەمان دەیتوانی ئەویش نەما. ئەو دەیگووت:
بەخـتم نـەبوو، مامە یونس زوو رۆیشت. ئەو لێرە بوایە کێشەی چیمان هەبوو. بۆ ئەوانی تر، باوکمو تەهاو هەمزەو حەمـەزۆرابو.. وەك ئـەو نـین، وەك ئـەو دار هەڵناگرن. سێ چوار خەتی پان لەقۆڵیان نابەستن. بۆ شەوانە یەك بوتل ناخۆنەوە. ئەوەی بخواتەوە، وەك ئەو ئازا دەبێت.
شـەوانە، لەسـەر تەنیشـت دەخـەوت. سـەری تونـد دادەنـا. رکـەی لەگـەڵ دەکرد. دایکی پەڕو ریشی هەموو ماڵە عەرەبـەکانی کـردبووە بالـیف. ئەوان فڕێیان دەدا. ئەویش وەریدەگرت، دوو سێ بالیفی نەرمی دروستکردبوو. ئەگەر وەك ئـەوان سـەرینەکەی رەق بێـت، ئەگـەری ئـەوە هـەبوو، پانیەکەی سەری راست بێتەوە. وای مەزندە دەکرد. سەر نەرمـە، لەهـەموو ئەندامـەکانی تـری لەشـی ئادەمـیزاد ناسـکترو نەرمەترە. کەباوکی مەوفەق نەما دەبوایە دایکی

بالـیفەکەی بـۆ بگۆڕێـت. بـەڵام لـەوەش گاڵـتەیان پێدەکرد. سەرت پانەو لەمنداڵییەوە چەسپاوەو قەدی وەرگرتووەو چارەنووست وایە، دەبی گاڵتەو ئازاری پێوە بخۆیت.

سـەری من جێگای مێشكو چاوو بیرگردنەوەو شیعر لەبەرکردنو زانیاری نییە. سەری من تۆپو گندۆرەو گلۆڵە بەن نییە، سەری من بەلاّو گۆبەندە بۆ من).
(سـەری پـانی تـۆ نیشانەی ئەوەیە تۆ کوردیت. لەناو لانکی دایکی خۆت، بەنازەوە گەورەکراویت. بەدەسترازەی گوڵ گـوڵو نەخشـین تونـد بەسـترایتەوە). کێشـەی مـنداڵە کوردەکـانو زۆریـنـە عەرەبـەکانی مەکتەبو کۆڵانەکانی شار راوەسـتانی نـۆرەی وەرگـرتنی نانی فڕنیو ناو پۆلەکان تەواو نەدەبوو. یەکیکیان بەشەڕ یان بەئاشتی چارەسەر دەکرد، کێشەیەکی تر سەری هەڵدەدا. برینێکیان چارەسەر دەکرد، دووی تر بۆگەنی دەبوو. هەتا شەڕ لەسەر ئیمامی عومەرو عوسمـانو ئەبوبکـر بـوو، لەلایـەکی تـر سـەری هـەڵدەدا. ئەوەی ئاسانو کاتی بوو، دەرمانی ئاسان بوو. سەری پانی یەکـێك، چـۆن تیژو خڕ دەکردێتەوە. ئەدی دەستگرتن لەنوێژو خۆڵەکەی بن سەریان لەکاتی نوێژو.... وا شەڕ گەیشتە نـاو ئـاو، بـن زێـیەکان. ماسـی بەسـتەزمان. وەك ئـەوەی منداڵەکان ئاگایان لەخوێندنو دەرسی خۆیان نەبێت، هەر بـەدوای ئـەوەدا ویـلّ بـن، هەڵـەی یەکتر بدۆزنەوە، یەکتری تووڕە بکەن. شەڕەکان بەردەوام بوو. ئاگربەسو دانوستان نەبوو. هەردەم دەست بەدارو دەم بەجنێوو لەیەك بەهەنجەت بوون).

(ئێوە بۆ ماسی " مار ماسی" ناخۆن.!!؟؟).

(حەرامە..!!).

(پرسـیارمان کـردووە، لـەدایكو باوکمـان پرسـیوە، ئـەوان لەمەلاکانـیان پرسـیوە، ئـەوان گوتویانـە، لـەقورئانو حەدیسەکاندا، بەحەرامی ناوی نەهاتووە).

(دایـكو بـاوکی ئێمەش پرسیاریان کردووەو مەلاکانی ئێمەش دەڵێن، حەرامە، ئێوە هەر زمانی عەرەبی نازانن، چۆن لەقورئانو فەرموودەی ئیمامەکان دەگەن..!!).

ئـەو ماسـیەش وەك ئـەوانی تـر، لەناو هەمان ئاوە، هەمان خواردن دەخۆن. هێلکە دەکەن. گۆشتو ئێسکن. لووسو نـەرم، جـوانو خاوێن. دەکەونە ناو تۆڕی ماسیگرەکان، قولابی تیژو دڕ هەناویان دەکاتە خوێناو. پارچە زادەکەی بۆی دەچـن، بەرەو مەرگیان دەبات. قولاب لەیەکتریان ناکاتەوە، ئاو جیان ناکاتەوە، هەوایان وەك ئەوانی تر دەوێت. ئەوان بـۆ حـەرامن. دیارە راستە کەدەڵێن، کەحەزرەتی عەلی دەستنوێژی هەڵگرتووە، ئاوەکەیان لێ شێلو کردووە. ئەوان وا دەڵـێن، یـان وایان بۆ هەڵبەستون. بەدرۆی دەزانن. دەڵێن، سەدەفی نییە، پولەکەی نییە. ئێمە بەبەڵگەی زانستی ئەوە دەسەلمێنین، بەڵگەمان هەیە، ئەوانە ماسی نین.
ماسـیەکە، ئـاوی دەسـتنوێژی ئەویان شێلو کردبێت، راست بێ یان درۆی هەڵبەستراو بن. رۆژانە ئەوەیان کێشەیەك بـوو. شـەڕی لەسـەر بـەرپادەبوو. سەر دەشکا، لووت بەخوێن دەبوو. چەند قولابی تیژ هەناوی ئەو ماسیانەی زامدار دەکـردو فـڕێ دەدرانـە دەرەوەی ئاوەکـە تـا بمـرنو هـیوای دووبارە ژیانەوەیان نەمێنێت. ئەوندەش لەدەرەوەو لەکاتی روحدانـی مردنـیان، شـەڕیان لەسـەر دەکـرا. حەزرەتی عەلیو کوڕو کوڕەزاکانی هەموویان سەربڕان، ئەتکران. برسی کـران، مولـكو شـیرو تـیرو ژنو کـیژیان تالاّنکرا. حەقو تۆڵەی هیچیان وەرنەگیرا. هەموو بەبەلاش چوو. لەبیر چون، تەنیا ئەو ماسیە ناسکە بەستەزمانانە نەبێت. دەکوژرێنو ناخورێن. قولاب هەناویان کون کون دەکاتو خێر نادەنەوە. دەگەنـە رۆخ ئاوەکـانو دەسـتی نازیـان ناگاتێ. لێرە، لەم شارۆچکانەدا چەند منداڵە رووتێکی ئاوارەی بێ دەستەڵات لێـیان بەدەنگـە، بۆیـان لـەهاوارو شەڕە. ئەو بێ دەستەڵاتانە لەزۆر مافی رەوای تری خۆیان بێ بەشن، بۆ ئەوان چیان لەدەست دێ.

(سـوێندی خـواردووە، ئـەو وەك ئەوانی تر نییە، قسەی یەکاو یەکە، گوتی ناگەرێمەوە، تەواو. ئەوە یەکەم جارە بڵێ بچم ناگەرێمەوە. بۆیەش ماڵو منداڵەکانی هەر نەدەهێنا. هەموویان دەیانگووت، ئەویش وەك رەحمەتی حەمە نەجمو یونـس قارەمـان شێتی چاوی رەشیانە. لەبەر چاورەشەکان ژنەکەی ناهێنێت. بەدەستی دەکەوێت. شەرم ناکات، کۆڵان کـۆڵان لـەدوایان پێچدەکاتەوە. چـەندجار لـەدوایان چـووەو کۆڵانەکـە دەرنەچووە، شەرمی نەکردووە، نەتولاوەتەوە،

نەترساوە. کەقسەیان لەگەڵ دەکات، دەیانکاتە پیاو، تێکەڵیان دەکات. بۆی دەکەونە سەر پشت. بەکارو فرمانو نێرو مێی ناوەکان. ژنی تەڕ، دەکاتە پیاوی دشداشە لەبەرو عەگال لەسەر بۆی خەنی دەبن. حەز دەکەن قسەیان بۆ بکات. با هەر گاڵتەی پێبکەن. ئەو گورزی خۆی دەوەشێنێت. ئازایە، ئەوهای بردیتەوە. ئەگەر بێتەوەش لەبەر ئەوان دێتەوە. لەبەر مەعاشو خەتو دوارۆژا، نایێتەوە).

ئەوەی بیوتبایە لەم ئیجازەیەدا ناگەڕێمەوە. دوا جارە، بەتانیو کلیمو قەرەوێلەو پۆستالەکەی دەبەخشیەوە. خودا حافیزی گەرمی دەرکرد. هەرچی دەخوارد دەیگووت ئەوە دواجارە. ژانی پێوەدانی مێشولەکانی لا سووکو بێ ژان بوو، دەیگووت:

ئەوەش دوا چزوەو نامهێهێشێنت. دوا جارەو بریارم داوە. دوا رۆژە، چی تر بەرگەی تەنیاییو دووری ناگرم. لەوڵاتو گوندو عەشیرەت. لەدیوەخانو خواردن وئاوو فەرەجیو پشدێنی توند، زۆرم جێهێشتووە. دەچمەوە. بەئاسانی لەژیانو زمانو کەلتوورو گریانو شادییان ناگەم. هەر بێ پێکەنینو گریان دەبم. گریانیش پێویستە. فرمێسکی گەرم هەناسەی رووحو ویژدانە....!! دەچمەوە.! ئەوەندە لێرە بێزارو ماندووم. ئەوەندە داخ لەدڵم.!! ئەوەندە بێ نەفەسم.! چیتر بەرگە ناگرم.!!! چاك دەزانم بەئیجازەیەكو دووان تێر نابم. ئەوەندە تێنوم، ئەوەندە برسیم. لەوێ نەبێ تێر نابم. زۆر تووڕەم. خەمم زۆر خواردووە. زۆرم لەهەناو گەڵاڵە بووە. ئێرەم لێ بویتە دۆزەخ. هەست دەکەم هەوای تێدا نەماوە، دەخنکێم. دەسوتێم. لەبەر چاوی ئێوە نەبێ. لەبەر وەفای هەندە پیاوچاکانی ئێرە نەبێ، دەزانم چی دەکەم. بەشانی خۆمو هەموو گوندیو پیاوانی عەشیرەت، چۆن سەربازە هەڵاتووە گیراوەکە، هورێنەی دەرکرد. ترساو بوو. دەیگووت:

ناچمەوە، ناگەڕێمەوە، هەتا چیایەکان، زوورگەکان، دۆڵە درێژەکان، تەخت نەکەن. لوتکەکان نەهێنە خوارەوە. کەندەکان پڕ نەکەنەوە. حکومەت هەمووی پێدەکرێت. دەتوانێت هەموو شاخەکان، چیاکان بێنێتە خوارێ. چ زۆرە شۆفلو مەکینەی زۆرە. با تەختی کەن. من لەچیاو بەرزایی دەترسێم. بەرۆژ شاخەکان جوانن، بەشەو دەبنە دوژمن. باڵایان دەبێتە بڕنۆو لەجەرگمان دەدات. ئەشکەوتەکان، دەبینە لوولەی تۆپ. شەو خەومان نییە، شاخەکان دەبنە زەلامی چەکدار. رووبار خوڕەی بەترس دەبێت. کانی هێمن بەسام دەبێت. داربەرووەکان دەبنە دڕك، لەچاومان دەچەقێت. ترساوم لەشاخ. شاخەکان تەخت بکەن، دەچمەوە. شاخەکان لووس بکەن ترسم دەشکێت. رووبارەکان وشك بکەن، بەڕووەکان بسوتێنن. ئەوان لەپەنا دارەکان دەردەپەڕن. لەناو جۆگەو جۆبارەکان دەردەچن. ماسین ناخنکێن. بەردن سەرمایان نابێت. دارن رەق نابن، ئەوانە بەشاخو دارستانەکان خۆیان دەپارێزن. شاخ نەبێ بەیەك رۆژ قڕیان دەکەین. لەلوولەی دەبابەکانمان دەیانبەستینەوە. ڕێز ڕێز خۆدەدەنە دەست. باچیتر پارە بەدەبابەو تەیارەی رووسی نەدەن. پارە بەنەفاسەو کلاشینکۆفو تەکتاریۆفو گرینۆف نەدەن. با دژایەتی شاخو دارو بەردو باخەکان بکەن. بسوتێنن، بروخێنن، کاولی بکەن. شۆڕشەکە، چەکدارەکان، چەتەکان دەبەزن.

ئەویش لەو ئینجازەیەدا، ناگەڕێتەوە. ئەمجارە دەستی بگاتەوە دارو بەردو مزگەوتەکەیان، ناگەڕێتەوە. بریاری داوە، لەبەر خاتری ئەوان نەبێ، لەبەر سادەیی خەڵکەکە نەبێت، وەك سەربازەکە داوا دەکات، ئاوەکانیان لەسەر ببڕن. کەندەکان بگرن. چۆمەکان پڕبکەنەوە. یەك قومە ئاویان بۆ نەنێرن. شاخەکان برمێننە ناو چۆمەکان. ئەشکەوتەکان پڕ ئاو کەن. بەربەست لەپێش کانیو جۆگەکان دانێن. ئاوەکان لەچاڵەکان راگرن. دۆڵو نهالەکان، نشێوو پەناکان بکەنە عەمباری ئاو. ئاویان لەسەر ببڕن هەتا شەرەکە رادەگرن. با دارخورماکانیان لەبێ ئاوی بچەمێتەوە. ماسیەکانیان مان بگرن. چاورەشەکان ئاوەگربن. مەرەزەیان نەمێنێت. دەتوانین، هەموومان جەستەمان دەکەینە بەربەستی ئاوەکان. بەچەسپی خۆشەویستی توند دەبین. دیواری بەرینو قایم هەڵدەبەستین. ئاوەکان رادەگرین، تا ئەوان ئاگر رادەگرن. ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە.

(خالید، خزمەکان زۆر تۆیان خۆش دەوێت، بەچاکە ناوت دەهێنن. مانگانەت چەندە..؟؟).

(لەخودای گەورە بەزیاد بێ، چاکەو بەشمان دەکات. دەستی پێوە دەگرین).

(چەندە، چەند..؟؟!!).

(چواردە دینارو نیوە..!!).

(هەر ئەوەندەو بەس..!!؟؟).

(بەڵێ، چواردەو نیوە..!).

(چۆن بەشتان دەکات..!!).

(وەکو گوتم یا شێخ، زیادیشە، خودا لەم قایدەی راگریت. ئێوە خۆش بن، باشە).

کەشێخ زانی دوو کوڕی لەمەکتەبن‌و کیژێکیشی هەبە، کرێ خانووشی مانگانە چوار دینارەو دەفتەرو قەڵەم‌و جلوبەرگیان، وەك ئەوانی تر بۆ دەکات. سەرسام بوو. کەشێخ زانی برنج‌و سابوون‌و روونیش زۆر دەخۆن‌و لەفڕنیش نان دەکڕن. بێجگە لەوانەش مانگانە پارەی ئاویش دەدەن‌و نەوتیش دەکڕن. زۆرتر سەرسام بوو. بەسەر سامییەوە هاتەقسەو چاوی زەقی لەخالید بڕیبوو. ئەویش هەندامی جلوبەرگی رێکەو ریشی پاك تاشیوە، پێڵاوەکانیشی دەبریقێتەوە. دەستێکی بەلێوە تەڕەکانی داهێناو گوتی:

(خێزانی شەریف، پیاوی مەرد، ژنی کابان کاروباری خۆی مەیسەر دەکات. ئافەرین. رێت کەوتە دیوەخانێ، وەرە، شەرم مەکە، کورد نەفسیان بەرزە. وەرە، ماڵی خۆتە، ئێوە میوانی ئێمەن. وەرە بەشە برنجی عەنبەری خۆت ببە. چەندی پێت دەچێت. ببە. ئێوە حەقتان لەسەرمان هەیە).

خالید کۆترێکی چاو بەستراوبوو، کەچاویان کردەوە، سەحرابوو. رێو بان‌و ئاوەدانی‌و خانووو مزگەوتی بەرچاو نەکەوت. هەر چەندی چاوەکانی دوور روانی هیچی نەدیت. سەحرایەك لەقوم. ئاسۆیەکی وشك. دەشتێکی لووس. ئەوو چەند پۆلیس‌و مەئمور مەرکەزێك، لەمەخفەرێکی سەرسنوور. بەناچاری بەرگەی گرت. مایەوە. نەیزانی ئەوەندە دووری دەخەنە. لەهەولێر بەقۆڵبەستی سواریان کرد. وایزانی دوور دوور، بەرەو" دارەمان "، یان "پردێ " ی دەبەن. کەلەوێ دوورتریان برد. گەیشتە کەرکوك، لەوێ لەئینزیباتخانەکە رایانگرت. حەمە نەجم‌و دوو پۆلیسی تریان هێنا. ئەوان لەلیوای سلێمانیەوە هاتبوون. بەقسە خۆشەکانی حەمە نەجم کەمێ ساردو هێمن بۆوە. کەوتنە گاڵتە. ئەو زوو دڵی خۆی بۆ کردەوە. خالید، پێیگووت:
تۆ لەلای ئێمە بوایت، پێیان دەگوتی، سمێل باڵ کێشکە. حەمە نەجم لێ موڕ بۆوە، وای زانی جنێوە. ئەویش دڵی دایەوە:
گوتی کێشکە باڵندەیەکی ئێسکسوکی ناسکە. جنێوو گاڵتە کردن نییە. لەکەرکوك سوارکرانەوە، بەرەو بەغداو هەورازتر رۆیشتن. زۆری وا هەبوون وایان دەزانی دونیا هەتا سەرووی بەغدایە، لەولاشەوە، تاران‌و ئەسفهان‌و حەج‌و ماڵی خوداو تەواو. وا دونیا بەرینترو گەورەترە. هەر دەڕۆن. رێ نابڕێتەوە. سوار دەبەن‌و دادەبەزن. لەقەتار بۆ دۆجی قەمەرە. بۆ پیکەب. لەپەستەوە. بۆ ناو لۆری. هەر دەڕۆن، تا گەیشتنە ناو دارخورمایان. لەئاوەدانی دەرچوون. ئەوەیان، ئەوانی ترساند. کەحەمە نەجمیان جیاکردەوە. بارێکی قورس بوو. ماوەیەکی زۆری خایاند تا دیداریان بۆوە. ئەو هەر رۆیشت. خەوی لێکەوت. بێ هیواو دڵتەنگ. بەئاگا هات، هەر دەڕوات. با دەیبات، سواری هەوربووە، هەر دەڕوات. کەرێی قەمەرەو حوشترەوان‌و گامێشەوان تەواو بوو، هەر رۆیشت. چەند سەعاتە رێی لەناو دارستانە دارخورماکان بڕی، بێ راوەستان هەر رۆیشت. ئەو لەوە دەترسا بۆ ئەوە بیبەن بزری بکەن. بۆ ئەوەی دووری بخەنەوە، تا ماڵ‌و منداڵی نەبینێتەوە. باشە بۆ وای لێ دەکەین..!! چی کردووە..!! گومانی لەهیچ ناکات. سزاو زیندانی وای نەبیستبوو. بۆ هەر دەڕۆن. چیتر ئاوەدانی نەماوە. بروای نەدەکرد. تەیرو پێشکەو مێرووڵەش لێرە بژێت. دڵنیابوو، دەیبەن، تا گوم بێت. باشە، کەوایە خۆیان چۆن رێ دەدۆزنەوە. دەبێ بۆ گومکردنی من چەند کەسیتریش گوم بکەن. سەیارەیەك، رەشاشێکی برێن، یەك دوو سەندووقە فیشەك، چەند بەتانیەو کلیم‌و خواردن‌و ئاردیان پێیە...!! هەموو بۆ بزرکردنی ئەوە...!! شەو درێژترو ساردتر بوو. رۆژ گەرمترو ناخۆشتردەبوو. سەیارەیەکە لەناو گەردەلوولەیەك دەڕۆیشت هەنگاوێك زیاتر پێشی خۆی نەدەدیت نەیدەزانی چۆن رێ دەکەن. لەهەولێر تا شوێنەکەی حەوت رۆژی خایاند. ئەو ئەوەندە گرنگ‌و بایەخداربوو، ئەوەندەی باژۆن، ئەوەندەی لێ سەرف کەن، ئەو شوێنەی بۆ بدۆزنەوە. چەند سیارەیان بۆ گۆڕی. لەو دەست بەدەستێکی تر. مەئمور دەیدایە مەئمورێکی تر. لەناو لمستانێك دابەزی دوایی زانی ناوی سەحەرایە. ئەو شوێنە، خەڵکی دوور خراوەو گیراوی بۆ دەهێنن. خەڵکی تێدا بزر دەکەن. بەدوی دووحوشتر نەبێ ئێرە پێنازانێت. ئەوەی سواری پشتی حوشترو گەردەلوولە نەبێت، ئێرە نادۆزێتەوە. ئەوەندە دوورە هەر ئەو دەزانێ

چەند هاتووە. ئەو دەزانێ چەند سەد گوندو ئاوەدانیو چۆڵەوانی بڕییوە. پاش ئاوەدانی چۆڵەوانی دێت. دەبێ پاش ئەو چۆڵەوانیە، ئاوەدانی مابێت...!! دەبێ کەس هەبێ، دەبێ گوندێ لەپاش ئەو لەو گەرمایە هەبێت...!!؟؟ بڕوا ناکەم..!! کەسی لێ بژێت.! ئەوەی هاتبێتە ئێرە، لاشەکەی گەڕاوەتە..!! ئەگەر خەمخۆرێکی زۆر زۆر دڵسۆزی هەبێت. ئەگەرنا مرۆی ساغ، بەمردووی دەگاتێ، لاشەی مردوو، چۆن دەگاتەوە لای کەسو کاری. خالید، توشی چ هاتی..!!

(ئەو سمێل باڵ کێشکەیەشم لەگەڵ بوایە، هەر باش بوو. ئەو یەك دوو رۆژەی ئەوم هاوشان بوو، هەستم بەغەریبیو بێتاقەتی نەدەکرد. پیاوێکی خۆش بوو. واتدەزانی بۆ سەیران هاتووە. یان هێشتا دووچاری شوێنی وا نەهاتبوو، بۆیە بەزمی سازگاربوو. ئێستا ئەویش وەك منی لێ هاتووە. ئاسمانی بەقەد بێژینگێك لێوە دیارە. لەو قوم چاویان دەرهێناوە. من باشترم، هەر نەبێ دەشتو گەرمام کەمێ دییوە، پێدەشتم رێ کردووە، تێنووم بووە، جارجار ئاوی گەرمم فڕ کردووە. ئەو لەکوێستانی فێنك گەورەبوە. ئەو کەم ئارەقەی کردوە، رەشەباو تۆزوباو گەردەلوولی نەدییوە).

هێدی هێدی راهات. چاوی کرایەوە. ناحیە ناحیە هاتە پێش. هاتە ئاوەدانی. بواری فێرارو هەڵاتنی نەبوو. نزیك کەوتەوە. هێورتر بۆوە. زمانی گەڕا. کەوتە سەرپێیان. دوورخستنەوەکەی، زۆر دوورخستنەوەکەی یەکەم مەزاری دووری بوو، وەك بەبەرنامە بێت وابوو. ئەوەندە دوورو ترسناکیان فڕێ دا، تا بەنزیکترو ئاوەدانترو بوونی ئاوو نان، داوەرێتەوە. کەیەکەم حەواڵەی ناردو گەیشت. کەزانی کوری گەورەی بویتە پۆلی دووو پۆلی یەکەمی بەسەر کەوتوویی بڕییوە. زۆرترو توندتر قاچی گیربوو. هەر کۆمەڵەی یەکەم هەڵاتنو چەکیان برد. پاش ئەوان هەڵاتن کەمەتر بۆوە. ئەوان خوێنیان گەرمەترو حزبی تر بوون. کەئەم هەواڵەی زانی. کەبینی کاروانی ناردنی پۆلیسەکان زۆرتربوو. بیری هەڵاتنی نەما. لەگۆشەیەکی تریش نیگای لەرووبەرەکەدەکرد. چی دەبینی، ئەوا حەمە نەجم لەگەڵ ئەوبوو. کوڕژا. یونس قارەمان چووو نەهاتەوە. بەنێرەکەریو بەئاشکرا گوتی بچمەوە، ناگەڕێمەوە.

کاغەزە سپیەکەی بەناو لەپی دەستی جوان بۆ پانکردەوەو زەرفەکەی دوورە دەست دانا. بەسەر داری گووت:

(هەڵسە، جوان کەپووت فنکە، جوان جوان، با مێشکت ساف بێت..!).

ئەویش دەیزانی بابی کارێکی گرنگی پێیەتی، بۆیە هاتە وەڵام:
(بۆ کەپووم چی تێدایە..؟).

پەنجەی دۆشاومژەی لەناو وەرداو پەنجەی خاوینی نیشانەی باوکی دا.

پێی گووت:
جوان خۆت بخێوێنێ، زەینو هۆشت لەلای من بێت. چۆنی دەڵێم، وا بنوسە، لەچیت کەمە. وا بویتە پیاو، لەپۆلی چوارەم کێوە. ئی وەکی تۆ مەئمور مەرکەزە، مەئمور نفوس، کاتبی مالیەیە. ئەوانە هەر هەندی تۆیان خوێندییە. لەسەرەوە، بەجوانیو بەگەورەیی، بنوسە، بسم اللە الرحمن الرحیم. دوو جاری پێ رەشکردەوە. کەزانی هێلەکەی راستەو تیپەکان جوان دیارن. وازی لێهێنا.

ئەو خۆی خوێندەواری نەبوو. نەك ئەو، گوندەکەشیان پاش چەندین ساڵ، حکومەت بەموختارو کوێخای گووت:
ئەگەر مەکتەبتان دەوێت، بڕۆن، بەرێی خۆتاندا بگەڕێنەوە، هەڕوونەوە، بەخشتو کاریتەو کرێکاری خۆتانەوە، بەکفرو شەقرەو حەسیری خۆتان، مەکتەبەکی دووچاوەو هەیوانێك دروستبکەن. ئەگەر پاسەوانیو موچەی فەراشیتان دەوێت. ئەوها بکەن، ئێمە دێین، دیقەتی دەدەینێ. ئەگەر رامان لێبوو، مامۆستاتان بۆ دەنێرین. تەختەی رەشو کتێبو دەفتەرتان بۆ دەنێرین. ئەو، چل ساڵە، گوندەکەیانی جێهێشتبوو. یەکەم جێبی مامۆستایان هاتە ناو گوندیو مەکتەبیان کردەوە.

پاش نوسینی دێری یەکەم، جزو عەمەکەی لەپێش دانا، بۆی پانکردەوە. پەڕ پەڕی کرد. پەنجەی لەسەر سورەتێکی کورتی ناو جزوەکەدانا. بنوسە، وەکو خۆی چۆن نوسراوە. دەقاو دەق، بینوسە. ئەویش، سورەتەکەی بەهەموو فەتحەو زەمەو جەڕو سکونەکانی، نوسی. ئایەتەکەی لەنامەکەدا نەخشاند. وای دەزانی، نامەیەك ئایەتێکی پیرۆزی قورئانی

تێدابێت. زووتـرو سـەلامەتترو بەهەواڵی خۆشتر، دەگەڕێتەوە. نامەکە دەگاتە دوکانی مەلا حەسەن، لەوێش دەدرێتە دەسـت پیرەدایـك. نامەکـەیان پـڕ سـەڵام‌و دوعـاو هـیواو پارانەوەکـرد. کەسیان لەبیر نەچوو. نەخۆشەکانیان پرسی. دوورەکانـیان بەسـەرکردەوە. کـێ عەسـکەرە، لـەکام ئۆردیـین..!! کەی دواجار بەمۆڵەت هاتیتەوە. خانووەکەیان کێ تێدایە. پارچە زەوییەکەی پشتەوەیان هەر بەتاڵە. کراوەتە خانوو. یان هەر نەفرۆشراوە...؟؟

لـەدووری‌و غـەریبی، خـزم‌و دڵسـۆزت زۆر بـەبیر دێتەوە. لەناو عارەبان بیت، کوردانەتر دەنوسیت.!! گەرمات بێ، سـڵاوی فێـنك دەنێریـت. دوور بیـت، فرمێسك‌و ئەسرین، گەرمترە.!! زۆریان نوسی. یەکەیەکەیان پرسی. ئەوەندەیان نوسـی، ئـەوەندەیان داواکـرد بـەدە کەسـیش پەیدا نابێت. ئەو پیرەژنە کلۆڵە. چۆن دەتوانی ئەو سڵاوە گەرمانە، ئەو سـڵاوە بۆندارانە. گوند بەگوند، گەرەك بەگەرەك بگێڕێت. چۆن دەتوانێت، بچێتە سەر جۆخینان، سەر باخچەکان. ئەو هـەموو سـڵاوەی چـۆن پێ دەگاتێ. ئەمانەتەو لەگەردەنیەتی. ئەمانەتەو دەبێ بگاتە خاوەنەکەی. هەمووی لەملـە. ئەگـەر ئەمانەتـەکان نەگەێنێـت، هـەموویان لـەرۆژی قـیامەت، دەبنە مارو حەزیا، لەگەردەنی دەئاڵێن. هەتا دونیا مـاوە، هـەتا جـارێکی تـر رووحی لەبەر دەکرێتەوە، هەتا زیندوو دەبیتەوە. لەملی نابێتەوە. کەزیندووبۆوە، دەتوانی ئەمانەتەکـە بگەێنێـت. هـەر لەسـەریەتی. ئـەویش پەرۆشـە، دەگـەڕێ. چـاو لەچاوان دەنێت. دەترسێت، راسپاردەو سڵاوێکی لەبیر بچێت. ئەگەر بمرێت، لەهەوکی دەمێنێت.
نامەکـە بەقـەد قـەیدێکی نفوس ناوی تێدابوو. نامەکە بەقەد باری خۆشناوێك بۆ کەندێناوە گرانبوو. نامەکەهەواڵی تێدابوو. هەواڵی دەویستەوە. چاوەڕوانی دەگەیاند. بیرەوەری‌و شەیدایی‌و سوتان. نامەکە، میعراجنامەو مەولودنامەو ئیسماعیلنامەو سڵاونامەو....بوو.

" لەفتە"، هاتە بن سەری" سەردار"، بەنەرمی‌و بەشەرمەوە، پرسیارەی ئەوەی لێ کرد:
(ئێسـتاش سـەرم لەوە دەرناچی، ئەو هێلکە کولاوەی دەستی مامۆستای زانیاری، چۆن جاری یەکەم بەزاری شوشەکە وەنەچـوو. کەپارچـە کاغـەزێکی لـەناو شووشەکە گڕدا، هێلکەکەی دانایەوە. هەمان هێلکە. بەهەمان قەبارە، بۆ ناو هەمان شووشە، بەنەرمی شۆر بۆوە. کاکە، نهێنی ئەمە چییە...؟؟!!).
(ئـەوەش خشـتەی جـارانی بیرکاری نییە.! دەڵێ شتم پێ ئەزبەر ناکرێت.! ئەوە لەبەر چاوان کردی، بەعەرەبی گوتی، خـۆ بـەکوردی قسـەی نەکـرد.! مـن جـوان تێگەیشتم. مامۆستاکە روونی کردەوە، راڤەی کرد. مەسەلەکە پەیوەندی بەپاڵەپەسـتۆی هـەواوە هەیـە. بەسـوتانەکە هەوایەکـە نەما. پاڵەپەستۆ لەناو شوشەکە نەما، هێزەکەی دەرەوە پاڵی پێوەنا. لەناوەوە هێزو پاڵەستۆ نەما، بیگێڕێتەوە. بۆیە وەك ماسی لووس شۆڕبۆوە).
(بەراسـتیت دەوێ، کاکـە ئێسـتاش حـالی نـەبوم، مێشـکم ئەوە قبول ناکات. ئەمن معیدانم، معدان.. ئەوانەی تۆ دەیڵێیت، زەحمەتە..!!. تووسەری "عەباس" بۆم دووبارە بکەرەوە).

بـەدووبارەو سـێ بـارە "لەفـتە" ی فـێرکرد. دەرسـی بـە" شعلان "و "سمیر"و "قاسم" دەوت. بیرکاری بۆ" کازم"و "هادی" راڤە دەکرد. ببوە ماموستایەکی بچکۆلانەی هەموویان. بەعەرەبیەکی سەقەت. ڕێزمانی زمانی عەرەبی، بۆ شـرۆڤە دەکـردن. جـاران‌و دابەشـی فـێر دەکردن. " کاکە سەردار" بەراڤەکردنی وانەکان بۆ زۆربەیان، خۆی باشتر فێر دەبـوو. دەسـت‌و قەڵـەمی شـەربوو. لەسـەر تەختەرەشـی پـۆل، وەك مامۆستایەکی گچکە لێی کۆدەبوونەوە. زووتر دەهـات. دەرنگـتر دەگەڕایەوە. ئێواران دەهاتنە لای. رۆژانی هەینی زۆرتری دەخوێند. کتێبەکانی دانەدەنایەوە. لەبەر خۆیەوە، شیعری دەوتەوە. ئایەتی قورئانی لەبەر دەوتەوە.
کچـێ، خـۆ دۆم نـین هـەر رۆژێ لـەخانووێك. ئـەوە بویـنە سـێ ماڵ، ئەوانەش هەر هەولێرین، ناسیاون، بێگانە نین. کرێـیەکەشمان کـەم دەکاتەوە. خاوەن خانوو رازییە. مەمنونی دەبین. لەبەر چاوی من نەبێ هەر قبوڵیش ناکات. نزیك شـارە، لەفـرنی نـزیکە، سـەردار سـبەینان پـێش چونە مەکتەبی زوو دەچی‌و زووش دێتەوە. دەیناسن‌و نانی دەدەنێ. لەمەکتەبیشـان دوور دەکەوینەوە. لـەو دەڤـەرە خانووی بەتاڵ نییە...!! بەتەنیا خانووێکمان پێ ناگیرێت...!! نیوەی مانگانەکەم لەو دوو کورە سەرف دەکەم. هەر دەمەوێ فێربن.
وای دەزانی ئاسن سارد دەکوتیتەوە. تەقەی دێ، لەگەڵ کێتە..!!

(ئێسـتا دەڵـێم، ئەگـەر بـەخۆت خـانووێك نادۆزیـتەوە، ئـەوە بـەخۆم، مـن لـەلای خۆمـان خانووێکم بەقوڕو بەرد دروسـتکرد. لـێرە چـاوەیەکم بەکرێ پێ پەیدا نابێت. دەستی سەردار دەگرم، بەعەرەبی قسەم بۆ دەکات. چاوم هەیە. مـن لەگـەڵ ئـەو چـاو مۆنـە دانانیشم. چاوی مۆنە. ژنەکە برای زۆرە. بەخوای لێرەش دێنە دووی هەر دەیکوژنەوە.

هەوگیانەکەی ماڵی باوکیان دەناسیّ. دەڵیّ، سیّ چوار برای هەیە. ئەوانە، کوشتنو ئاوخواردنەوەیان لەکن وەك یەکە. با لێیان دوور بکەوینەوە. شەڕ هاتە ناو ماڵمان. شەڕ لەبادینان تۆز لەبەر دەرگای ئێمە. دەڕۆین. واتە دەڕۆین. نینۆکی منداڵێکم بەقوربانی هەزار قون پانی وا دەکەم. حەیای کوردانی ئێرەشی برد. هەنوکە، دەپرسن، ئەو کابرایە چی دەکات لێرە. نە پۆلیسە، نە عەسکەرە. چی دەکات لێرە. بەچاوێکی کەم تەماشای دەکەن. بۆ هەموو ماڵە کوردەکان خراپە. برا، چیە..!! با رەحمان بینێرێتەوە، بچنە دیوەخانی ئاغایەك، ببنە قاوەچی. کەس تخونی ناکەوێت. با بچێتەوە. ئەو نەچێتەوە. من دەڕۆم. لەمنداڵەکانم دەترسێم، لەناموسی خۆمان دەترسێم. سبەینیّ ئەو عەرەبانە بزانن، بەو چاوەش تەماشای ئێمەش دەکەن. بەخۆیان لەعاشوریش سواری یەك دەبن، بۆ وان عەیب نییە.... پیاوەکە، با قسەی وانەمان نەهێتە سەریّ.

ئەو بیّ.... قسەیان لەسەر قسەمان بێت. دەڕۆین، دەڕۆین. وەهام هاتیتە سەر هەر بەیەکجاری بچمەوە. لەبەر ئەو کوریژگۆکانە نەبیّ، دیسان دابڕین، دیسان بچنەوە، لەویّ بەکوردی بخوێننەوە، هەموویان لیّ ئاڵۆز دەبیّ.

(باشە، باشە، هەر دەمت تێکنیّ، بەردەکی لەسەر دانیّ، با کەسمان لیّ تێنەگات. بەچاوان بەگم..! مەیکە فینگە فینگ، ئەنگۆ هەر فێرن گریانتان ئامادەیە، بەدایکت دەچی..!!).

ئەو بابانوێرانە، لەهیچ بەختیار نەبوو، لەو رۆژەی دەستی لەگەڵیدا تێکەڵ کرد. کەس پشتیوانی نەکرد. مامی بۆ کوری خۆی داوای کرد. خاڵەکانی داوای چەکە خاڵانەیان کرد. دایکی پێی لەزەوی گیر کردبوو، نەمداوەو نایدەم. بابیشی، سوێندی گەورەی خواردبوو. لەهیچ بەختی نەبووە، بەڵام وا لێرە بەختی یاربوو. پیاوەکەی ناوی " عەباس" بوو، هەر هات ئیشیان داییّ.
سوێندیان دەخوارد، ئەتو لەوان نیت. چۆن ناوت عەباسە..؟؟! چۆن ناوی ئەو شێرەیان لیّ ناویت. زۆر پێی دەگوتن، ئێمەش ناوی عەباسو هادیو کازمو قاسمو عەلیو حەسەنو حوسینمان زۆرە. ئەوانی هاتوین، ناوی ترمان هەیە. ناوی خالید، بەناوی ئازاترین سەحابەی خۆشەویستە. حەمە نەجم، بەناوی خۆشەویست کرابوو. یونس، ئەوە پێغەمبەری خودایەو مەرقەدەکەی لەسەر گردێکی پیرۆزە لەشاری موسل، رۆژانە سەدان کەس لەدەوری مەزارەکەی دەسورێنەوە. رەحمان، قادر، سەمەد، هەموویان ناوی پیرۆزو گەورەی خودان.

هەفتەیەك بوو، عەباسو روناك هاتبوون، سەمەدی برای نەیپرسیبوو، چۆن هاتوونو بۆ هاتوون. کەزانی ژنی هەڵگرتووە، بەدڵگرانی مەلاکەی مەزگەوتی سونانی هێناو لەیەکتری مارەکردن. کەنەجیبە زانی ژنە بەدووکەوتووە. لەدوای دەگەڕێن. دیارە لەویّ جێگایان نەبویتەوە، بۆیە سەری خۆیان بۆ هەوارە دوورە هەڵگرتووە.

لەم خانووەش گواستیانەوە. دوورکەوتنەوە. کەوتنە جیرانی ماڵە ئەفەندییەکی خاوێن. کابرا، ژمێریاری بانق بوو. کڵاوێکی تەنکی سپی مەلایانەی لەسەر بوو. ماڵو بانق. بانقو ماڵ. رێی تری نەدەناسی. ژنەکەی پیرەژنێکی نورانی گچکەی ووردبوو. چاویلکەکەی، چاوە گچکەکانی رووی روناكو بەخشندەتر کردبوو. زۆر دەهاتە لای نەجیبە. زۆر خواردنو کێكو دوورمانو ئیشی ماڵیّ فێر دەکرد. تەزبێحێکی درێژی لەمل بوو. هیچیان بەشیعە نەدەچوو. ماڵێکی خاوێنو بەدەستنوێژ. لەهەموو سوچێکی ژوورەکانیان قورئانی لوولدراو لەناو بەرگی کەسكو توربەی بن سەریان بۆ نوێژ دانرابوو. کوری گەورەی دکتۆربوو، کیژێکیشی لەدوا قۆناخی دکتۆری دەیخوێند. یەکیان مامۆستابوو. یەکیان خۆشنووس بوو. ئەوەی ولاشی سەرداریش بوو، حەزی زۆری لەنوسینی جوانو نیگارسازیو یاری بالە دەکرد. ئەوەی گچکەیان ئاوزەی هوشیاربوو. ووردو پوت بوو. لەو تەمەنەی چاویلکەی لەچاوبوو. ئەویان زۆر زیرەك بوو. هەموویان نوێژیان دەکرد. ماڵو شیرازەی خێزانەکەیان جیهانێکی تایبەتی بوو. کتێبخانەیەکی گەورەیان هەبوو. لایەکی کتێبی پزیشکیو لایەکی ئینگلیزیو خۆشنووسیو ئەدەب، بەشی زۆریشی کتێبی ئایینی، بەعەرەبیو فارس تێدابوو، بەنازو شکۆوە رێزکرابوون. بۆ سەردارو هوشیارو نەجیبەی دایکیان، دەرگایان لەسەر پشت بوو. هەموویان بەگەرمی پێشوازییان دەکردن. کتێب بەدەستو نەرمو لەسەرخۆو خاوێنو بێجامالەبەر، ژنی بیّ عەبای پۆشتەبوون. لەم خێزانە هەموویان زۆر شت فێربوون. عەرەبیەکەیان باشو خوێندنیان زۆرتر بوو. بەڵام، زۆری نەخایاند، باوکیان لەوێش گواسترایەوە. ئەوانیش بارگەیان تێکنا. ئەوانیش کورد ئاسا، ماڵە پۆلیس ئاسا. رۆیشتن. باوکیان مرۆڤێکی حەقانیو دەستپاكو قسە لەرووبوو. نەدەکەوتە بەردڵی بەرپرسەکان. بۆیە، زۆر شارو شارۆچکەی کردبوو. رۆیشتن، هەموو بۆیان

@KurdistanNet

گریان، بەقەد بەرێکردنی تەرمی حەمە نەجم بۆ خێزانی " محمد علی ئەلتەحان" گریانو خەمیان خوارد. یەتیم مانەوە، لەو شارە عەرەبو شیعەنشینە، بێ عەرەب مانەوە.
بەزمی یونس قارەمان چەندی لێ بگێردرێتەوە، هەر تەواو نابێت. کەتیشکە گەرمەکانی خۆر لەقەدی بەرزی دارخورماکان ئاودیو دەبوو. کەشنەبایەکی کزو فێنك ئاسوی خەوتووی رووبارەکەی ناوەندی شاری دەهەژاند. کەبایەکی فێنك ئارەقەی بن بێریەکی سەری کز دەکردو نیوچەوانی سارد دەبوو. بێریەکی لەسەر دەکردەوەو لەگیرفانی پانتۆڵەکەی دەپەستی. دەجولاّ، دەخزی، بەرەو شوشەکانی دەسورایەوە. بەرەو نیوە پەرداخەکان خۆی دەدزیەوە. هاوڕێی دەست نەدەکەوت. کەس لەکوردەکان، نەك عارەقخۆر نەبوون. عارەقخۆریان بەفاسقو کافر دەناسی. ئەو لەو بوارەدا تەنیا بوو. کوردەکان لەهەموو کۆرو کۆبوونەوەو نیگادا، هاوجووت بوون. تەنیا لەوەیان، ئەو، خۆی لەهەموویان دەشاردەوە. ئەوانیش هەموویان لێ دوور دەکەوتنەوە. شووشەیەکی لەپەنایەکی چایخانەکەی تەنیشت مەخفەرەکە دانابوو. پەرداخێکی لەلای دوکاندارەکەی مانگانەی دانابوو. سەرتاشەکەشی پێڕی ئەو بوو. ئەویش مەزەو کەرتە هەناری مێخۆشی بۆ دادەنا. پاقلەی بێ پێشکەی بۆ گەرم دەکردەوە. هاورێ تایبەتی هەبوو، لەدیوانیەوە، لەحلەوە، شوشەی عەرەقیان بۆ دەهێنا. بێ زەخیرەیان نەدەکرد. کەم کەم لەکەچە نادییەکەی شارا پێویستی بەکڕینی هەبوو.

(منم یەکەم کوردم بچمە" بادیە" ).

(منم یەکەم کەسم "بەدو"م دییوە. منم، " بەدو"و " کورد"م بەیەکتری ناساند. ئەوان کوردیان نەدیبوو. منیش، تەیری بەدوم نەدیبوو. منم بەغاردانو هەر بەرێوە بەسەر پشتی بەرزی حوشتر دەکەوتم، زوو فێر بووم...!! حوشتر لەحوشترە لۆقەدا بوو، کەغاری دەدا. من قاچم لەگرێیەکانی قاچی دواوەی گیر دەرکردو سەردەکەوتم. دەچومە سەرپشتی، بۆ ئاسمانی خودا بەرز دەبوومەوە، منیش دەچومە ئاسمان).

(من کەدەخۆمەوە،" کاکە" نیم. ناوم کاکە نی یە. ناوم یونسە، کەس ناتوانێ پێم بلّێ، ئەبو مەوفەق..!! من ناوم یونسە...!! باوکیشم "کاکە" نییە..!! ناوی جبرائیلە. جبرائیل، برای حەقی عزرائیلە، ئەوەی رووحی هەموو بنیادەمانی سەر ئەو ئەرزە..!! وەك موو، لەماست دەردەهێنێ. وەك چۆن مەلاکانی خۆمان لەخوێندنەوەی مەولوودا دەلّێن. من باوکم براو خوێنگری ئەو رووحکێشەیە، نەك کاکە....!! من کاکە نیم.!!! من برازاو میراتگری جبرائیلی رووحکێشم. باپیرم، ناوی مەحەمەد بوو، مەحەمەدی پاكو خۆراگر. گەرمی پەرێزو زولمی دەرەبەگ، جوتو جۆبار، کاروانو کاروانسەرا، چونە ئاشو قوڕو قوڕکاری بەزۆر، شینی کرد، رەش هەلّگەڕا. زەردو سپیو ناسك بوو، وەك ناسکەنان بوو، رەش هەلّگەرا، ناوی بووە حەمشین).

(من یەکەم کوردم سەحرام دۆزیوەتەوە...!! من یەکەم باشچاوەشم لەمەخفەری حکومەتدا دەخۆمەوە. لەکاتی واجبدا، گیراوی ترسناکم بەسەرخۆشی بەمەئموری بردووە. عارەقخۆرم. بەجلی پۆلیسیو بەچوار خەتی پانو درێژەوە، عارەق دەخۆمەوە، لەکەس ناترسێم. ئەمن تەنیا لەدایکم دەترسام...!! شەرمم لەو دەکرد. ئەوم لەسەر دووگردی نوێژ دەدیت، بەری دەدام. ترسو شەرمم لەو دەکرد، سەری گەرمی سارد دەکردمەوە. ئەوەندەم لەو ئاوارەییە قازانجە لەدایکم دوورم. دایکم دەتوانێ لەبەهەشت، بێ بەریم بکات. کەسی تر دەرەقەتم نایێت. من بەس لەئەستێرەی چاوەکانی ئەو زەندەقم چووبوو، لەڕاوەشاندنی پەنچەی باریكو لەرزۆکی ئەو دەترسام، رووحم لەناو لەپی دەستی ئەودایە، لێم تورە بێت دەمرم، ئەو دەستەلاّتی هەیە.......).

(من کەدەخۆمەوە، بێ ئەستێرەی شەوان، لەسەحرا دەڕۆم. پێویستم بەرێگاو نیشانەی چاوی زیندووی ئەستێرەکان نییە. کەمەستو خەیال دەبم، کەسەرم دەسورێت. خۆر لەگەڵما دەسورێت، دەتوانم بێ رێگای خۆر لەسەحرا برۆم. من بەساردی شەوانی سەحرا، سەرمام نابێت. خۆم کوری سەرماو بەفرم. من وەك حوشتر بەرگەی گەرما دەگرم. ئەدی ئەوە من حوشتر نیم..!! وا بەرگەی گەرمی عارەق دەگرم. با حوشترەکان عارەق بخۆنەوە، دەتوانن وەك من بەرگەی گەرماو بێ ئاوی بگرن. ئەو حەوت رۆژ ئاو ناخواتەوە، من ئەوە حەوت مانگە، دوو ساڵە، بێ ئاوی ساردم، بەرگەم گرتووە. من حوشترم، گۆشتم تاڵە، ئەوەی گۆشتم بخوات، یەك مانگ، سکی ژان دەکات).

©kurdistan.net

(مـن کەدەخۆمـەوە، دەرگـای چاو ڕەشانم بۆ دەخرێتە سەر پشت. وەك ماری بێ ئیجازە بۆ ژوورەوە دەخشم..!! ئازاتر دەبم، کوردتر دەبم، دەچمە شاخ، دەبمە پێشمەرگە. ڕاستە، شیری شێران دەخۆمەوە).

سـەحرای وشـكو گـەرم. حوشـترو بـەدو بەرگەی دەگرێت. ئەوانیش لەناو گەردەلوولی لەناکاو، ڕێگایان وێل دەکات. سـەریان لێدەشـێوێت. خـۆر نابیـنن، تـا ڕێ بکـەن. ڕێگا بەشەقامی خۆرا دەڕوات. ڕێگا بەتریفەی مانگو ئەستێرە دەڕوات. گـوم بـوو دەخنکێنێـت. قـووم چـاوان دەردەهێنێـت. قـوم قـورگ مشـت دەکات، دەمری. مردوو لەسەحرا ناشـاردێنەوە. بۆگـەنی دەبـن، داڵو گـورگ بـۆن دەکەن. کۆرەڕێی بۆن، دەیانباتە سەر لاشەی بۆگەنی بەدوی خنکاوو جێماو، ئەوانیش جەمی خۆیان لەجەستەی وەردەگرن. بیابان، هەمووی ڕێگایە..!! بیابان بێ ڕێگایە..!! بیابان، وڵاتی خۆشەویسـتی بەدووەکانە. خۆیانی لەسەر بەکوشتن دەدەن. تا دوورنەکەونەوە، لەحکومەتو یاسا یاخی دەبن. تا دوور نەکەونـەوە، دوورتـر دەڕۆن. پۆلـیسو چـەکداری حکومـەت دەکـوژن. ئەوانـە، ئـەو پۆلیسە کوردانە، یەکەم کاروانی چـەکدارو پـیاوانی حکومەتن، بەساخی دەربازیان بوو. لاشەیان بۆگەنی نەبوو. ئەوانە خۆیان پیاوی ئازاو ڕەشید بوون. یان کەزانیان کوردنو حکومەت غەدری لێکردوون، بۆیە دەستیان نەچووە کوشتنیان.
نەجیـبە خـەونی دیـبوو دەرگـای حەوشەی ماڵەوەیان لەسەیداوە داخرابوو. جۆگەکەی بەردەرگەیان وشكو برینگ بوو. سبەی زوو، بەقوورگی پر گریانەوە، گێڕایەوە.

(مـن دەزانم دایکـم مـردووە، دایکـم لەو خانووە نەماوە. دواجار ئاو لەو خانووە ڕژابێ شوشتنی لاشەکەی بووە. پاش ئـەو ڕۆژە، کەسـی تـر ئـاوی لـەو بەردەرگایـە نەرشـتووە. کەسـی تـر دەستنوێژی لێ نەشوشتووە. دایکم، مردووە. بەردەرگاکەمان وشك بوو).

سـەردارو هوشـیاریش لەفرمێسـکی گـەرمی دایکیان چاویان تەڕکردو لەماڵەوە دەرچوون. چونە مەکتەب. لەنیوەی دەرسـا بـوون، باوکیان هاتە دوای سەردارو نامەکەی هەولێری دایە دەستی. ئەوە یەکەم نامەیان بوو بۆیان بێت. وا بۆ دوو سـاڵ دەچـێ یەکـەم جارە پۆستی شارەکە نامەیەکیان بۆ بهێنێت. سەردار یەکەم نامەی لەتەمەنی شکاند، یەکەم جـار پولـی بینی. نامەکەی خێرا بۆ باوکی بەخێرایی خوێندەوە. لەنامەکە هەواڵی مردنی تێدابوو. خەونەکەی دایکی کۆپـی نامەکـەبوو. چـی لەنامەکـە ئـیمڕۆ سـەردار بـۆ بـاوکی خوێـندەوە، شەو لەگەرمەی خەوی قووڵا بۆ دایکیان خوێندبۆوە. پۆستەی خەون خێراتربوو. نەخشی ووردو نەرمەکانی سەر بالیفەکەی لەپولەکەی پۆست خێراتر بوو.

(بەهیچ جۆرێ بەدایکتان ناڵێن، ئەو قسەتان لەزار دەربچێت، زمانتان دەبڕم. باشە..!!).

(دەزانین، خۆ منداڵ نین. هەر دایکمان ئەو هەواڵە بزانێ شێتو هار دەبێ، بەدەشتێ دەکەوێت).

یەکـەم نامـەی بۆیـان هـات، هـەواڵی مـردنی داپـیرە خۆشەویسـتەکەیان بـوو. هـەواڵی کۆنو فرمێسکی وشکبووی هـەموویان بـوو. ئـەوان دوورنو دەسـتەڵات نییە. دوو ساڵە چاوەڕوانی هەواڵێك بوو، ئەویش هات. خالید، نامەکەی لـەناو قـەدی دەفـتەر خدمەکـەی لوولـداو لەباخـەڵی ئـاخنی. هەواڵەکـەی لەهـەناوی نهـێنی دانـا. هەتا بەسەفەرو بەیـەکجاری نەگەڕانـەوە. نەجیـبە نەیزانی دایکی دوو ساڵە مردووە. کێ دەتوانی هەواڵی تاڵ بەخەڵکی ئاوارەو دوورە وڵات بڵـێ..!! کـێ جورئـەت دەکات، ئاگر لەپەرێزی وشك بەربدات. ئاوارە بێ هەواڵە. ئاوارە دایکی دەمرێت. کەس ئاگاداری ناکاتەوە. ئاوارە لە شادی دوورەو لەشینیش بێ ئاگایە.
سـەردار بەسـێ ساڵ ناوی تەیرو تار، پنچكو دارو گیا فێربوو. کەوشەیەکی عەرەبی فێر دەبوو، یەکێکی کوردی لەبیر دەچـوو. کەواتای زاراوەکانی لەبەرکرد، کەقسە بێ ئەدەبەکان فێربوو. کەلەناوی گۆرانیبێژەکان ڕاهات. زمان دەریایەو هـەر چـەندی لێ فێربیت تەواو نابێت. منداڵ گوناحی چیـیە..! لەو تەمەنە زمانێکی زەحمەتو نامۆ فێربێت. هەموو شـتێك نـاوی هەیـە. ئـەوەی چـوارپەلە، ئـەوەی ڕووحلەبەرە ناوی هەیە. ناو زۆرە.! کردارو فەرمان زۆرتر.! فێربوونی زمانـێك، ڕووکـردنی دەریایەکـە بـۆ نـاو کـانی بچـوکی مێشك. ئەدی بوونی دوو دەریا. ئەدی ڕووکردنی دوو دەریا، یەکـیان شـیرینو ئـەوی تـریان تـاڵ، سوێر، زەحمەتە...!! زمان نەزانین لەزمان فێربوون زەحمەتترە. ئەوەی زمانێکی تر بەکاربهێنێـت دەبیتە دوو کەس، دوو جار بیردەکاتەوە. دووجار دەیەوێت وەڵام بداتەوە. وەڵامی هۆشو دەستی زمانی یەکەمـیەتی و زمـانی دووەمـیش، زمـانی ئـیمڕۆیەتی. بـەکوردی بیردەکەیتەوەو بەزمانی عەرەبی وەڵام ئامادەییە، ئـەوەش کاتی دەوێت تا دووبارە ئەوەیان دەکرێتەوە کوردی. سەردارو هوشیار لەماڵەوەش لەوە ڕاهاتن بەعەرەبی یاری

©kurdistanet

بکەنو لەسەر شت شەڕ بکەنو پرسیاربکەن. شارێك، قوتابخانەیەك، شەقامەکان، فڕنی نان، ژنە ماستفرۆشەکان، ژنە ماسیفرۆشەکان بەعەرەبی قسەیان لەگەڵ دەکردن، یەك کەس کوردی دەزانیو بەس دایکیان بوو. یەك کەس بەس لەکوردی دەگەیشت، ئەویش دایکیان بوو.
هێدی هێدی، ناوەکان، لەمنداڵ دەبێتە عەرەبی، هەموو ناوەکان ناویان دەگۆڕێت. کەناوەکان، ناویان گۆڕا. فەرمانەکان دەبێتە عەرەبی، پاشان ئاوەڵناوو ئاوەڵکارەکان. فێربوونی ئامرازە وردەکان، لەهەموویان زەحمەتتر دێنە رایی، دوابەشی زمان ئەوان دەگۆڕێن. ئەو وردانە بەئاسانی ناچنە ناو تۆری هزرو یادو فێربوون.

هەتا دەگەیشتنەوە بەردەرگای ماڵەوە، تا لەبەر سنیەکەی خواردن دادەنیشتن، بەعەرەبی قسەیان دەکرد، بەڵام لەبەر گەورەییو ئاخاوتنو جنێوی شیرینی دایك دەکەوتنەوە کوردی دووان. سەردار زمانێك فێربوو، حەمەسالح، مامەند، مەجیدو زۆری تر لەکوردەکان هەر چەند رستەیەك فێربوون. ئەو ئاسانتر فێردەبوو.
ئەوە فێربوون، بەهەموو پۆلیسێك دەڵێن، ئەبو ئیسماعیل. بەهەموو سەربازێك دەڵێن، ئەبو خەلیل. بەعەلی ناوەکان دەڵێن، ئەبو حوسێن. بەموحەمەدەکان، دەڵێن، ئەبو جاسم. ئەو ناوانە مەرج نەبوو منداڵیان بەو ناوانە هەبێ، یان ژنیان هەبێو منداڵو وەچەیان هەبێ. کەس بەناوی کیژەکانیان بانگ ناکرێن، تەنیا کورەکانیان حەقیان هەیە، نەریتەکە وایە. کەس ناوی دایك نازانی، کەس ناوی خوشکی یەکتر نازانن.

سەردارو هوشیار، هەر زوو ناویان بۆ ئەو منداڵەی ناو سکی دایکیان ئامادەکردبوو. ژنە عارەبەکان بە" نەجیبە"یان وتبوو، ئەمجارە ناوی بنیادەمانیان لێنێ، ئەو منالانەی ئێوە کەس نازانی مانای ناوەکانیان چییە..!! کێ دەڵێ، بەناوی جنو جنۆکە نەکراون. ئەوە کەی ناوە، سڕدارو خوشیار.. کەی ناون...!! چەند ماڵە کورد لێرەبوونو نەقل بوون و ماڵی تر هاتن، ناوی وا عەنتیکەو نامۆیان نەبوو، هەموو بەناوی ئیسلامی کرابوون. بەس منالانی ئێوە نەبێت.!
کەمنداڵەکەیان بوو، دایکیان نەرمی کردبوو، بەناوی ئیمامی عەلی بکات. ئەو دەیووت، ئەم جارە لەم غەریبیو تەنیایە، رزگارم ببێت، بەناوی ئەو شێرەی دەکەم. بەڵام هەردوو کورەکە، دەنگیان کردە یەك، گوتیان ناوی " بەختیار" ە، پیرەژنەکەی جیرانیان کەمانای ناوەکەی زانی، گوتی:
دەباشە با ناوی " سەعید" بێ، بەختیار مانای چییە..؟!!
سەردارو هوشیار، بەکوردی بیریان دەکردەوە، بەعەرەبی وەڵامیان دەدایەوە. بەکوردی گوێیان لەدایكو باوکیان رادەگرت، بەعەرەبی تێدەگەیشتن، زۆرجار لەیەکتری حالی نەدەبوون. زۆرجار دوو زمانەکە ئاوێتە دەبوو.
دەگەڕینەوە، یان زۆرتر دەمینێنەوە، کێ ئەوانە دەگێڕێتەوە. چۆن دەگەڕێنەوە..؟؟!! ئەوە منداڵیان لێرەبوو، عەزای حەزرەتی حوسێنیان بینی، شینی راستی عاشوریان بینی، دشداشەیان لەبەرکرد. وەك عارەبان ماسیان بەئێسکەوە دەجوی. فێربوون، زۆر شت فێربوو، توربەی نوێژکردنیان هەڵدەگرتەوەو ماچیان دەکرد. گەرماو پێشکەیان بینی، بەگەرمای هاوین، بەگەرمای دارخورما، برینی کوڵکی بەغدایان لێهات. سەرداری ناسك، یەك کوڵکی بەکێمو سووی لەسەر کەپووی هات، زراوی دایکی چوو، ئەوەی دەهاتو دەیگووت، ئەو شوێنە ناسکە مەترسی هەیە، ئەوەی دەهات، دەرمانێکی میللی بۆ دەدۆزییەوە، ئەوەی دەهات، خەمێکی تری دەهاویشتە سەر خەمە زۆرەکانی دایکی.
" لەخۆم بێ کەسێ، ئەگەر لەلای خۆمان بووینایە، ئەو کوریژکەش توشی ئەو دەردە نەدەبوو، هەر زوو دایکم دەرمانێکی بۆ دەگرتەوە، هەندی سەد دکتۆری ئێرەی دەزانی، لێرە چۆن چاك دەبێتەوە. ئەو دەردە، تیراوەیە، ڕەگی هەیە، دەرمانی ئەو دەردە لەوێندەرێ هەیە".
کەپووی سەردارو چاوەروانیو بروانەکردنو ترسی دایکی، چاوەروانی گەرمای خورمایان دەکرد، خورما بەگەرما زەرد دەبێت، پێدەگات، لەگەڵ ئەو شیرینەی ناوی دەرمانو گەرماش بۆ لووتی ئەو دەهێنێت، ئەو گەرمایە فێنکی بۆ هەناوی دایکی ترساوی دەهێنێت. بەم گەرمایە ترسی نامینێ، بروا دەکات ئاوو هەوای ئەم دەڤەرەش دەرمانە، خورمای شیرین، حەبو کەبسولە، بۆیە وا خرە..!! لەگەڵ ئەو چاوەروانیە، ژانو فرمێسكو چاوەروانی بۆ ئەو دەهات. ئەوەی بەپەنجەیەك ئاماژەی بەلووتی کردبایە، ئەوەی ناوی کەپووی هێنابوایە، ئەگەر ماموستاش لەدەرسا باسی کەپووی کردبایە، سەردار بە بڕینی سەر کەپووی خۆی تێدەگەیشت. شەڕی دەکرد، دەگریا، لەبەژنی بەرزو زراڤی دارخورماکان دەپارایەوە، بچنە ناو یەك، ریزبن، دەست لەگەردەن بکەن، خۆیان بەرەو تیشکی خۆر هەڵکشێن، خۆیان لەبەر خۆرا هەڵخەن..!!! خۆیان زۆرتر بدەنە بەر هەتاو..! تا گەرما دابێت.

چیمان لەدارخورما بینی، هێشتا خورماکەمان لەگەرووی ئاوانەبووە، ناوکەکەی دەمانخنکێنێ...!! هێشتا بەسەعفەکانی دارخورما ئەستوورکێکی تەندوورمان نەبرژاند.! هێشتا، لەسێبەری دارخورمایەك، هێشتا دۆشاومان

نەخواردیتەوە. خورمامان لێناکەوێت. دارخورما لەئێمە ناکەوێت. نابینی، ئەوا کەپووی کوری گەورەم لەسەر دانا، نابینی، کورەکە شەوو رۆژ دەستی بەکەپوویەوە گرتووە. نابینی، گەرمای خورما چی لەئێمە کرد، چی بەسەر هێناین. بەمندالّی چەند قونێری لەملی هات، باکمان پێ نەبوو، هەموومان بەبنیشتو سابوون دەرکرد، هەموویان لووس بوون، هەموویان سپی بوون، هەموویان لەبیرچوون. ئەوەیان.....!! کەپوو ناسکە، کەپوو، بڕینەوەی لەدوایە..!! کەپووبڕین، مانای زۆرە.! کەپوو بڕین، ئەتکەئەتکی دارخورمایە، دارخورما بەئێمە وەنوسا، داری دارخورما لەبەژنی ئێمەدرا. لەژیانمدا نەمزانیوە، کەس قولّێن، کولّك، برینی لەسەر کەپووی بێت. وا بروات هەموومان گڕوو دەبین، نابینی ئەرزەکەیان هەر تەڕە، لەخۆرا تەڕ دەبێت، وشکبوونەوەی نییە..!! سەیرە ئەم خاکە، خەلّك لەداری کەسك، لەمێوەی شیرین نەخۆش بێت..!! بەدارخورما، بەخورمای تەڕو خۆش گڕو بێت. دایکیو مندالّەکە هەر دەترسان، هەتا ئەو رۆژەی دکتۆرەکە لەروومەتی خۆی شوێنی کۆنە کولّکی بەغدای پێ نیشاندان، گوتی:
سەیر کەن ئەوە لەمنیش هاتووە، خۆی دەروات، خورما بگات، خۆی هەلّدەوەرێت.

کەشەڕەکە لەچیاو دەشتو گوندو شارۆچکەکان گەرم دەبوو، کەدووبەرەکیو دەستی ولآتانی دەرەوە کەوتە ناو شۆڕشەکە، کەبوونە دوو بەشو شەڕی خوێناوی یەکتریانکرد، ئەوان مالّیان باشتر دانا، سۆبەو تەباخو دۆشەکیان زۆرتر کڕی. بۆ زستانێ شتیان وشکردەوە. زەخیرەیان دانا، ئەو لۆکەیان لەگوێیان دەرهێنا جارێکیتر بگەڕێنەوە. یان وا زوو بگەڕێنەوە. شەڕەکە ئاگردانەی لەزۆر شوێنو ولآتو دەزگا راخست، گەیشتە دەرەوە، چۆن ناگاتە خوارووی عێراق.!! چۆن ناگاتە مالّە کوردەکان...؟؟
بۆ سەردار ناتوانێ هەموو، یان زۆربەی رۆژو ساتە تالّەکان، دیمەنەکان ئاوارەیی، بگێڕیتەوە، بۆ ناتوانێ هەموو دیاردە شاراوەو پێویستەکان بێنێتە بەردەست. خۆ ئەوەندە ئالّۆزو نامۆ نییە..!!! بۆ ئەوانە ناکات.!

سالّی یەکەمی رۆژانەو بوونی ئەوان لەو جیهانە، بۆ ئەویش تازە بوو، هەر سەرسام بوو، هێشتا رێگا دوورەکەئەوانی تاساندبوو. سالّی یەکەم لەزمانەکە نەدەگەیشتن، بەدەستو چاو، بەرەنگو ئاکاری دەموچاو لەشتە تازەکان دەگەیشتن. سالّی یەکەم هەر خۆیان بەمێوان دەزانی، وایان دەزانی زوو دەگەڕێنەوە، خۆ مەفتەنی باپیریان نییە. ئیمرۆ سبەی دەچنەوە، ئەو هەموو وشەو ناوو کەلتووره قوولّەی ئەوان بۆ فێربن. سالّی یەکەم هەر هیچ فێرنەبوون. هەر ئەوەندە فێربوون، چاوەڕوانی لەمانگێكو هەفتەیەك درێژتر هەیە، چاوەڕوانیو گەرانەوە زۆر دەخایێنێت. چاوەڕوانی تالّە..!! بەچی رابگەن، دامەزراندنو ناسینی کۆمەلّێکی نامۆ بەوان ئاسان نییە.

"رەزا" بەختی هەبوو، خۆی ناوی رەزابوو، کورەکەی "عەلی" ناو بوو. ئەو دوو ناوە بۆ ئەوان پسولەی دەربازبوون بوو. ناوەکەیان، خانووی بەکرێ هەرزان دەدانێ. بەقەرزی سەرمانگ هەموو خواردنو خواردنەوەیان ئاسان بوو. سلآوی بەگەرمی لێدەکرا، رێزی تایبەتی هەبوو. ناوی رەزابوو، بەلآم عارەبیەکەی شرو زۆر خراپ بوو. رەزا دەبوایە بۆ هەموو کارێکی تایبەتی" کاك عوسمان" لەگەلّ خۆی ببات. ئەگەر ناوەکەی ئەویان نەبیستبایە ئەوە کارەکە بەجوانی دەڕۆیشت. رەزا خانوویەکی گەورەی سێ ژووری بەکرێ گرتبوو، حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، کە بە خالیدی ووت، زۆری لا خۆشبوو، جیرانەتی ئەویان لا خۆش بوو، خانووەکە حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، شوێنەکەی باش بوو، بەبێ دوو دلّی رازی بوون. خالید، رەزای خۆشدەویست، زۆر ئامۆژگاری دەرکرد، واز لەموراسیلی بێنێ، ئەویش بەپێکەنینەوە وەلآمی دەدایەوە:

کورە، خالید، بەراستی من وەکوو تۆو تەها خۆشناوو حەمەسالحو ئەحمەد فاتم، غیرەتی ئەوەم نییە بەگەلّ یونس قارەمان بکەوم، بەراستی ئەوەی ئەو دەیکات، غیرەتی دەوێت. راوە فیرارو راوە یاخی زەحمەتە..!! لەناو ئەو زەلکاوو گۆمو لەناو ئەو دارخورمایانە زەحمەتە، پیاوی دەوێت. ئەوانە دەلّێن ماسین، مارماسین، تارماین..!! وەك قەدی دارخورمایەکان باریکن، لەبەر چاوان گوم دەبن.
"پیلآو بۆیاخکردن، هەموو رۆژێ مردنێکە، عەیبە..!! ئەوە ئیشی کوردان نییە..!! دەلّێن جارجار جلیشی بۆ دەشۆیت..!!!!!" رەزا بەپێکەنینەکەی سوورهەلّدەگرا، بەقسەکانی ئەو تووره نەدەبوو، ئەویش ئەوی پێ شێت بوو، بۆ کێ دەیکەن...؟؟ چارەنووستان لەچارەنووسی حەمە نەجم باشتر نابێ..!! رەزا ئیشی رۆژانەی لەمەرکەز ئاسانبوو، کەمامور مەرکەز سیدارەکەی لەسەردەکردو دەرگاکەی دادەخست، ئەویش لەدوای ئەو ملی رێگای مالّەوەی دەگرتەبەر. لەمالّەوە، بەدەست " عەلی " کوری لەجەهەنەما بوو، هەموو خۆشیەکەی رۆژانەی بەرسێبەرو ئاوی ساردی لەکونی لووتی دەهاتەوە. سەد خۆزگەی بەبرادەرانی دەخواست، ئەوان رۆژانە دووجار حەراسەتیان بەردەکەوت،

دوو سەعات بەیانیەکەی‌و دوو سەعات ئێوارەکەی، ئەگەر شەوانیش بوانە، ئەوە دەمانەوەو ئەوەش بەنۆرە بوو، ئەوان تفەنگیان لەمل‌و لەدەستبوو، ئەو شەش سەعات زۆرتر، ماوەی زۆرتر، عەلی لەئامێزبوو، لەملی دەرکرد، جۆلانەی بۆ هەڵدەبەستا، بەردەرگاو بەر کۆڵانی پێدەکرد. دەیهەژاند، لایلایەی وەك ژنان بۆ دەرکرد، تووڕە دەبوو، کەزانی لێدان‌و فرێدان‌و نوقرچەو چاوسۆرکردنەوە دادی نادات، وازی لەوە هێنا. دەستی نازی بەسەردا هێنا، هەرچی دەرکرد سوودی نەبوو، دکتۆرو داوو دەرمان‌و نوشتەی چاك‌و پیرو پیرەژنان‌و هەژاندنی قەفەسی ئیمامەکان دادی نەدا. عەلی تاقانەو نۆبەرەو قاقۆل زەردەکەیان، کەعەسر دادەهات، کە گەرماکەی دەرەوە نەدەماو هەوایەکی فێنك دەهات، کەشەپۆلی مەندی زێیەکەی نزیکیان سەمای بەماسی نەرم ناسك‌و نازدارەکان دەکرد. عەلی زیرەی دەگرت، عەلی نە سەعاتێك‌و نە دووان‌و نە سێ سەعات، دەگریاو دەگریا، دەنوزایەوە، دەرمان‌و شڕوبیان لەقووڕگی دەکرد، ئەویش هەمووی تف دەکردەوە، لەباوەشیان دەکەوتە سەرپشت، خۆی چیر دەکرد، قاچەکانی ڕەق دەرکرد، دەستی دەوەشاند، دەگریاو دەگریا، دایك، دەیدایەوە باوکی. ئەو منداڵە گریاوە، لەلای کەس ژیر نەدەبوو، بەکەس ڕانەدەوەستا، لەباوەشی دایکی داوای باوەشی باوکی دەکرد. لەناو لەیلوکەکەی داوای دەرەوەی دەکرد، لەژوورەوە بۆ دەرەوە گڕناگەی دەگرت. هەر دەگریا، ماندوو نەدەبوو، فرمێسکی چاوانی بنی نەدەهات. ئاوی نەدەخواردەوە، زادەی لەگەرووی ئاودیو نەدەبوو. حەجمانی نەبوو.

یەك دوو ڕۆژی یەکەمی بوونیان بەکرێچی لەگەڵیان مەسەلەکە ئاسایی بووە، کەگریانەکە درێژەی خایاند، کەجۆگەی ئاوی چاوانی عەلی وەستانی نەبوو، ئەوانیش وەك ڕەزاو ژنەکەی ژیانیان لێبووە جەهەنەم. منداڵێك ڕۆژانە لەپاش عەسرەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ، کاتی فێنکی ئێواران دەگریاو دەگریا. هەموویان کاتی دەستپێکردنیان دەزانی، هەموویان دەیانزانی کەی عەلی ئێوارە گریانەکەی دەست پێدەکات. کاتەکە دیاربوو، دواکەوتنی نەبوو، قورمیش کرابوو، سەعات بوو، دانرابۆوە. هەردوو ماڵ، هەردوو خێزان، خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکرد. هەردوو سوپا، هەردوو گەڕەك، ئەوبەرو ئەوبەر، خۆیان تەیار دەدا. نانیان دەخوارد، جێگەو بارگەیان ڕێکدەخست، شەربەکەیان پڕئاو دەکرد، نوێژیان دەکرد، ڕەزا دەهاتەوە، خالید ماوەی حەراسەتەکەی خستبوو ئەو دەمانە، سەردارو هوشیار، بەفێڵی خافڵاندنی خوشکیان دەچونە دەرەوە، دوور دەکەوتنەوە، دەڕۆیشتن، دوور دەڕۆیشتن، تا ئەو دەڤەرەی گریانی عەلی نەدەگەیشتێ. ماڵەکەیان لێ تاڵ ببوو، لەوەتی هاتونەتە ئەو شارە خانووی وا فەراح‌و گەورەو حەوشە گەورەو خاوێنیان نەگرتبوو، خالید لەخۆشی ئەو حەوش‌و بانە بووە جیرانی ڕەزای مراسیل، ئەگەرنا ئەو ئەوەندە...... وا ئەو حەوشەو بەربەلوعەیان لێ حەرامبووە. دەرگاکەیان لێ بویتە دەرگای زیندان. سەریان هەڵدەکێشاو بزانن هێشتا عەلی هەر دەگریێت، عەلی هێشتا بەری نەداوە، نە دکتۆرو نەجیرانەکان کەس سەری لەوە دەرنەدەچوو، عەلی بۆ هەموو ئێواران تا شەوێکی درەنگ هەر دەگریێت...؟؟!! کەس نەیدەزانی ئەو منداڵە تەمەن لەسەرووی ساڵ‌و نیوە چی دەوێت..! بۆچی وا دەکات.! نهێنی گریانی ئەو منداڵە زۆر سەیرو جێگای سەرسورمان بوو، دەگریاو دەرمانەکەی نەدەزاندرا، دەگریاو شارۆچکەکەی هێنابووە هەژان، کۆڵان‌و نەخۆشخانەو دوکاندارەکان ئەوەیان دەزانی عەلی منداڵە کوردەکە، ئێواران دەگرییێت‌و کڕبوونەوەی نییە..! ئاوی ئاساییان نەدەدایێ، ئاوێکی ناوشوشەیان دەدایێ، لەسەری نوسرابوو، ئاوی غەریبی، ئەو ئاوە دوا چارەی نەخۆشیەکەی ئەو بوو، ئەو ئاوە ئێواران سەرە قەپاغێکی بەسەر زاری وەدەکرا، ئەو ئاوەشی وەرنەدەگرت، تفی دەکردەوە، یەکێك لوتی دەگرت‌و ئەوی تر زاری بەشدەکردەوە، لەناو دەمیان دەکرد، ئەوو ئەوان بەهیلاك دەچوون، تا ئەو منداڵە بنپیاڵەیەکی لەئاوی غەریبی دەخواردەوە، هەر جارێك بەمردنێك هەبوو. ئەو ئاوەش دادی نەدا، ئاوی غەریبی هارتری دەکرد، کەئاوەکەیان لەگەرووی دەکرد، سەردارو هوشیارو خوشکەکەیان دوورتر دەکەوتنەوە، خالید واجبەکەی درێژتر دەکرد. کەئەو دەگریا نانخواردن‌و سەرشوشتن‌و... هەموو ئیشەکان دوادەخران..!! هەموو داواکان ڕەتدەکرایەوە..!! هەموو تەماشای ئەو بەستەزمانەیان دەکرد، هەموو تووڕە دەبوون.! هەموو ماڵیان لێ دەبووە جەهەنەم.! هەموو پێکەوە دەکەوتنە خۆ...!! هەر کەسە ئیشی خۆی دەبینی ئەوەی ئاوی غەریبی دەهێنا، ئەوەی شەقشەقەی بۆ دەهەژاند، ئەوەی بانگی دەکرد، ئەوەی تر دەردەپەرییە دەرەوە. ئەو منداڵە بەرۆژ، بەیانیەکەی تا عەسرێ هیچ بەڵای لێنەبوو، لەو حەوشەو ماڵە وەك سویسکەو فەرەقەتێ دەسوڕایەوە، کەئێوارە دادەهات زیرەی دەگرت.! پاش دوو سێ سەعات کفت دەبوو، دەبورایەوە، لەسەر دەم دەکەوت. بەڵام بۆ ئەوان هەمان بەزم بوو، هیچ لەمەسەلەکە نەدەگۆڕا. ئەو خەوی لێکەوتووە، عەلی خەوی لێکەوتووە، ماڵەکە کش‌و مات، نەدەبوا کەس بجولێتەوە کەس دەنگی نێت، هەموو بێدەنگ، تەقەی هیچ نێت، هەتا ئەو دەگریا، هەموو سەرسام‌و ئەبڵەق دەبوون، کەماوەی گریانەکەشی تەواو دەبوو نۆرەی نوستنی دەهات، دەبوایە هەموو لەگەڵ عەلی بخەون، بەخشپەیەك، بەچرپەیەك، بەخشەیەك، بەجولەیەك، بەئاگادەهاتەوە، سەرلەنوێ دەگریایەوە، هەموو لەوە ڕاهاتبوون، دەبوایە خۆیان

سربکەن، بنون، بمرن، هەناسە کەمەتر بدەنەوە، کەعەلی دەنوست، رادیۆیەکەش خەوی لێدەکەوت. با، تۆوی نێری بۆ کۆشی مێی دارخورماکان نەدەبرد. تەمەن رادەوەستا، بەژن باڵای رادەگرت، چونە ئاودەستو.. هیچ نەدەما.
ئەو بەزمە چەند هەفتەی خایاند. رەزا مۆڵەتی هەفتەیەکی وەرگرت، گەڕایەوە هەولێر، کەگەڕانەوە عەلی گریانەکەی نەمابوو، عەلییەکی تربوو. دایکی گوتی:
لەو دەمەی سواربوینو گەیشتینو مایەنەوەو مێوانداریکراین نوزەی نەکرد. رۆژی یەکەم بینیم لەبن دیوارێك تەنیا خۆی مات کردبوو، بینیم ورد ورد خۆلی بەنینۆکی هەڵدەقەناندو لەدەمی دەکرد، منیش دیقەتم دایێ، لەسەر سەری راوەستام، چاك خافڵابوو، ئاگای لەکەس نەبوو، ورد ورد ورگی پر خۆڵە نەرمەکەی بن دیواری دەکرد، خۆڵە سوورەکە بەئاوی باران نەرم ببوو، بەنینۆکی ئەو جوان دادەوەشا، ئەویش کەڵپ کەڵپ لەدەمی دەنا، نەرم نەرم دەیجویی، تامی لێوەردەگرت. دایکی دەیگێڕایەوە، عەلی ئەو خۆڵە تەڕەی لێ بووە دەرمان، ئەو خۆڵەی لێکەوت. گریانی نەما، کەخۆڵەکەی خوارد گریانی نەما، دیارە بۆ خۆڵ خواردن دەگریا..!
بەختیاریش کەتەمەنی گەیشتە سەرووی ساڵێك هەمان گریانی گرت، ئەویش وەك عەلی گریا، ئێواران چەند سەعاتێك دەگریا. کەزانیان دکتۆرو دەرمانو ئاوی غەریبی دادی نەدا. کەزانیان هەمان ژانی عەلی هەیە، گەڕانەوە. ئەوە سێ ساڵە چاوەڕوانی ئەو گریانەیان دەکرد، کەزمانی عەرەبی فێربوون، کەرەشهەڵگەران، کەبەختیاری تەمەنی گەیشتە یەك ساڵ هەستیکرد، دەبێ ئەو بگرێت تا بچنەوە، بگەڕێنەوە، ئەوان وا بەئاسانی ناگەڕێنەوە، شەڕەکە درێژ دەخایێنێ، وا کوردانی ناو شاخەکان هاتنە خوارێ، وا ئەوان دابەزین. کەزانیان گریانەکەی بەختیار درێژ دەخایێنێت، سواربوون، بەبێ دوودڵی، کەلوپەلەکانیان پێچایەوە، گەڕانەوە هەولێر.

تەواوبوو.

©Kurdistan Net